
سەرچاوە
Serchawe



# پێرست


١- هەرێمی کوردستان لە جەنگی نێوان ئەمەریکا و ئێران دا ........................................ ٤

٢- مەزهەری خالقی قەقنەسێک بەسەر ئاویەرەوە ........................................ ١١

٣- بەهەشتی ئەوروپا و جەهەننەمی ئەفەریقیا ........................................ ١٧

٤- کورد لەناو هاوکێشەکانی سودان و جەزائیردا ........................................ ٢٢

٥- باکوری کوردستان پاش پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ........................................ ٢٦

٦- دکتۆراکەی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتیش-ە ........................................ ٣١

٧- ماڵی مام ........................................ ٣٦

٨- ڕۆڵی هەڤاڵ مام جەلال لە بنیادنانی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستاندا ........................................ ٤٠

٩- هەوڵەکانی ئازادکردنی ئۆجەلان ........................................ ٤٣

١٠- پلانی (B) ........................................ ٤٦

١١- یەکێتی و ئەزمونی ئیرادە ........................................ ٤٩

١٢- پارتی بۆ کەرکوک و ڕێککەوتنەکە ئامادەیە؟ ........................................ ٥١

١٣- یۆتۆپیای دەرچوون لە زەبر و زەنگ ........................................ ٥٣

١٤- هەرێمی کوردستان لە نێوان واشنتۆن و تاران دا ........................................ ٥٧

١٥- قۆناغی پۆست نێچیرڤان بارزانی ململانێی باڵی بازەکان ........................................ ٦٠
١٦- سازشی سەری ڕەش و دەباشان ........................................................................ ٧١
١٧- حکومەتی نوێی هەرێم ناتوانێت لە دوو ساڵ زیاتر بەردەوامبێت و شکستدەهێنێت .......................... ٧٣
١٨- بۆ زەماوەندی سەرکەوتن ئامادەبن ................................................................... ٧٨
١٩- خەلات بۆ دۆست و مامۆستایەک ...................................................................... ٨٤
٢١- پارادۆکسی شۆڕشگێڕ و تیرۆریست لای ئەمریکا ...................................................... ٨٦
٢٢- مێژووی کۆمەڵەو ڕۆژهەلاتییەکان ..................................................................... ٨٩
٢٣- سانسۆر و تیرۆر ..................................................................................... ٩٢
٢٤- کامە سەربەخۆیی...؟ ................................................................................ ٩٦
٢٥- داعش دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبییە؟ ................................................................ ٩٨
٢٦- ووتوێژی "گۆڤاری والاپریس" لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری(سێ بەش) .................................... ١٠١
٢٦- بارزانی کوڕ، چاو لە بارزانی باوک بکات...؟! ........................................................ ١٥٠
٢٧- لای نەقیبی ڕۆژنامەنووسان هێشتا خۆنیشاندان چەمکی سەردەمی بەعسی هەیە .......................... ١٥٣
٢٨- ئەنتی فەندەمێنتاڵ و داعش و ماسککراوەکانیان...؟! .................................................... ١٦٠
٢٩- عەبدوڵلا حەسەنزادە: هەموو ئەو ڕاپەڕینانە لەکاتی گونجاوی خۆیان دا دەستیان پێکردوە ............. ١٦٤

## هەرێمی کوردستان لە جەنگی نێوان ئەمەریکا و ئێران دا

دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی (٢٠١١) جارێکی دیکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا شەبەحێک و تارمایییەک وەکو مارکس وتی «بەسەر ئەوروپاوە دەبینن، بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا دێت و دەچێت»، کە شەبەحێکە ئەمەریکا بە پلەی یەکەم نوێنەرایەتی دەکات، لە دوای سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران لە دوو خولی ڕابردوودا، هاتنی هێزگەلێکی زۆری سوپای ئەمەریکا بۆ سنورەکانی هەرێمی کوردستان و بێجی، کفری، موسڵ و کەیوان لە کەرکوک ئاوەکانی کەنداوو لە سعودیە و قەتەر و ئیمارات، ڕەوانەکردنی کەشتیگەلی زەبەلاح (B52 و F35) سیستمی پاتریۆت هەموو ئەوانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە پێدەچێت ململانێیەکی توند لە نێوان واشنتۆن و تاران دەست پێبکات، دوای خولی دووەمی گەمارۆکانی واشنتۆن بۆ سەر تاران، ئەمەریکا لە (١٤) خاڵدا داوایکردوە، پێویستە ئێران ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات، (دەست هەڵگرتن لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی، کۆتاییهێنان بە فراوانکردنی مەودای موشەکە دوورهاوێژەکانی، پاراستنی ئەمنیەتی ئیسرائیل، کشانەوەی ئێران لە یەمەن کە پشتیوانی لە حوسییەکان دەکات، کۆتایی هێنان بە دەستێوەردانی لە عێراق و پشتیوانیکردن لە شیعەکان، پاشەکشەی سوپای پاسداران لە سوریا، دەست هەڵگرتن لە پشتیوانی حەماس و جیهاد لە فەلەستین دژی ئیسرائیل و کۆتاییهاتن بە پشتیوانی لە حیزبوڵلا لە باشووری لوبنان). لە بەرامبەر ئەوانەدا وا پێدەچێت ئەمەریکا گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی ئێران هیچ یەکێک لە خاڵەکانی جێبەجێ نەکردوە، و ئامادەنییە ئەم داوایانەی جێبەجێ بکات، چونکە خاڵی ستراتیژی، سەربازی و هەیمەنەی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، قوڵایی ئەمنی قەومی و ستراتیژی ئێرانن، بۆیە پێ ناچێت سزاکانیش ئەو ڕۆڵەیان هەبێت، بەتایبەت لەدوای سەپاندنی سزا ئابوورییەکانی ئەمەریکا و بەشێک لە یەکێتیی ئەورووپا. بینیمان نرخی بەهای تمەنی ئێرانی بەرز بووەوە لەچاو ئەوەی کە داببەزێت بە پێچەوانەی گەڕی یەکەم کە بەهای تمەن بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە بینی و لە چەند مانگی ڕابردوودا سەقامگیریی و ئارامییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەمەریکای نیگەران کردبێت، لە بەرامبەدا ئەو وڵاتانەی کە باسمان کرد بە تایبەت وڵاتە سنوورییەکانی ئێران، هەرێمی کوردستان، عێراق و هەندێک لە وڵاتانی ئەفغانستانیش دەروازەی سنووری فراوانیان هەیە بەردەوام ئەو پەیوەندییە

ئابووریانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ نمونە هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ١٢٠٠کم سنوری وشکانیان هەیە لە گەڵ ئێراندا و توانیویانە ببێت بە سەرچاوەی داهاتێکی باش و گەمارۆکان جێبەجێ نەکرێت بەتایبەتی فرۆشتنی نەوت.

لە ڕاستیدا ئەم گرفتانە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و دووجار سەردانی مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مەسجی پۆمپیۆ نامەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، تەنانەت بۆ تورکیا، ئوردن، میسر و بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە ئەوەبوە کە ئایا لەگەڵ ئێمەن یاخود لە گەڵ ئێمەدا نین، بەو مانایەی کە لە گەڵ ئێمەن یان ئێران، گەیشتووەتە ئەو ڕادەیە، بۆ زانیاری زیاتر ئەو هەوڵانەی ئەمەریکا وایکرد کە کۆبوونەوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە (١٤ - ١)ی ڕابردوودا کە خۆیان لە پشتی مێزەکانەوە ئامادەبوون حکومەتی هەرێمی کوردستان زوو پێک بێت و فشاریان خستبوە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی کە حکومەت زوو پێکبهێنرێت و هاوکات هاتنی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران بەیەکەوە نیشتنەوەی فڕۆکەکانیان لە فڕۆکەخانەی هەولێر لە وەرزی ڕابردوودا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هاتنی پۆمپیۆ و ئەو فشارانەیە کە ئەمەریکا و ئەورووپا لەسەر هەرێمی کوردستان دروستیان کردووە، بێگومان هەرێمی کوردستان خاڵێکی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژی گرنگە لە ململانێکانی ئەمەریکا و ئێران، کە گرنگە لەم ڕووداوانەدا نەبێتە قووربانی، بەبۆچوونی شەخسی خۆم، پێم وانییە هەموو کاتێک یەکێتی و پارتی یان حکومەتی هەرێمی کوردستان ملبدەن بە سیاسەتی ئەمەریکا و سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا و چیان پێخۆش بوو ئەوەیان بە گوێ بکەن، بۆ نمونە لە ئەگەری شەڕی داهاتوودا کە شەڕێک لە ناوچەکەدا ئەمەریکا هەڵیدەگیرسێنێت لەگەڵ ئێراندا، مەرج نییە هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا بکات. دەکرێت جارێک پێی بڵێ نەخێر و لەگەڵ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبێت، بەو هۆکارەی کە ئێران جگە لەو سنورەی کە هەیەتی، لە ڕاستیدا زۆرجار پشتیوانی هەرێمی کوردستانی کردووە و دەوڵەتێکە لە ناوچەکەدا حزوری کاریگەری سیاسی و ئابووری بوونی هەیە، ئێمە یەک گرفتمان هەیە لەگەڵ ئێران ئەو گرفتەش پەیوەندی هەیە بەوەی کە هاونیشتیمانییەکانی ئێمە لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندان، گەر مامەڵەی ئێران لەگەڵ ئەوانەدا باش بێت، ڕەنگە کەمترین گرفت لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێراندا هەبێت، بەڵام لە (١٠٠)ساڵی ڕابردوو لە دوای ڕێککەوتننامەی سایکس - بیکۆوە لە هەر شوێنێک گەلی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان کە توشی شکست بوون بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیای تێدا بوە، لە دروستبوونی حکومەتەکەی شێخ

مەحمودەوە هەتا قازی محەمەد، گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕاپەڕین و ڕیفراندۆم لە کامەیاندا ئەمەریکا بەتەنها دەستێوەردانی نەکردوە؟ پشتی لەکورد نەکردوە؟ بۆ نموونە لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود، لەبیستەکان و دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەتەنها ئێران و تورکیا نەبوون، ئەوە ئینگلیزەکان بوون هاتن حکومەتی شێخ مەحمودیان کۆتایی پێهێنا، حکومەتی قازی محەمەد لە دەرئەنجامی هاتنی هێزەکانی فاشی و هێزەکانی نازی ئەڵمانیا و دواتر ڕێککەوتنی نێوان ئینگلیزەکان و ڕووسەکان و ئەمەریکییەکان حکومەتەکەی قازی محەمەد لەناوچوو، لە چلەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، لە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا ئەمەریکا، ئیسرائیل، هۆڵەندا، ڕووسیا و یۆنان بوون عەبدوڵلا ئۆجەلانیان ڕادەستی تورکیا کرد، بە بەرچاوی ئەمەریکا و ئەوروپاوەیە ئەندام پەرلەمانەکانی (HDP) دەگیرێن، بەبۆچوونی من دەبێت لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە کێشەکانمان بەتەواوتی نەمێنێت چ لە گەڵ تورکیا، ئێران و عێراق ئەمانە سنوری هەرێمی کوردستانیان پێکهێناوە و ئابووری و ئاڵوگۆڕمان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدایە، دەتوانن کێشەی زۆرتر دروست بکەن، من پێم وایە واشنتۆن نەک لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەگەڵ بەشێکی زۆری وڵاتانی ناوچەکە دۆستایەتی و پشتیوانیان جدی نییە تەنها بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی مامەڵە دەکات و تێڕوانینی ئابوریانەی هەیە نەک سیاسی.

ئەگەرچی زۆر ڕاستە، پەیوەندییە ئابوورییەکان لە نێوان تاران و بەغداد یان لە نێوان هەولێر و تاران، لەژێر کاریگەری و هەیمەنەی پەیوەندییە سیاسییەکانن. ئەوە واقیعیەتە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەت حوکم دەکات و زاڵە، ئەمەش پێچەوانەی بەشێک لە ئەمەریکا و ئەوروپایە کە ئابووری ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. بێگومان هاتنی زەریفی، ئەوەندەی پەیوەندی بەو ڕووداوگەلەوە هەیە کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، ئەوەندە پەیوەندی بە ئابوورییەوە نەبوو. بە بڕوای من ئەو کۆڕبەندە ئابوورییانەی لە هەرێم و عێراق و ناوچەکەدا دەبەسترێن بیانویەکن بۆ ڕووداوە سیاسییەکان، ئەگەرنا چەند مانگ لەمەوپێش بۆچی ڕووینەدا؟ جەواد زەریفی بە میدیاکانی ئێرانی ڕاگەیاندبوو « کە هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە ئێران دەکات « هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی ڕاینەگەیاندووە، پێم وایە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران گرنگە و ئێران دەیەوێت ئەگەر پشتیوانی ئێرانیش نەبێت، لەو ململانێی کە هەیانە، پشتیوانی کردنی ئەمەریکا وەکو ئێران خۆی دەڵێت ئیسرائیل و یەکێتی ئەوروپا نەبێت. قسەکە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان ناتوانێت نێوەندگیری بکات لەو نێوانەدا، لە هەمان کاتدا ناتوانێت بێلایەن بێت، سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا و ئێران ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکە نەیتوانیوە بێلایەن بێت. ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و پێویستی بە هاوکاری هەردوولا هەیە، بەڵام بەوڕووداوانەی کە لە مێژوودا و

چەند ساڵی ڕابردوو ڕوویداوە، ئێمە دەتوانین چی بکەین؟، هەرێمی کوردستان بە بێ گەرەنتی و زەمانەتێک لە هەرکامیان، حەق نییە پشتیوانی لەهیچکامیان بکات، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەم واقیعیەتە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەهاری (١٩٩١) و لە ڕاپەڕیندا ڕێگای بۆ هێزەکانی عێراق خۆش کرد و سەرکوتی خەڵکی کوردستانیان کرد، و دواجار لە (٢٠٠٣) دۆخێکی گونجاو هاتە ئاراوەو دەرفەتی سەربەخۆیی بە هەرێمی کوردستان نەدا و ڕێگای نەدا ناوچە جێناکۆکەکان بگەڕێتەوە سەر کوردستان، هەروەها لە دووەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆمار بۆ جەنابی مام جەلال، ئەمەریکا گوشاری خستە سەر یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێویستە ئەیاد عەلاوی ببێت بە سەرۆک کۆماری عێراق، ئەگەر ئێرانییەکان و هەوڵی جەنابی مسعود بارزانی نەبوایە، بەڕای من لەو خولەدا پۆستی سەرۆک کۆمار، لەژێر گوشاری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تورکیا، دەدرا بە سوننەکان و عەلاوی. ئێران ڕاستەوخۆ ڕایگەیاند « کە ئەوە پشکی کوردە »، لە هەموو سەردەمەکانی پێشووی حکومەتی عێراقی، ئێران ڕۆڵی سەرەکی بووە لە پشتیوانیکردنی کورد و لە ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە، ڕاستە وڵاتانی ئێران و تورکیا نەیاری هەرێمی کوردستانن و پێیان خۆش نییە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە بڕوات و ببێت بە دەوڵەت، بەڵام قسەکە ئەوەیە ئەمەریکا تەنیا چاو لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، لە ڕۆژئاوای کوردستان هێزەکانی سوریای دیموکرات و شەڕڤانانی (پەیەدە) لە بەرامبەر شەڕی داعش دەیان هەزار قوربانیان داوە، ئێستاش ئەمەریکا دەیەوێت پاشەکشێ بە هێزەکانی بکات، کشانەوەی ئەمەریکا لە سوریا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کارتێک دەدەن بە تورکیا و ڕوسیا، کە سوریا بۆخۆیان بێت، ئەمەریکا دەکشێتەوە لەبەرئەوەی تورکیا و ڕووسیا پشتیوانی لێبکەن و گوشارەکانیان بۆ سەر ئێران بکەن یان ئەوەی بێدەنگ بن!

بۆ نموونە ئەمەریکا لە دۆسیەی ڕۆژنامەنووسی سعودیە، جەمال خاشقچی، لە گەڵ سعودیە سازشی کرد، ڕازیکردنی تورکیا بە پاشەکشێ لە سوریا و جێهێشتنی کوردەکان لە پێناوی چی؟ لە گواستنەوەی باڵوێزخانەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس لە پێناوی چی؟ لە ماوەی (٤٠) ساڵ کە ناکۆکییەکی گەورەیان هەیە لە گەڵ کۆریای باکوور خەریکی سازشە لەپای چی؟ ئەمانە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە ململانێکانی لەگەڵ ئێرانەوە هەیە، چاوپۆشی واشنتۆن و ئەوروپا لە پێشێکاری مافی مرۆڤ، بێ مافی ژنان، نەبوونی ئازادی سیاسی و میدیایی، حیزبی لە سعودییە بۆچییە؟ چاوپۆشیکردنی لە سیاسەتەکانی قەتەر لە گروپە فەندەمێنتاڵ و ئیخوان موسلمین لە میسر و تورکیا خۆشکردنی ئاگری شەڕ لە لیبیا و یەمەن بە خاتری چییە؟ ئەمەش دوالیزمێکە. مۆڕاڵ تێیدا غائیبە، لە هەرێمی کوردستان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەکاتی ڕیفراندۆم کورد جێدەهێڵێت و

دەڵێت ئەگەر بە قسەی من نەکەن من واز دێنم و ڕێگا دەدات بە حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراقی هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و سوکایەتی بە خەڵکەکەی بکات، کەواتە چۆن دەتوانێت پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان بکات؟. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە مەکسیکەوە تا سۆماڵ، لە پاکستانەوە تا ئەندەنوسیا، لە هیچ شوێنێک پشتیوانییەکی جدی نەکردووە جگە لە ئیسرائیل و تەنیا دوای بەرژەوەندییەکانی خۆی کەوتووە. ئەگەر ئەمەریکا پەیامێکی جدی هەیە، یان گەرەنتی و زەمانەتێکی پێیە بۆ خەڵکی کوردستان نەبنە قوربانی لەم ململانێیانە، با هەرێمی کوردستان پشتیوانی لێبکات، بەڵام بەڕای من نایکات و نەیکردووە، ئەمەریکا هەرێمی کوردستان وەکو بنکەیەکی خۆی دەبینێت بۆ مەرامەکانی و بەرژەوەندییەکانی، گەر واشنتۆن، هەرێم بە هاوبەشی خۆی دەزانێت بۆچی ئەو مەترسیانە نابینێت کە لە دەرئەنجامی ئەو شەڕە بەرۆکی هەرێم دەگرێت؟ بۆچی سیستمی پاتریۆت لە زۆربەی ناوچەکە دادەنێت. بەڵام لە هەرێم پاتریۆتی نییە بەڵام ئەمەریکا پێیوایە هەرشتێک بڵێت دەبێت جێبەجێ بکرێت. بەڕای من لەمەودوا، مەرج نییە هەرێمی کوردستان هەموو سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێبەجێ بکات، پێم وایە لە خراپترین حاڵەتدا ئەوەی کە لە چەند ساڵی پێشوو و دوای ڕیفراندۆم بەسەرمان هات، ڕوودەدات. کەواتە بۆچی ئەمەریکا لە ساڵی (١٩٩٣) پشتیوانی لە جیابوونەوەی ئەریتریا کە سیستمێکی تۆتالیتارە لە ئەسیۆپیا دەکات؟ لەبەرئەوەی بەشێکی لە جێگە و نفوزی ئیسرائیلە، بۆچی پشتیوانی لە جیابوونەوەی باشوری سودان لە سودان دەکات؟ لەبەرئەوەی کە مەسیحین، بۆچی پشتیوانی لە جیابوونەوەی وڵاتانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو بۆ سەر هەر یەکێک لە (کرواتیا و مۆنتینگرۆ) دەکات لە سربیا؟ لەبەرئەوەی کە جێگە و پێگەی هەیە بۆ گوشار خستنە سەر ڕوسیا؟ بەڵام زیاتر لە (٢٨) ساڵە ناتوانێت زەمانەتی تەنیا فیدراڵی بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بدات. بە بڕوای من ئێستا ئەمەریکا لەم ململانێیانە پێویستی بە بنکە سەربازییەکان و سنوورەکانیەتی، پێویستی بەوەیە کە گوشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نەوت هەناردەی ئێران نەکات، لە بەرامبەردا زەمانەت و ئاڵتەرناتیڤی ئەمەریکا چییە بۆ هەرێمی کوردستان؟ یان چی دەکات لە بەرامبەر ئەو بارودۆخەی کە لە داهاتوودا بەسەر کوردستاندا دێت؟. لە یاد نەکەین کە سوریا نموونەی ڕاستەقینەی دەستێوەردانی ئەمەریکا، ڕوسیا، تورکیا و ئەورووپایە، زیاتر لە (٥٠٠) هەزار کەس لە خەڵکی سوریا بوونەتە قوربانی و ئێستا ڕژێمی بەشار ئەسەد دێننەوە سەر حاکمییەت. لە تورکیا دەیان هەزار کەس دەستبەسەرکراون و سەدان کەس بەهۆی ڕژێمی ئەردۆگان لەسەر کار لابراون، بەڵام ئەمەریکا هیچ هەڵوێستێکی نییە. کەواتە هەڵوێستی بەرامبەر بە تورکیا و ئێران جیاوازە. هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا، ئەمەریکا دۆسییەی خاشقچی گەیاندبووە لوتکە، بەڵام کاتێک کە زانی سعودیە بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت، لەسەر کەیسەکە بێدەنگ بوو و چاوپۆشی لێکرد. لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی،

بە هۆی دەستێوەردان و ماڵوێرانی ئەمەریکا و ئەورووپا، جگە لە خەڵکی وڵاتانی بەشمەینەتی عەرەبی، کێ زەرەرمەند بوو؟ لیبیایان بۆ داعش بەجێهێشت، نەیجرییا بۆ بۆکوحەرام و سۆماڵیان بەجێهێشت بۆ حەرەکەی شەبابی ئیسلامی فەندەمێنتاڵ، یان بارودۆخی میسر و یەمەن کە بە سەدان هەزار کەس بوونە قوربانی. بە ڕای من ئەمەریکا و ئەورووپا لە هەموو نەهامەتییەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشدارن و چاوپۆشی لێدەکەن و پێیانوایە ئەگەر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شەڕ و ململانێ هەبێت ئەوان دەتوانن بەرژەوەندییەکانیان باشتر بقۆزنەوە، سەرمایەگوزاری باشتری تێدا بکەن و نەوتی ناوچەکە بەرن و چەک و چۆڵی سەربازی زۆرتر بفرۆشن.

ئەم ڕووداوانەی کە دێنە پێشەوە و پۆمپیۆ کە وتویەتی «لەگەڵ ئێمەن یان نا» ، پێم وایە هەرێمی کوردستان وا باشە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵێت نەخێر، یان لە بەرامبەر چیدا، کام پشتیوانی و کام دڵنیایی کە دەیدات بە هەرێمی کوردستان، لە ڕووی مێژوویی و سنوری جوگرافی و سیاسی و ئابوورییەوە، لە ڕووی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان دابەشکراوە، من پێم وایە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران باش بکەین، هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەیە کێشە و قەیرانەکانی لەگەڵ تاران و ئەنقەرە و وڵاتانی ناوچەکە سفر بکاتەوە، پێویست نییە ببێت بەشێک لەو سیناریۆییانەی کە ئەمەریکا لە ناوچەکەدا دەیخوڵقێنێت، پێویستە ئێران لەم نییەت باشییەی هەرێمی کوردستان تێبگات و گرەنتی بدات بە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکان ئاسایی بکاتەوە و پشتیوانی زیاتر لە هەرێمی کوردستان بکات وەکو دۆستێک مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، نەک وەکو نەیارێک، بتوانێت ئەو بارودۆخە سیاسییەی و جیۆپۆلیتکیەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی لە ناوچەکەدا، ئێران بتوانێت هەستی پێبکات و بە ڕەسمی بیناسێنێت وەکو مەترسی نەیبینێت لەسەر ئێران، ئێران بە بۆچوونی من دەیتوانی هەرێمی کوردستانیش بکات بە دۆستە زۆر نزیکەکانی خۆی هەروەکو ئەوەی کە لەناوچەکەدا کردوویەتی، بەڵام بەداخەوە نەیکردووە یان ململانێی کردووە لە نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکان و سوننە و شیعەکان، زۆرجار ئێران پشتیوانی جدی نەکردوە لە هەرێمی کوردستان و سنوورەکانی ئاوەڵا نەکردوە و سەروەری هەرێمی کوردستانیان بەزاندوە دژی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆیان، هەندێکجار هەرێمی کوردستان گلەییان هەیە لە هەندێک لە جموجۆڵی ئەمنی و سەربازی ئێران هەیە، ئەگەر ئێران بتوانێت پشتیوانی جدی لە هەرێمی کوردستان بکات، من پێم وایە هەرێمی کوردستان دەتوانێت وەڵامی نەخێر بداتەوە بە ئەمەریکا و ئەوروپا، من پێم وانییە لە هەموو بارودۆخێکدا هەرێمی کوردستان خۆی بکاتە قوربانی سیاسەتەکانی ئەمەریکا و ئەمەریکاش لە سادەترین حاڵەتدا بەجێی بهێڵێت.

## سیناریۆکانی شەڕ پێدەچێت ئاوابێت:

**یەکەم**: خاڵی گرنگ بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا. گەیشتنە، بە یەقین کە ئێران نابێت و ناکرێت دەستی بگات بە چەکی ناوەکی و ڕادەستکردنی یۆرانیۆم و موشەکەکانی بە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە.

**دووەم**: ئەگەر نا لە حاڵەتی یەکەم، ڕەنگە هێرش بکرێتە سەر بنکە و بارەگاکان و سەد هەزار موشەکی حزبوڵلا لە لوبنان و بنکەکانی ئێران لە سوریا. لەلایەن ئیسرائیلەوە.

**سێیەم**: گەر سیناریۆی یەکەم و دووەم. نەیتوانی ئامانجەکانی ئەمەریکا بەدیبهێنێت، ئەوکاتە شەڕێکی جدی و ماڵوێرانیکەر ڕوودەدات. کە ڕەنگە ئێران دەرەقەتی نەیەت و وڵاتانی کەنداوو، عێراق و هەرێمی کوردستانیش قوربانی سەرەکی بن.

**چوارەم**: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت. تاقیکردنەوەی تەکنەلۆژیا و چەکی مۆدێرن و نوێ، فرۆشتنی بە وڵاتانی ناوچەکە و سەرهەڵدانی گروپی فەندەمێنتاڵ، قوربانی سەدان هەزار کەسی تر.

**پێنجەم**: کۆماری ئیسلامی ئێران. باشترین ئەڵتەرناتیڤی ئەوەیە کە خۆی لە شەڕ دوور بگرێت و سازشی دیبلۆماسی بکات و هەڵەی وڵاتانی ناوچەکە دووبارە نەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠١٩

## مەزهەری خالقی قەقنەسێک بەسەر ئاویەرەوە



کە کۆچەران، خۆیان و رەشماڵەکانیان تاوڵ هەڵدەدەن بۆ بناری چیاو دۆڵان و لە دامێنی رەوەز و زەنوێرەکانی کوردستان، بێریان دوور لە دێ بە دەست و پەنجەی پڕ بازن، خەریکی مەڕدۆشینن، لەولاترەوە کیژێکی نەشمیلەی لادێی پاوانە و پوز لەپێ روو وەک سێوی سەردەشت، خەریکە تەشی دەرێسێ، رەفیقانی عەزیزی دوور لە وڵات سەری خۆیان هەڵدەگرن و بە حەسرەتی گەڕانەوە بۆ نیشتمان هەر بەو داخەوە سەردەنێنەوە، پاش دەیان ساڵ لە غوربەت هێشتا غەریبی چۆکی پێدانەداون و ئەوان شەو و رۆژ بە حەسرەتی گەڕانەوە هەر لە خەیاڵی چرینی «دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەمان، ئەمڕۆ یان سبەی، بەڵام چاوەڕێی مژدەی ئاسۆن».

کچە رەشتاڵەکانی گەرمیان، بە گوێگرتن لە سازی ئاوازی ساز رۆدەچنە خەیاڵی یارانی بێ سەروشوێن و لە حەسرەتی ئەم دوورییە نەبڕاوەیە و هەمیشە ئەوە دەڵێن لەنێوان وەسڵی یار و جەننەت، وەفای یارەکانیان هەڵدەبژێرن....

«هەڵاڵە وەرە و کیژە جوانەکەم تاوێ هەڵپەرە»ی مامۆستا شەریف، هەروا دێت و دەنگی کوچە و کۆڵانان پڕ دەکات لە نەغمەی جاویدانی.

شۆڕشگێڕان هەر بە خەیاڵی ئەو حەماساتانەی کە گوێیان لێ بوە وەکو رەشەبای سلێمانی و سەهۆڵبەندانی

سابڵاخی، تاشەبەردی ئاگری داخ لە دوژمن نابنەوە، مەلانی گەرمیان لە کۆچیان بۆ کوێستان هەر بەئاسمانی شینی کوردستانەوەن.

ئەمڕۆ یان سبەی دەگەڕێمەوە، ئەوکاتەی نەغمەی، ئەرێ سەوزەڵێ چاوڕەش، چاوڕەش کە بەختی هەزارانی وەک ئێمەی رەشکردوە، حاڵی پەشێو کردوین و تەنها داوامان ئەوەبوو دوای مردنمان بێتە سەر گۆڕمان یان لەچون بۆ سەر کانی پەچەکەی لادات و نەزەر بکات کاتێ بەناز و عیشوەوە گۆزەیەکی بەسەرشانەوە بۆ کانی لەنجە دەکات، سوێندم بە سۆزی دڵەی ئەسیرم تا ساتێ ماوم هەرواى لە بیرم.

کە لایە لایەی ئەم دەنگە ئاسمانیە خودابیەت گوێ لێ دەبێ، لایە لایەی دایکێکی میهرەبانە بۆ جگەرگۆشەکەی کاتێ بە دەست و پەنجەی نەرم دەیشێلێ. لایە لایەی دایک بۆ منداڵ و هی خالقی بۆ نیشتیمان کە مەرهەمی دڵی بە پەرۆشە، دەڵێ «ڕۆڵەی خۆشەویست بینای چاوم، هەتا دێیتەوە هەر چاوەڕێتم، هەلورکی مناڵی هەر رادەژەنم».

کاتێ بە یەکەم دڵۆپەکانی بارانی پایز تەڕ دەبیت، یەکسەر نەسیمی بەربەیانمان بیردەکەوێتەوە لە پایزێکی سارد و تەزیودا کە بەداخەوە یار چەندە دڵ رەقە و هەزارەها جار دڵمان دەشکێنێ و بریندار دەکات، چ سەختە یار لەجیاتی نەسیمی بەهار خۆی بە دڵرەقی پایزەوە بگرێ، بەڵام تۆ دەردی یار لەخۆت بکەی و خوازیاربی یار گۆناشی نەژاکێ و پێ بڵێ دەردت لەمن، دەردت لەمن، پێ بڵێ نازدار گیان... کە هێشتا عیشق و مەیلی ئەم عیشق و ئەوینە دەبێ چ گەورەبێ، وا ئیعتراف بکەی. ئەم نەغمە و گۆرانیانە وامانلێدەکات لەبەرامبەر یاری جەفا کار هێندە میهرەبان بین و هێشتا بڵێین کوا مەیلی پارت...؟

کەچی هێشتا بڵێن، ئەی یار بەو چاوە بیمارەت بڵێ گوناه دەکات ئاخر یان دەوای دەردم کات یان دەست لە دەردم هەڵگرێ و کاتێ دێم و ئیعتراف دەکەم کە تۆ بووتی و ئەتپەرستم، بەڵام عیبادەت بۆ خوا ناکەم ئەگەرچی جوملەی جەهەننەم بۆم لەکاردابێ. کەچی هێشتا زوڵم و زاڵمێتیت و دڵ رەقیت هەر ماوە بەرامبەر من ئەی یار و منیش شەقم هەڵداوە لە هەموو ترادیسیۆن و خورافەکانی کۆمەڵگە و یار دەپەرستم.

دەچمە هاوارگەی هەوران و دەڵێم بیرت دەکەم. بیری تۆ دەکەم. پەرێشانم بملاوێنە. بملاوێنە سەرخۆشم چاوی

بیمارم.

کاتێ هاوار دەکات و نەغمەیەک دەڵێ ئەی یار، ئەی یار دوورم لەحەسرەت دیدارت سوتاوە. بە جارێک نە عەقڵ و نە فهم نەماوە. ئاخر من نەماوم تۆش....

ئەم نەغمە مەزنە لە قورگێکی زوڵاڵ وەکو ئاو لەتاڤگەیەکەوە دێتە خوار و دەرژێتە ناو دڵی بریندار عاشقانەوە. یار گوڵە سنبوڵە کەچی ئاگری بەرداوەتە دڵی من، بە ئەم هەموو مەزنیە چۆن لەناو دڵێکدا جێگامان دەبێتەوە گەر کەسێک ئاواز و گۆرانی یان بە شیعر و سرود بپچڕێ و بگاتە ئێمە.

کێ دەتوانێ وەسفی یار بکات، کە جوانی ئەو لەم وڵاتە بێ نەزیرە، دڵم مورغی سەحرایە و بە داوای تۆ گیراوە. هەرکەسێ قسەی نێودڵی خۆی بە شتێک دەردەبڕێ، یەک بە شیعر و گۆرانی، یەک دەیکات بو مارش و سرود، هی واش هەیە هێواش هێواش لەگەڵ شەرابی سوری نایاب بەدیار مۆمێکەوە لەداخ یار وەکو قەقنەس بە ئاگری گڕی خۆی دەتوێتەوە.

کێ هەیە، بەو هەموو دەرد و رەنج و ئازارەی ئینسانەکانی ئەم سەر زەمینە بزانێ و بە میهرەبانیەوە بە نەغمەی عاشقانە و مۆسیقای ئارام و شیعری ناسک خەیاڵیان داگیرکات؟

کێ هەیە هێندە ناسکانە لەیار عاجزبێ و بەبێ دەنگی خۆشیبوێ؟

کێ هەیە بتوانێ لەو گەروە نازدارەوە وەکو بلوێری شوان عشقی نیشتیمان بخاتە رووح و دڵی هەزاران گەنج و خۆشەویستانی نیشتیمان؟

کێ هەیە تەشی رستنی یار و بازیبێریانی پێ پڕ لەبازن و دەنگی پێ بازنگەکانی بیستبێ؟

کێ هەیە بۆ سەدەی رابردوو و داهاتووش وەکو خالقی بخوێنێ و بچریکێنێ و بەردەوام دەنگێک بێ لە گوێی گەورە و بچووک بزێتەوە؟

ئەو نێرگزی بەهارانە و لەگەڵ سەرەتای وەرزی بەهار، دڵی ئەو یەکەم نمەی بارانی بۆنی پاش خاکی سەرەتای پایزانە. ئەو بەفری سپی سەرکەشی چیای ئاشتی و رەمزە خوای کوردستانە، ئەو یەکەم هێشووی رەشی ترێی و قەیسی باخ و رەزی چڕی ناو زنوێری کوردستانە.

ئەو دەنگە، ئەو روحە خواییەیە، کە هەمیشە جاویدانە ئەو مەزهەری خالقی کوردستانە، قەقنەسێکی سەر ئاویەرە.

سەرئەنجام سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی دکتۆرای فەخری دا بە «مەزهەری خالقی» قەقنەسی سنە و ئاویەر، بەمکارەی زانکۆ خزمەتێکی زۆری هونەری ڕەسەنی کوردی کردوە، لە پاش پێدانی دکتۆرای فەخری بە عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەلایەن زانکۆی کۆیە و دواتر پێدانی دکتۆرای فەخری بە کۆچەر بیرکار لەلایەن زانکۆی سەلاحەدینەوە.

بەم حاڵە تەنها لە ماوەی سێ مانگدا سێ دکتۆرای فەخری دەدرێت بە سێ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە من حەسەن زادە و خالقی لە نزیکەوە دەناسم و شایستەی باشترن، بەڵام بیرکار ناناسم و نەشمزانی ئەفراندنەکەی خۆی لەو بوارەی خۆیدا چی بوو، بەڵام هەر پێم خۆشبوو کە ڕۆژهەڵاتییەک خەڵاتەکەی وەرگرت.

خالقی، کە زۆر لە هونەرمەندان و نوسەران و شارەزایان تا ئێستاش بە پێشەنگی گۆرانی کوردی دەزانن، کە بە نەزەری من تەنها لەبەر ئەوە نییە، کە هونەرمەندە و گۆرانی دەڵێت، بەڵکو لەبەر ئەوەشە ڕێزی کار و هونەرەکەی خۆی دەگرێت، واتا نە بە پارە کۆڕی بەرپرسان گەرم دەکات، نە لەگەڵ خەڵکانی ناشایستە دانیشتوە و گۆرانی بڵێت، نە هەر ساڵەی (سی دی)یەکی داوەتەدەر نە حزبایەتی کردوە نە ئیدۆلۆژی بوە، نە هەر ڕۆژەی بە فۆرم و جۆرێک قسە بکات و بە نرخی ڕۆژ نان بخوات.

خالقی چەند ساڵ لەمەوپێش بە منی وت «ئەنوەر (سی دی)یەکم بە دەستەوەیە، سەرەڕای گرفتی مۆزیک و خەرجی، بەڵام دەترسم لە کارەکانی پێشووم باشتر نەبێت و ئەمەش بۆ من ناخۆشە»، هونەرمەند و نوسەر و شاعیری بەرپرس وابیر دەکاتەوە، ڕێزی ڕابردووی خۆی و هونەر و کارەکانی دەگرێت.

بەختیار عەلی نوسەر و ڕۆماننوس لە کتێبێکی مندا سازمکردوە لە گەڵیدا لەسەر کتێبی «شاری مۆسیقارە سپیەکان» بەختیار سەبارەت بە خالقی دەڵێت «ئوستادێکی گەورە و سیمبوڵی گۆرانی کوردییە».

خالقی سەبارەت بەو کارانەی کە بڵاوی نەکردونەتەوە بە منی وت «من زۆر گۆرانیم هەیە بڵاوم نەکردونەتەوە، کە لە ئەمەریکا و ئینگلیزی تۆمارم کردون، بەڵام دەترسم باش نەبن».

سەبارەت بە شیعری گۆرانییەکانی دەڵێت «هەر کامیان بیرەوەری خۆی لەگەڵدایە، چ شیعر چ گۆرانی» .
خالقی دەڵێ «کەسێک لە هونەری کوردی من پێی سەرسام بم و پێشەنگ بێت (حەسەن جەزراوییە)».
خالقی لە دیدارێکدا کە لەگەڵیدا سازمکردوە دەڵێ «لە سنە لە دایکبووم و لەوێ ژیاوم، هەست و نەستم لەوێیە، گشت کۆڵانەکانی دەناسم، دەمناسن، چەند ئەوان تامەزرۆی منن، منیش هەر ئەوەندە» – خالقی دڵی پڕ بوو چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک- .

خالقی دەڵێت «دوایین ئەلبوومم کە بڵاو دەبێتەوە، پێشکەشم کردوە بە سنە، چونکە هەموو شتێکم بۆ سنەیە، هەموو گۆرانییەکانی ئەم ئەلبوومە نوێیەم نەشئەی گرتوە لە سنە و هەست و نەستم سنەیە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی دوایین هیوایەتت چییە لە ژیاندا؟ دەڵێ «من خۆم بە گەورەترین دەوڵەمەندی کورد دەزانم، لە هەر کوێی کوردستان بڕۆم هی منە،ماڵی منە...».

لە پرسیاری ئەوەی، ئەو گۆرانییانە بۆ خۆشەویستێک یان بۆ کچێکی تایبەتت وتوە؟ دەڵێ «تەبعەن زۆربەی گۆرانییە خۆشەویستییەکان بۆ خۆشەویستی خۆمم وتون».

خالقی دەڵێت «هاوسەرەکەم حەزی بە گۆرانییە، بەڵام نەک بۆ وتن، کوڕەکەشم گیتار لێدەدات، بەڵام دەنگی خۆش نییە».

مامۆستا مەزهەر، دوایین پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر مردیت لە کوێ بنێژرێیت و گۆڕەکەت لە کوێ بێت؟ «هەموو کەس دەڵێ بمبەنەوە شارەکەی خۆم، ئەوە تۆفیق بەگ بردیانەوە بۆ زێوێ، پیرەمێرد بوو بردیانەوە مامەیارە،

منیش حەز دەکەم بمبەنەوە سنە» (دیسان مامۆستا چاوی پڕ بوو لە فرمێسک).

من زۆر خۆشحاڵم کە لەو ماوە نزیکەدا کوردەکانی ئێران (ڕۆژهەڵاتییەکان) سێ دکتۆرای فەخری لە باشور وەردەگرن، چونکە ڕۆژهەڵاتییەکان، گەر خاوەنی سەرمایە و کارخانە و ڤێلا نین، بەڵام خاوەنی ئەم سەرمایە ئینسانی و هونەری و شۆڕشگێڕییەن، کە سەرمایەکی گەورەیە و پێدانی خەڵات و دکتۆرای فەخریش لانی کەم هەستدەکەن ڕێز لە بوون و مانەوەیان دەگیرێت، ئەگەرچی هەندێکجار بەهۆی هەندێ هەڵەی ڕۆژهەڵاتییەکەوە لە سۆسیال میدیا قسەی نابەرپرس و ناشایستە بە کوردی ئێران دەوترێت کە ئەز تێیدا شەرمەزار دەبم، بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕۆڵە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتییەکان کەم ناکاتەوە کە چ بونەوەرێکی گەورە و پڕ داهێنانن و شایستەی هاوکاری و ڕێزگرتنی زۆرترن.

دیسانیش دەیڵێم هێشتا وەکو پێویست ڕێز لە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان نەنراوە و نەگیراوە، بەڵام لانی کەم ئەم ڕێزلێنانە مەعنەوییانە کارێکی گەورەیە.

بەڵام هێشتا زۆر کەس ماون کە لەم بوارەدا شایستەی ئەم ڕێزلێنان و دکتۆرا فەخرییانەن (ناسری ڕەزازی لوتکەی هونەر و سرودی شۆڕشگێڕانە، کاڵێ - غوڵامی ئاتەشی پێشەنگی سرودی کرێکاری کوردی، جەمالی موفتی، بەکری لەگزی، فەتانەی وەلیدی، حەمەی مامڵێ و حەسەن زیرەک...).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٩

## بەهەشتی ئەورووپا و جەهەننەمی ئەفەریقیا

(ی.ن.ک) و (پ.د.ک) وەکو دوو هێزی دیفاکتۆ لە باشوری کوردستان جێکەوتوون لە ماوەی ئەو بیست و هەشت ساڵەدا، لە پاڵ دەیان تەنگەژە و قەیرانی سیاسی و ئابوری، لەپاڵ دەیان تەون و پیلانی ناوچەیی بۆ شکستپێهێنانی ئەزمونی حوکمڕانی لە بابەتی (قووتکردنەوەی گروپی فەندەمێنتاڵی داعش، گەمارۆی ئابوری، فشاری سیاسی، هەوڵدان بۆ دوو ئیدارەیی، دنەدانی عێراق بۆ سازکردنی قەیران، بڕینی مووچە، لەمپەر لە بەردەم فرۆشتنی نەوت، جێبەجێنەکردنی دەستوور، هاندانی هێزگەلی جیاواز و پشتیوانی لە هەندێک خۆنیشاندان بە مەبەست و مەرامی شڵەژانی شەقامی ئارامی کوردستان...).

بەڵام هێشتا بارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردستان لە زۆر وڵاتانی ناوچەکە باشترە (لەسوریا باشترە، کە چوار سەد هەزار کەس بوونەتە قوربانی و ژێرخانی ئەو وڵاتە پێویستی بە حەوت سەد ملیار دۆلارە بۆ ئاوەدانکردنەوە و زیاتر لە سێ ملیۆن کەس ئاوارە بوون، لە عێراق باشترە، کە ململانێی شیعە و سوننە و دەخالەتی وڵاتانی ناوچەکە ڕێگای نەداوە، کەمترین ئاوەدانی بەخۆیەوە ببینێت، سەرەڕای وێرانبوونی (موسڵ، ڕوومادی، تکریت و دیالە) کە پێویستی بە دوو سەد ملیار دۆلار هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە، لە ئێران باشترە کە بە هۆی گەمارۆی ئابورییەوە سەدان هەزار کەس ژیانی کولەمەرگی بەڕێدەکەن، لە تورکیا باشترە کە هەزاران کەسی ئازادیخواز و ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی کورد، تورک، چەپ و مارکسیست لە زیندانەکاندان...).

ئازادی چاپەمەنی لە باشوری کوردستان هەنگاوی باشی ناوە، (٩٠٠) ڕۆژنامە و گۆڤار مۆڵەتی دەرچوونیان وەرگرتووە، کە ئێستا زیاتر لە (٨٠٠) دانەیان دەرناچن و وەستاون، بەڵام هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێک لەژێر سانسۆردا دانەخراوە، کە بەداخەوە بەشێک لەوانەی کە میدیای ئەهلی بوون، کە ڕۆڵی گەورە و گرنگیان هەبووە لە گەشەکردنی دیموکراسی و فەزای ئازادی و دەنگی ناڕەزایی. تەنانەت هیچ یەکێک لەو بڵاوکراوانە لە پێش چاپکردنیان سانسۆر نەکراون، تاڕادەیەکی زۆر دژایەتی دیاردەی گەندەڵی و ناهەمواریان کردوە و ڕەخنەیان لە سیستمی سیاسی و حزبی کوردیش گرتووە.

(٣٩) کەنـاڵی تەلەفزیـۆنی ئاسمانی باشـور و (٢) کەنـاڵی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و (٣) کەنـاڵی ڕۆژئـاوای کوردستان و (٥) کەناڵی باکوری کوردستان لە سلێمانی و هەولێر پەخش دەکەن و نوسینگەیان هەیە.

(١٢٢) کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی لە هەرێم پەخش دەکەن، (١٦٠) کەناڵی ڕادیۆیی ئاسمانی و لۆکاڵی لە باشور پەخش دەکەن.

(٥٠) نوسینگەی تەلەفزیـۆن و ڕادیـۆی بیـانی لە باشـور نوسینگەیان هەیە، ڕوومـاڵی بەرنامەکانیـان دەکەن، تاڕادەیەکی باش بە ئازادی کاردەکەن و گوتاری جیاوازی (نیشتمانی و نەتەوەیی، ئیسلامیزم، چەپ و مارکسیزم، ڕادیکاڵ و لیبراڵ) پەخش دەکەن.

لە کاتێکدا بەشێک لەو نوسینگە بیانییانە لە وڵاتەکانی خۆیان نـاتوانن بە نیوەی کـارکردنی ئێرەیـان ئـازاد بـن، ئەوە هەر هیچ کە ناتوانن باسی کوردبوونی، کورد بکەن لە وڵاتەکانیان.

سەبارەت بە چاپکردنی کتێب لە دە ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی پێوانەیی شکاندوە بۆ هەرێمی کوردستان، کە ساڵانە نزیکەی (٣٠٠٠) کتێبیان چاپکردوە بە ڕەنگ و بۆنی جیاواز، کە هەڵگری ئیدۆلۆژیا و تێڕوانینی تەواو جیاواز بوون و بەپێی هەندێک ئاماری وەزارەتی ڕۆشنبیری، ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانی ئیسلامیزم و گروپەکانیان، لە کتێبە سیکۆلار و ئەدەبی و فەرهەنگییەکان زیاتر بووە.

ساڵانە نزیکەی (٧٠٠) هەزار کەس لە فرۆکەخانەکانی سلێمانی و هەولێر سەفەر و گەشتیانکردووە.

ڕێژەی خوێندکاران و قوتابیان لە خوێندنگاکانی هەرێم (١،٥٠٠،٠٠٠) ملیۆنە.

ڕێژەی بێکاری لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک لە (٢% - ٦%)ە، زیاتر لە (٢) ملیۆن ئاوارەی عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران لە هەرێمی کوردستانن.

بەو حاڵەوە، بەو ئامار و داتایانە هەرێمێکی هاوشێوەی باشور نابینی لە ناوچەکەدا بەو هەموو هەڕەشە و

مەترسیانەی چوار دەوری، هێندە گەشەی کردبێت، بۆ نمونە (هەرێمی بیابانی خۆرئاوا) کە زیاتر لە بیست ساڵە لە مەغریب جیابۆتەوە، هێندە گەشەی نەکردووە، هەرێمی سۆمالایلاند کە نزیکەی بیست و پێنج ساڵە لە سۆماڵ جیابۆتەوە، هێندە گەشەی نەکردووە.

بارودۆخی کەمینەکانی (بەربەر، ئەمازیخ لە باکوری ئەفەریقا، تامیلەکان لە نیمچە کیشوەری هیندستان، بلوچ و ئازەر لە دەریای خەزەر) هێندەی حاڵی کوردەکانی باشور باش نییە و زۆریش دەچەوسێندرێنەوە.

ئازادی حزبی و سیاسی لە باشور بە ڕادەیەکی زۆر هەیە و پلۆرالیزمی خۆی پاراستووە، هەروەها چەندین حزبی کوردی هەرچوار پارچەکەی کوردستان لە باشوردا جێگەیان بۆ کراوەتەوە.

سەرەڕای نوێنەرایەتی (٢٠) حزبی عێراق، کە بارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتیان تاڕادەیەک پارێزراوە.

(٤٠) کونسوڵگەری بیانی لە هەرێمی کوردستانن و سەدان کۆمپانیای بیانی وەبەرهێن لە هەرێمی کوردستانن.

ئەوانە هەمووی دەستکەوتی زۆر و زەوەندن، بەڵام ئەوەی پێویستە هەرێمی کوردستان بیزانێت ئەوەیە، کە هێشتا کەم و کوڕی کەمیشی نییە، کە ناچارە ئەم خاڵە نێگەتیڤانە ڕاست بکاتەوە، کە بە پلەی یەکەم پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسن:

**یەکەم**: گۆڕینی ئاڕاستەی ململانێکانی هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، فۆڕمی تەندروستتر بەخۆیەوە ببینێت، دیموکراسیتر و بەرپرسیارانەتر بێت.

**دووهەم**: دژایەتی گەندەڵی، گرنگترین خاڵی جەوهەرییە، کە بیر لە ڕێگەچارەی گونجاو بکرێتەوە، کە بە پلەی یەکەم پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسن.

**سێیەم**: پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر لە بواری بهداشت، خوێندن، بە تایبەتی ڕێگاوبان کە هیچ هۆکارێک نییە بۆ چاک نەکردنیان.

**چوارەم**: پەیوەندییەکی واقیعی و دروست لەگەڵ هێزەکانی تری باشور، بەتایبەتی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، گۆڕان) کە هێزی سەرەکین لەپاڵ هێزەکانی باکور، ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات و هێزەکانی تر.

**پێنجەم**: کۆتاییهاتن بە فشاری سەر ڕۆژنامەنووسان و دۆزینەوەی بکوژانیان و جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بەو بوارە.

**شەشەم**: سەروەربوونی یاسا و داتاکان کە خاڵی زۆر گرنگن و دوورخستنەوەی دەستی حزب لەو دوو بوارە.

**حەوتەم**: دژایەتی گروپی مافیایی و نایاسایی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان.

**هەشتەم**: چاککردنی گوزەرانی خەڵک بەتایبەتی چینی ناوەڕاست و گەڕانەوەی مووچەی پاشەکەوتکراو بە هەر فۆرمێک بێت و پێدانی پێشینەی پێویست بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.

واتا بارودۆخی هەرێمی کوردستان فەرەنسا و ئیسپانیا نییە تا بانگەشەی وەهای بۆ بکەین، بەڵام سوریا، ئەفغانستان، ئەسیوبیا و پاکستانیش نییە، واتا نە بەهەشتی ئەوروپایە و نە جەهەننەمی ئەفریقیایە، بەڵکو خەت و مۆدێلێکی جیهانی سێیەهەمە.

واتا خاڵی پۆزەتیف و باشی هەیە و خاڵی نێگەتیف و خراپیشی هەیە.

ڕەنگە گرفتی زۆری نێوان خەڵک و حکومەت ئەوە بێت، کە هیچکامیان هەردوو دیوو و ڕەهەندەکەی نابینن، واتا حکومەت دیوە خراپ و نەشیاو و کەمتەرخەمییەکەی خۆی نابینێت و زۆرجار کە دەچێتە بەر ئاوێنە بەس خۆی وەکو ڤینۆس و خوای چاکە و جوانی دەبینێت و تەنها ستایشی دەوێت، زۆرجار ئەمە بۆ هاوڵاتیش ڕاستە، کە دیوە باشەکەی نابینێت و تەنها لایەنە نێگەتیف و تاریکەکان دەبینێت، بێگومان مافی هاوڵاتی سادەیە، کە هەمیشە داوای ماف و پێداویستی ژیانێکی باشتر بکات.

واتا گرفتەکە ئاوا چارەسەر دەبێت، هەردوولا شتە باش و جوانەکان وەکو دیوی یەکەم ببینن و هەردوولاش دیوە

تاریک و ناشرینەکە ببینن.

بەڵام ئەوەش لەبیـر نەکرێت، کە هـاوڵاتی لە هەرێمـی کوردسـتان بـاج و قوربـانی زۆری داوە و نەهـامەتی زۆری چەشتووە، کە شایستەی ئەوەیە ڕێـزی لێبگیرێت و خزمەتـی زۆرتـر بکرێت و باشتر گوێی بـۆ بگیرێت و گلەیـی و تەنانەت ڕادیکاڵ بوون و توڕەبوونیشیان وەکو دڵسۆز و خەمخۆر لێوەربگیرێت، نەک نەیار.

هاوڕێیەکم تازەگی لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە وتی «من زۆر لەمێژە لە ئەوروپـام، لە دوورەوە وام دەزانـی کوردستان وێران و جەهەنەمە، بەڵام بێ ویژدانییە بڵێم هیچ نەکراوە و تەنها باسی خراپییەکانی بکرێت».

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣ی مای ٢٠١٩

## کورد لەناو هاوکێشەکانی سودان و جەزائیردا

وەرزی دووهەمی بەهاری عەرەبی، بەخستنی دوو دیکتاتۆر و دوو لە ڕەمزەکانی ناسیۆنالیستی شۆڤێنی عەرەبی، دەستپێکردوە، پێدەچێت وڵاتگەلی تری وەک مۆریتانیا، ئەسیوبیا و ئەریتریاش ورده ورده لەگەڵ خۆی ڕابماڵێت و بە دووریش نازانرێت کۆتاییەکەی لە دەرودراوسێش بگیرسێتەوە.

وەرزی یەکەمی بەهاری عەرەبی لە (٢٠١١) کە لە تونس بە قوربانی محەمەد بوعەزیزی و لادانی زەینەن عابدین لە تونس، حوسنی موبارەک لە میسر، عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە یەمەن، موعەممەر قەزافی لە لیبیا، کۆتاییەکەشی لە سوریا گیرسایەوە، بەڵام بەهۆی دەخالەتی مۆسکۆوە وەکو پارێزگاری لە هەژموون و هەیمەنەی خۆی لە ناوچەکە، سەرئەنجام شەڕێکی خوێناوی لێکەوتەوە، کە نزیکەی (٥٠٠) هەزار کەس بوونە قوربانی، تائێستاش درێژەی کێشا و ئەسەد لە دەسەڵات مایەوە.

ئەگەرچی لە وەرزی یەکەمی بەهاری عەرەبی، دوو بۆچوون دیالۆگ و گفتوگۆی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆییدا هێنا:

بۆچوونی یەکەم: ئەو ڕووداوانەی بە پرۆستریکای باکوری ئەفەریقیا ناوبرد و جەختی لەسەر ئەوە کرد، سەرەڕای خستنی دیکتاتۆرەکانی ئەو وڵاتانە، دەرگای کردەوە بۆ کۆتاییهاتنی سیستمی تۆتالیتار و خستنی ڕەمزەکانی ناسیۆنالیستی عەرەبی، کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی شۆڤێنی عەرەبییان دەکرد، ئەگەرچی ئەو پرۆستریکایە بە شەڕ و نەهامەتی زۆر بۆ ئەو گەلانە تەواو بوو، پرۆسیسی ئاڵوگۆڕ لە فۆڕمی ئاشتییدا خۆی دەرنەخست، بەڵکو ئاکامەکەی بووە شەڕ و ماڵوێرانی بە تایبەتی لە یەمەن و لیبیا، ئەگەرچی تونس و میسر باشتر دەرچوون.

بۆچوونی دووهەم: هەر زوو نیگەرانی خۆی لەو ڕووداوانە ڕاگەیاند، کە ئەوە بەهاری عەرەبی و پرۆسێسی دیموکراسی نییە، بەڵکو بەهاری ئیسلامی سیاسی و گروپە فەندەمێنتاڵەکانی ئەو وڵاتانەیە، ئەوەش بەشی خۆی

واقیعییەتی تێدا بوو، لیبیا باشترین نمونەی ئەو بۆچوونە بوە، کە بووە شەڕێکی خوێناوی لە سەردەستی گروپە ئیسلامییە فەندەمێنتاڵ و تیرۆریستەکاندا، بێگومان دەخالەتی (ئەنکەرە، ڕیازز، دەوحە و ئەبوزەبی)ش فاکتەری سەرەکی بوو.

بەڵام یەمەن و ڕووداوەکانی جۆر و مۆدێلێکی تر بوو، ململانێیەکی مێژوویی نێوان حوسییە شیعە پەراوێزخراوەکانی دۆستی ئێران و عەرەبی سوننەی حاکمی یەمەن بوو، واتا شەڕی یەمەن لە گۆڕینی حوکمی ساڵحەوە گۆڕا بۆ درێژکراوەی ململانێی شیعە و سوننە، بە واتایەکی تر ململانێی هێزە ناوچەییەکانی ئێران لەلایەک، سعودیە و هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترەوە. ئەوەی جێگەی سەرنج و خاڵی پۆزەتیڤی فەسڵی دووهەمی بەهاری عەرەبییە لە (سودان و جەزائیر) ئەوەیە کە شۆڕشی خەڵکی بەشمەینەتی ئەو دوو وڵاتە تا ئێستا توندتیژی و شەڕی بە خۆیەوە نە بینیوە، نە ئیسلامی سیاسی دەور و نەقشیان تێدا هەیە، کە دوو خاڵی پۆزەتیڤی ئاڵوگۆڕن، بەڵام مەترسی باڵی سەربازی و دۆستەکانی بەشیر و بوتەفلیقە... تارماییەکن هێشتا بە سەر سەری خەڵکی ئەو دوو وڵاتەوە دەسوڕێنەوە، کە بۆ داهاتوو چانسی مانەوەیان نییە. بەڵام دەخالەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و ناکۆکی نێوان فەرەنسا و ئیتاڵیا لەگەڵ ئەم هۆکارانە ڕەنگە ئاڕاستەی ڕووداوەکان بۆ جێگایەکی تر بەرێت، چونکە هەردوولا پێگە و جێنفوزی خۆیان دەزانن .

سودان لە دوای سەربەخۆییەوە لە ١٩٥٦ سەربازەکان بە سەرکردایەتی ئیبراهیم عەببود دەسەڵاتیان گرتە دەست تا ١٩٦٤ لە کارخران لە ١٩٨٥ حوکمی سەربازی جەعفەر نومێری لە کارخست و لە ساڵی ١٩٨٩ دیسان سەرباز بە نوێنەرایەتی حەسەن تورابی و عومەر بەشیر دەسەڵاتییان گرتە دەست و ماڵوێرانی ڕوویکردە سودان، تا جینۆسایدی دارفۆر لەلایەن جەنجەویدەکانی بەشیر کە (٣٠٠) هەزار کەس بوونە قوربانی، هێشتا دۆسیەی جینایەتی بەشیر و عەوەز بن عەوف و هاوکارەکانی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئامادەیە تاوەکو سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و سەدام حسێن دادگای بکرێن.

بۆتەفلیقەش کە لە ساڵی ١٩٩٩ بووە سەرکۆماری جەزائیر، هەرگیز ملی نەدا بۆ وازهێنان لە دەسەڵات تا ناچار کرا وازبهێنێت.

قسەی گرنگ و جێگەی سەرنج ئەوەیە، کە ڕووداوەکانی سودان و جەزائیر، پەیوەندییان بە کێشەی کوردەوە هەیە؟

بێگومان هەیەتی! چۆن؟

خاڵی گشتی ئەم بابەتە ئەوەیە، لە هەر کوێ ی ئەم زەمینە دیکتاتۆرێک بکەوێت، چانسی کورد و گەلانی هاوشێوەی وەک (بەربەر، تامیل، چەرکەس و بلوچ) چانسی باشتریان دەبێت بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان:

دیقەت بدەن، بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ڕەمزی ناسیۆنالیستی عەرەبی و سەدام حسێن لە بەهاری ١٩٩١ و ڕوخانی لە ٢٠٠٣ ئەزموونی باشوری کوردستان خوڵقا (ئەگەرچی ئێستا ڕەخنە و سەرنجی زۆری لەسەرە) بەڵام دەستکەوتی مێژوویی بوو بۆ خەڵکی کورد.

لە ٢٠١١ کە وەرزی یەکەمی بەهاری عەرەبی ڕوویدا، ئەزمونی ڕۆژئاوای کوردستان خوڵقا، کە لەژێر دەسەڵاتی حافز ئەسەد و بەشاری کوڕی، لە سادەترین مافی کورد بوون و بێ بەش بوون و ئێستاش نموونەی ئەزمونێکی سەرکەوتوو پراکتیزە دەکەن لە ڕۆژئاوا بەتایبەتی دوای شکستی داعش و پشتیوانی واشنتۆن و پاریس .

بۆیە ڕووداوەکانی سودان و جەزائیر، بۆ سنورە جوگرافییەکانی ناوچەکە، دەتوانێت بیابانی خۆرئاوا بەرەو دیفاکتۆ بەرێت، کە حکومەتی مەغریب ئامادە نییە دان بە حکومەتەکەیاندا بنێت، چونکە مەراکیش لە ریزی ئەو وڵاتانەدایە، کە درەنگ یان زوو دەکەوێتە بەردەم ئەم ئاڵوگۆڕانە و بیابانییەکان دەتوانن ئەزموونی خۆیان بگەینە ئاکام.

ئەوەی کە لەم ڕووداوانە دەکرێت بخوێندرێتەوە ئاڵوگۆڕ لە وڵاتانی تری ناوچەکە بە قازانجی کورد بشکێتەوە. ئێستا ڕووداوگەلی ناوچەیی و جیهانی گەورە خوڵقاون، لە ڤەنزوێلا، تورکیا، یەمەن، سوریا، سودان و جەزائیر، کە هەموویان چانسی گەل و میللەتە ژێر دەست و بەدبەختەکان بەرەو باشتر دەبات.

بەڵام واقیعیەتی مێژوویی ئەوەیە، لە هەر کوێ دیکتاتۆرێک دەکەوێت، گەلێکی ژێر دەست سەردەکەوێت، کە ئەمەش لە چانسی کورد و گەلی کوردستان دایە.

بەڵام جێگای تێڕامانە، لەپاڵ ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گەورانەی ناوچەکەدا. حاکمانی تۆتالیتار و داپڵۆسێنەر

ئەزموون وەرناگرن و پارە و داهاتی ئەو وڵاتانە تەنها دەخەنە خزمەت خۆیان و بنەماڵەکانیانەوە و کاتێکیش دێتە سەر گەردەلولی ئاڵوگۆڕ و خۆپیشاندانی ملیۆن کەسی، فریایان ناکەوێت و خۆیان و خانەوادەکانیشیان بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراونەکراو دەکوژرێن.

سەیرە خەڵکانی وەک ئەسیاس توفورقی لە ئەریتریا و بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا، چومال سایاسۆن سەرۆکی لاوس، کیم یۆنگ ئونی سەرۆکی کۆریای باکور. نگویەن فوترۆنگ لە ڤێتنام، بەردی محەمەدۆف – تورکمانستان، هیچ ئەزموون لەم کەوتن و شکستانە وەرناگرن. کە چارەنوسیان هاوشێوەی هەر یەکێکیانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١٩

## باکوری کوردستان پاش پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان

ئەگەرچی پرۆسەی هەڵبژاردن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، تادێت خۆی لە فۆڕمی دیموکراتیزەکردن دەدزێتەوە پەنا دەباتە بەر ساختەکاری، ئیتر پرسەکە ناتوانرێت وەکو بابەتێکی گرنگ و چارەنوسساز سەیر بکرێت (پێشتر باسی ئیسرائیل و تورکیا) دەکرا لە ناوچەکە، ئێستا تەنها یەکەمیان ماوەتەوە کە پرسەکە تێیدا فۆڕمی دیموکراسی تێدا پەیڕەو دەکرێت)؟

بۆیە هەڵبژاردنەکانی ٣١ نەورۆزی ٢٠١٩ی شارەوانییەکانی تورکیا، بەدەر نییە لەو بارودۆخەی ئاکپارتی و حکومەت خوڵقاندویەتی بەسەر کورد و پرسی هەڵبژاردن و دیموکراسییدا، کە گومانی ساختەکاری و سانسۆر و تەتریکی زۆر هەیە و ناکرێت بە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی پاک و تەندورست و واقیعی بزانین، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە، کە هێشتا ئاکپارتی و ئەردۆگان حزب و کەسی یەکەمی تورکیا نین کە هەن، ئەوە بەو مانایە نییە، کە هەدەپە پاشەکشەی نەکردوە، بەڵێ کردویەتی، کە فاکتەری زۆر و زەوەندی هەیە، بەڵام مانای ئەوەش نییە دۆزی کورد پاشەکشەی کردووە.

(HDP) لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٤ (٢،٧٣٩،٦٧٨) (٦،١٦ %) دەنگەکانی هێنا، بەڵام لە ٢٠١٩ (٤،٢٢%) هێناوە واتا لە ٢٠١٤ (١٠) شارەوانی و (١٤٠) ئەندامی ئەنجومەنی شاری هێنابوو، بەڵام لە ٢٠١٩ (٦٨) شارەوانی هێناوە.

### فاکتەرەکانی پاشەکشەی HDP:

**یەکەم**: فشاری زۆری حکومەت لەسەر (HDP) و کاندیدەکانی و زینداینکردنی (١١٠٠٠) لایەنگر و زۆربەی ئەندام پەرلەمان و سەرۆکی شارەوانییەکان.

**دووهەم**: تەتریکی ناوچە کوردستانییەکان، بە تایبەتی لە دوای ڕاگەیاندنی شەڕی شارەکان لەلایەن (PKK)وە

که هەڵه بوو، بۆ نمونه تەنها له شاری شرناخ (٢٠٠٠٠) سەربازی تورک و دەزگای میت هەن و شارەکه له کورد چۆڵکراوه.

**سێیەم**: سەرقاڵبوونی (PKK) و (KCK) به ڕۆژئاوای کوردستان، بەهۆی شەڕی داعش، شەڕی تورکیا، ململانێی ناوچەکان و گرنگی ڕۆژئاوا بۆ (PKK) له باری سیاسی و ئابورییەوه، وایکرد (PKK) نەپەرژێته سەر (HDP) و باکور، بۆیه کاریگەری خراپی دانا لەسەر دەنگدەر و هەڵبژاردنەکان.

**چوارەم**: ورده ورده کاریگەری دانانی نێگەتیف لەسەر سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگای کوردستان، که تورکیا ڕێگا نادات کورد بگات به مافەکانی و پرسی هەڵبژاردن دۆخی کورد چارەسەر ناکات، واتا خەڵکێکی زۆر نەچوون بۆ دەنگدان.

**پێنجەم**: (PKK) ئەو سێ خاڵەی سەرەوه هەستی پێدەکات، هەر بۆیه ساڵی ڕابردوو ئۆپەراسیۆنەکانی (HPG) زۆرتر بوون و پێشبینی دەکرێت ورده ورده (PKK) ئۆپەراسیۆنەکانی زۆرتر بکات لەمساڵدا به تایبەت که وەکو خۆشیان ڕایانگەیاند بوو دەستیان به تەکنەلۆژیای نوێ گەیشتووه بەتایبەت فرۆکەی بێ فرۆکەوان، واتا بێ هیوایی ڕووی له کۆمەڵگای کوردستان و (PKK) و (HDP) کرد که شەڕ ئەڵتەرناتیڤی ئەو بارودۆخەیه نەک هەڵبژاردن که حکومەت سەپاندویەتی.

**شەشەم**: واهەست دەکرێت پەیوەندی نێوان (PKK) و (HDP) بەرەو ساردی و کزی چووه، (HDP) دەیەوێت سیاسەتێکی بێ لایەنتر پیاده بکات ودوور له هەژموونی (PKK)، که تورکیاش هەوڵیداوه ئەم سیاسەته بەرێته پێش.

**حەوتەم**: دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانی (HDP) له ٢٠١٦ (سەلاحەدین دەمیرتاش، فیگەن یوکسەکداغ) و هەڵبژاردنی (سەزای تەمەللی و پەروین بولدان له (٢٠١٨) کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو بەتایبەت که دەمیرتاش به ئاپۆی شار ناو دەبرا).

خودی پێشبینییەکانی (HDP)ش ڕاست دەرنەچوو بۆ ئەو هەڵبژاردنه که پێیانوابوو (١٢٠) شارەوانی بەدەست

دەهێنن و شوێنی ئەو نەوەد شارەوانییە بگرنەوە کە قەیومییان بۆ دانراوە.

هەرچەنـدە لەم هەڵبژاردنـانەدا دوو هاوپەیمـانی سـەرەکی هەبـوون (هاوپەیمـانی گەل، ((MHP ،AKP)) کە ئایدۆلۆژیا و فکری شۆڤێنی ئیسلامیست و نەتەوە پەرستی لەخۆگرتبوو، بەڵام دەرکەوت ئەم فکرە شکستی خواردوە بەتایبەت لە ئەستەنبوڵ و ئەنکەرە و ئزمیر پاش (٢٥) ساڵ لەژێر دەستی (AKP) دەرهێنران.

هاوپەیمـانی دووەم (هاوپەیمـانی میللەت) لەنێـوان (CHP) و (Y Parti) کە پـارتی سـەعادەت و (HDP)ش پشـتیوانیان کـرد، هەرچەنـدە بۆچـوون و ئایـدۆلۆژیای ئەو هێـزانە چەپ و نەتەوەیـی بـوو، بەڵام ڕوون نیـیە بـۆ داهاتوو بەردەوام دەبێت یان نا.

بەتـایبەتی ڕوون نییە کە (HDP) لە بەرامبەر دەنگەکـانی لە ئیسـتەنبوڵ و ئەنـکەرە و ئزمیـر چـی لە (CHP) وەردەگرێت، جگەلە شکسـتی (AKP)، لە کاتێکدا (Y Parti) بە هیچ شێوەیەک (HDP)ی قبـوڵ نییە و ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان کە دەنگەکانی (HDP) کەمیکردووە.

بەڵام سەرەڕای ئەوانە، ئەو بۆچوونە ڕاست نییە کە دەڵێت "کورد بارودۆخی خراپە لە باکور، نـا ڕاست نییە، گەر سـەیر بکرێـت کە بـارودۆخی کـورد لە چ بـارودۆخێکی خراپـدا بـوو ئێسـتا گەیشـتۆتە کـوێ، بـاس لە هەمـوو ئەو سەرکوتـانە ناکەم کە لە ١٩٢٣ و سەردەمی ئاتـاتورک دژی کورد کراوە، بەڵکـو تەنهـا لە نێوان سـاڵانی (١٩٩٠ - ٢٠١٢) (١٠) حزبی کوردی داخراون، (HDEP ،DTP ،HP... هتد) دەکرێت پانۆرامایەکی ئەو سەرکەوتنانەی کورد پۆلێن بکەین:

- بـارودۆخی کـورد، وردە وردە لە دوای دروسـتبوونی PKK لە ٢٧ - ١١ - ١٩٧٨ و خەبـاتی چەکـداری تەبـاخی ١٩٨٤، بەڵام لەپاش کودەتاکەی کەنعان ئیڤرین لە ١٢ - ٩ - ١٩٨٠ فشارەکان لەسەر کورد زیاتر بوو.

- سەرەڕای فشارەکان، یەکەم هەوڵی خەباتی مەدەنی و سیاسی (بزوتنەوەی کۆمەڵگای دیموکرات) بـوو لە (١٩٩٠) تـوانی لە ڕێگـای پـارتی ڕەنج (١٨ (HP کورسی دەستەبەر بکـات و دواتـر تەنهـا لەسـەر سوێند خـواردنی ئەو

پەرلەمانتارانە بە کوردی لە ٨ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤ سزای (٨ - ١٢) ساڵ زیندانی سەپاند بەسەر (لەیلا زانا، ئەحمەد تورک، خەتیب دیجلە، ...هتد).

- لە حوزەیرانی ١٩٩٤ پارتی (DP) داخرا.

- لە ئایاری ١٩٩٤ پارتی دیموکراتی گەل (HDP)خۆی ڕاگەیاند، بەڵام لە هەڵبژاردنی ١٩٩٥ نەیتوانی سەربکەوێت.

- ساڵی ١٩٩٧ پارتی گەلی دیموکرات (DHP) دامەزرا، لە هەڵبژاردنی ١٩٩٩ نەیتوانی سەربکەوێت.

- ساڵی ٢٠٠٢ (DHP) داخرا.

- ساڵی ٢٠٠٧ پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (DTP) توانی ٢١ کورسی مسۆگەر بکات.

- لە ساڵی ٢٠٠٩ (DTP)ش داخرا.

- پاشان پارتی ئاشتی دیموکراسی (BDP) دامەزرا، لە هەڵبژاردنی ٢٠١١ توانی (٣٥) پەرلەمانتاری دەربچێت تا لە ٢٠١٤ داخرا.

- لە ١٥ ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) لە هەڵبژاردنی ٧ - ٦ - ٢٠١٥ توانی بەربەستی (١٠%) بشکێنێت و (٦) ملیۆن دەنگی هێنا و (١٣%)ی دەنگەکان و (٨٠) پەرلەمانتاری بەدەستهێنا و لە خوولی دووهەمیشدا (٥٩) کورسی بردەوە و دواتر زۆرینەی خستە زیندانەوە.

- HDP کە خاوەنی (١١٥) سەرۆکی شارەوانی بوو، بەڵام لە (٢٠١٦) (٢٨) لابردن و نوێنەرایەتی حکومەتی تورکیا (قەیوم)ی دانا، ئێستاش کورد لە باکور خاوەنی (دوو حزبی کوردیی جەماوەرییە، پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (DBP) و پارتی دیموکراسی گەلان (HDP).

- لەلایەکی ترەوە تەنها بەهۆی کودەتاکانی تەمموزی ٢٠١٦ (١٩١،٨٠٤) کەس لە ئەفسەر و جەنەڕاڵ لە کارەکانیان دوور خراونەتەوە.

- لەناو وڵاتێکی ناهامۆجین و مۆزایکێکی چڕدا کە گروپە ڕەگەزیی و ئیتینییەکانی زۆرە وەک: (٧٠،٢% تورک، ٢٠،٤% کورد، ٢،٣% قەوقاز، ٢،٢% عەرەب، ٠،٩% فارس، ٠،٧% ئازەری) زۆر سەختە کورد بوون و بەدیهێنانی خواستەکانی کورد، بەڵام سەرەڕای پاشەکشەی دەنگەکانی HDP، بەڵام هێشتا کورد بوون لەوپەڕی ئەوجی خۆیدایە و گرفتەکانیش بەردەوامن.

***بۆیە پاش هەڵبژاردنەکان و ئەنجامەکانی پێدەچێت بارودۆخی تورکیا بەرەو خراپتر بچێت:***

**یەکەم**: AKP بەردەوام دەبێت لەسەر سیاسەتی قەیووم و تۆتالیتاریزمی ناوچە کوردنشینەکان و بەرتەسک کردنەوەی سنورەکانی ئازادی.

**دووەم**: فشار و سانسۆری زیاتری تورکیا لەسەر (CHP) و ((YParti وە ئاسان نییە، (AKP) لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتوودا، گەر بردنەوە یان دۆران دەستەبەر بکەن و ڕادەستی ئەو هێزانەی تری بکات.

**سێیەم**: دەوڵەت و (PKK) لە بەهاری ئەمساڵدا قۆناغێکی تری شەڕی سەخت لە نێوانیاندا ڕوودەدات وەکو ئەڵتەرناتیڤی پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن.

**چوارەم**: پێشێلکاری زۆرترین مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی میدیا و ئەوەش فایلێکی گەرمە کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرە و واشنتۆن و برۆکسل خراپتر دەکات.

**پێنجەم**: خراپبوونی زۆرتری ئابوری تورکیا و قەیرانی زۆرتر و دابەزینی بەهای دراو و لیرەی تورکی.

**شەشەم**: گەرم و گوڕتر بوونی تورکیا بۆ پەلاماردانی ڕۆژئاوای کوردستان و گرژی و ئاڵۆزی نێوان ئەنکەرە و پەیەدە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٩

# دکتۆراکەی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتیش-ە



عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بۆ زۆرینەی گەلی کوردستان و بەشێکی فارسەکان و هەندێک لە ئەوروپییەکان، ناوێکی ئاشنا، ناسراو و خۆشناوە.

هەرچەندە، ئەو پەنجا ساڵە لە ریزی حزبی دیموکراتی کوردستاندا خەبات و تێکۆشانی هەیە و چەندین جاریش وەکو دەفتەری سیاسی و سکرتێری حزب کاندید بوە و تاڵ و سوێری زۆری ڕۆژگاری بۆ کورد و حزبەکەی چێشتووە، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ زەررییەک لەوانە پەشیمان نییە، بەو چەند جارەشەوە کە لە هەوڵی تیرۆرکردن ڕزگاری بوە، وەکو خۆی دەڵێ «بە سوتفە نەجاتی بوە، جارێک دوای شەهیدبوونی قاسملۆ، کەسێک هاتبوو بۆ تیرۆی من و مام جەلال و لەو ساڵانەشدا کەسێکی تر هاتبوو بۆ تیرۆری من و عەبدوڵڵا موهتەدی».

حەسەن زادە، کەسێکی زۆر بە ویژدانە، چ لە زەمی نەیارانی، چ لە وەسفی یارانیدا، هەمیشە دەڵێت «بەڵگەم نییە و نازانم ئەم ڕووداوە چەند ڕاستە و ئەم کەسایەتییە چۆن بوە»، بەڵام لە پاڵ ئەوانەدا هەمیشە خاوەنی رەئی ڕاشکاوانەی خۆیەتی.

ئەو دۆستی زۆر لە سەرکردە گەورەکانی گەلی کوردە، لە وەسفی مام جەلالدا دەڵێت «سەرکردەیەکی گەورە بوو، بە سێ سەعات دانیشتن لەگەڵیدا دەبوویتە دۆست، ئەگەرچی زۆر جاران، ناکۆکی و دەنگە دەنگمان بوە، بەڵام هەمیشە ڕێزی تایبەتی لێ گرتووم».

لە وەسفی شەهید د.عەبدولرەحمان قاسملۆدا دەڵێت «ئەو نزیکترین دۆست و هەڤاڵی من بوە و هەرگیز سەرکردەی وا لە کورددا هەڵناکەوێتەوە». دەڵێ «قاسملۆی من، قاسملۆی ئەوانی تر نەبووە»، هەروەها دەڵێت «قاسملۆ لە باری مادییەوە ماتریالیست بوو، لە باری نەتەوەییەوە لە هیچ ناسیۆنالیستێک کەمتر نەبوو»، ئەوەش دەڵێ «زۆرجار مخالیفی سیاسەتی قاسملۆ بووم، وەکو ئەوەی دەبێت شەڕی سەرتاسەری کۆمەڵە ڕابگەیەندرێت، یان دەبێ کۆمەڵە بە ڕەسمی دیموکرات بە شۆڕشگێڕ بناسێت».

لە وەسفی قازی محەممەددا دەڵێت «چەپ بوو، بەڵام مارکسیست نەبوو، ناسیۆنالیست بوو بەڵام فیئوداڵ نەبوو». سەبارەت بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێت «بە پیلان دەستگیر کرا، عەمری کینیا نەمێنێت بۆ پێنج ملیۆن دۆلار تەسلیمی کردۆتەوە، داوایکردایە ئۆجەلان دە ملیۆن دۆلاری دەدانێ».

ڕۆژی ٢٦ سەرماوەرز، کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوە لە ١٣٢٤ و دواتریش کرا بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشنیاری ئەو بووە.

ئەوەش دەڵێ «وشەی پێشمەرگە بۆ ئەوەی ببێتە ناو بۆ شۆڕشگێڕی چەکداری کورد لە ١٥ ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٤ - ٢ - ١٩٤٦) ستادی حزبی دیموکرات، حزبەکەی مامۆستا ناویان نا پێشمەرگە».

عەبدوڵڵا حەسەن زادە زۆرینەی ژیانی بۆ خەباتی سیاسی تەرخانکردوە، بەڵام لە پاڵیدا کاری وەرگێڕانیشی کردوە، بۆیە دوو بۆچوون لەسەری هەیە، یەکەمیان دەڵێ «خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ حەسەن زادە، بۆشاییەکی گەورەی دروستدەکرد، چونکە یەکێکە لە کارێزماکانی ئەو ڕەوت و بزوتنەوەیە»، لەوەش زیاتر هاوڕێیانی کۆمەڵە دەڵێن «عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هێندە دیموکراتییە (مەبەست حزب)ە لە دیموکرات، دیموکراتیترە و بگرە لە قاسملۆش، بە ناسیۆنالیستی عەیار بیست و چواریشی دەزانن، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ «خۆ ناسیۆنالیست بوون عەیب نییە».

دووهەمیان دەڵێن «بریا تەنها خەریکی کاری وەرگێران بووایە، نەک سیاسەت، چونکە لە ڕێگای ئەوەوە ئاشنابوون بە ئەدەبیاتی گەورەی جیهانی، بە زمانی کوردی پاراو».

بەڵام بۆچوونی خۆی ئەوەیە، «کە لە هیچکامیان پەشیمان نییە، هێشتاش لەسەر هەردوو ڕێبازەکە بەردەوامە».
ڕۆمانی حەمەدۆک کە لە نوسینی یەشار کەمال - ە، گێڵە پیاو کە لە نوسینی عەزیز نەسین - ە، دوو شاکارن کە ئەویان زۆرتر ناساند و خۆشەویستی کرد لای خوێنەرانی کورد زمان.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کە خۆی بە خوێندکاری د.قاسملۆ دەزانێت، بەڵام لەگەڵ زۆر ڕووداوگەل نەبوە کە لە حزبەکەیدا پێشهاتووە، وەک جیابوونەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، دوایین جیابوونەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستان، دوایین کتێبی مستەفا هیجری (نسکۆ و دابڕان)ی سکرتێری حدکا، پێیوایە ئەو ڕووداوانە کاریگەری خراپی لەسەر حزبی دیموکرات و بزووتنەوەی حەقخوازانەی ڕۆژهەڵات داناوە، بەڵام ئێستاش زۆر ئاسوودەیە کە لەگەڵ زۆر لەو هاوڕێیانەی لە یەک حزبدان وەک (جەلیل گادانی، بابەعەلی میهرپەروەر، حەسەن رستگار، حوسێن مەدەنی...هتد) لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا تێدەکۆشێت هەردوو دیموکرات یەکبگرنەوە.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرەڕای ئەو کتێبە ئەدەبیانە، چەندین کتێبی تری هەیە، وەک چل ساڵ خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان، کە لەگەڵ د. قاسملۆ نوسیویانە، پەنجا ساڵ خەبات و تێکۆشانی حزبی دیموکرات، دوایین کتێبی لە ساڵی ٢٠١٩ چاپبووە (حەقیقەتی مێژووە، باس لە ڕووداوەکانی حەفتا ساڵ خەباتی کورد، حزبی دیموکرات و ڕووداوگەلی گەورە و شاراوە دەکات، کە زۆر کەس نەیزانیوە، ئەو بە یەقین و بڕواوە باسیان دەکات، لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ.ک) و کۆماری مهابادەوە تا ئێستا)، بەڵام بە ویژدانەوە دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی دەقیق و ڕاستگۆیانە لە زانکۆکان بخوێندرێت، یان سوودی لێوەربگیرێت.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرەڕای ئەوەی زمانەکانی عەرەبی و فارسی دەزانێت، کوردییەکەشی زۆر تایبەت و شارەزایانەیە، کە ڕەنگە یەکێک بێت لەو دەیان کەسەی هێندە پسپۆرن لە زماندا و ئەو ئێستاش ڕۆژانە لە پشت مێزە بچکۆلەکەی لەناو ژوورەکەی لەناو قەڵای دیموکرات لە کۆیە، هەر خەریکی نوسین، وەرگێڕان و کاری سیاسییە.

خاڵێکی تری مامۆستا ئەوەیە، ئازایە لە وتنی ڕاستییەکان و باسکردن لە ڕابردووی خۆی و حزبەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا زاکیرەی زۆرباشە و هەمیشە و بەردەوام ئارەزووی نوێگەری و شتی باشە.

نەیارەکانی دەڵێن «هێشتا ئەوە، کە حزبی دیموکرات هەڵدەسوڕێنێت و هەمکارەیە»، بەڵام هەڤاڵ و هاوڕێیانی دەڵێن «ئەو یەکێکە لە ڕێبەرانی ئێمە، ئەزموون و وانەکانی زۆر شتی لێ فێر دەبین و بە کاریزمای حزبی دیموکراتی دەزانین».

بەڵام خۆی دەڵێت «من ئەندامم لە حزبی دیموکرات و هیچی تر»، لە دوایین کۆنگرەی حزبەکەشیدا (کۆنگرەی شانزە)دا، کاتێک ئاسۆ حەسەن زادەی کوڕی خۆی کاندید کرد بۆ سکرتێری حزب، ئەو نیگەران بوو پێیوابوو هێشتا زووە بۆ ئەو کارە، کە بێگومان لە تەوازعی بوو بۆ حزبی دیموکرات، نەبادا بڵێن کوڕەکەی خۆی کاندید کردوە، بەڵام دواتر بوە جێگری سکرتێری حزب، لە پاڵ مستەفا مەولودیدا، کە مامۆستا پێیوایە پیاوێکی تیکۆشەر و ماندوونەناسە.
بەڵام واقیعییەت ئەوەیە عەبدوڵڵا حەسەن زادە، نە وازی لە کاری حزبی و سەرکەوتنی دیموکرات هێناوە، نە وازیشی لە وەرگێڕان و کاری ئەدەبی هێناوە، چونکە سیاسەت و ئەدەب دوالیزمێکن شان بە شانی یەک دەڕۆن لە ژیانی عەبدوڵڵا حەسەن زادەدا.

خۆشم کە نزیکەی بیست ساڵە هاوڕێی نزیکی مامۆستام، زۆر شتی لێ فێربووم، کە لە هەموو سەرکردە و سکرتێر و نوسەرێکدا نییە، بۆیە پێدانی دکتۆرای شانازی و فەخری بۆ ئەو، نەک هەر زۆر خۆشحاڵی کردم، بەڵکو پێموابێت شتی گەورەتری قابیلە.

هەر بۆیە کاتێک د. وەلی مەحموود - سەرۆکی زانکۆی کۆیە ئەو بابەتەی لەگەڵ باسکردم زۆر خۆشحاڵ بووم، وتم تا زووتر بکرێت باشترە، هەر بۆیە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار قسەمانکرد و ئەویش زۆر بە کارێکی باش و شایستەی زانی و هەوڵی خۆیدا، هەرچی زووە کارەکە دوانەکەوێت و زوو بکرێت.

ئەوەش کە لە سوپاسنامەیەکی مامۆستا بڵاوکرایەوە، کە زۆر بە توازعەوە نوسراوە، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە ئیتر عەبدوڵڵا حەسەن زادە دکتۆرە و دکتۆرای هەیە و شایەنییەتی.

دەبێت ئەوەش بڵێم، ئەم دکتۆرایە ڕێزگرتنە لە مامۆستا و حزبی دیموکرات و گشت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە سادەترین ڕێزلێنان و پێزانینە بەرامبەر کوردی ڕۆژهەڵات و خەبات و تێکۆشانیان، کە ڕەنج و هیلاکەتی

زۆریان چێشتووە لە پێناو گەلی کورددا، بۆیە زانکۆی کۆیە دەستپێشخەری گەورە و مێژوویی کرد و هیوادارم لە ساڵانی داهاتوودا ئەو خەڵاتە بداتە کەسانی تری وەک د. قاسملمۆ، فۆاد مستەفا سوڵتانی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، حەمید دەرویش و خەڵکانی تر، کە لە پێناو ئارمان و ئامانجی گەلی کورددا گیانیان بەختکرد یان هێشتا لە ژیاندا ماون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٩

# ماڵی مام



**- کاتی نۆڤلێتی (سەگوەر)ی حەمە موکری لە شاخ بڵاوبووەوە، هەرای نایەوە و برادەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران زۆر توند بوون دژی ئەو نووسینە و داوای سزادانی نوسەرەکەیان دەکرد.**

***مام جەلال وتی: پێویست بە قسەی توند ناکات, دەکرێت وەڵامی بدەنەوە و ڕەخنە ئازادە.***

**- کاتێ نۆڤلێتی (مولازم تەحسین و شتی تر)ی فەرهاد پیربال لە شار بڵاوبووەوە، کێشەیەکی زۆری لێ پەیدا بوو، گوایە سوکایەتی بە شۆڕش و شاخ... کراوە.**

**مام جەلال وتی: کەس بۆی نییە هەڕەشە لە فەرهاد پیربال بکات و هەر کەس قسەیەکی هەیە بینوسێت, وەڵام بداتەوە, نوسین ئازادە و وەڵام دانەوەش ئازادە.**

**- لە سەرەتای دەیەی هەشتاکاندا، کاتێک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە - ئێران، هاوکاری مام جەلال و ی.ن.ک دەکات، بەڵام پاش سی ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا ڕۆژێک مام جەلال دەپرسێت، ئەڕێ کاک (ساعید وەتەندۆست. مامۆستا برایم)ەکەی خۆمان چیدەکات؟ هاوڕێکەی دەڵێت «لە سویدە خەریکی کارە»، مام جەلال دەڵێت «حەز دەکەم بێتەوە» و دواتر پێیدەڵێت «تۆ ڕۆژانێک دۆستایەتی و هاوکاری ئێمەت کردووە، زۆر کەس نەیاندەوێرا سڵاوێکمان لێبکەن، بۆیە ئەو چاکەیەی تۆ هەرگیز لە یاد ناکەین».**

مام جەلال ئاوەها وەفادار بوو، بۆ دۆست و هاوڕێ نزیکەکانی تاسەر وەفادار مایەوە بۆ ئەوانەی ڕۆژێک بە وشەیەک یان کولێرەیەک هاوکاری شۆڕش و پێشمەرگە و (ی.ن.ک)یی کرد بێت.

- ئەوکاتەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٩ لە کینیا دەستگیرکرا، مام جەلال، کەسێک ڕادەسپێرێت سەردانی جەمیل بایک، پەکەکە و قەندیل بکات و پێیان بڵێت مام جەلال لە پشتییانە و خەبات بەردەوام بکەن و هەرچییەکیان پێویست بوو ئاگادارم بکەن، واتا مام جەلال چەندە لە پشت شۆڕشی خەڵکی کوردستانەوە بوو، چەندە لەو کارەساتە نیگەران بوو.

- کاتێ ... د.سادقی شەرفکندی سکرتێری (حدک) تیرۆر کرا و کاتێک د.جەعفەر شەفیعی ڕابەری کۆمەڵە شەهید بوو، هەموومان گوێمان لێبوو، مام جەلال لەسەر گڵکۆی ئەو دوو شەهیدە، لە مەراسیمی بە خاکسپاردنیان چی وت و چۆن وەسفی گیان لەدەستدانی کردن، وتی, گیان لە دەستدانی دوو تێکۆشەری ڕۆژهەڵات, خەسارەتی گەورەن لە بزوتنەوەی گەلی کوردستان و پڕبونەوەی جێگەیان کارێکی زەحمەتە.

- کاتێک شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس لە شەهید بوونی پێنج کادری حزبی کۆمۆنیست هەڵوێستی نواند، مام جەلال سوورتر بوو لەسەر پشتیوانی دەزگای سەردەم و شێرکۆ بێکەس و وتی: مامی خۆتان, بەردەوام لە پشت ئەم دەزگا مەعریفی و ڕۆشنبیرییەوە دەبێن و بە هەموومان پشتگیری دەکەین و مافی خۆشتانە ڕەخنە بگرن.

- کاتێ ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە ٢٠١١ سەریهەڵدا، مام جەلال پشتیوانی گەورەی لە مامۆستا حەمید دەروێش - سکرتێری پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردی سوریا کرد و وتی: تۆ لە ڕۆژانی زۆر سەخت و تاریکدا، هاوکاری شۆڕش و ی.ن.ک کرد، بۆیە ئێمە ئەو چاکە و دڵسۆزییەی تۆ لە بیر ناکەین و کاتێک کۆچی مام جەلال بینیمان حەمید دەروێش چۆن دەگریا.

واتا مام جەلال تێکۆشەرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی گەورە بوو لە پێناو هەموو پارچەکانی کوردستاندا و هەمیشەش کە هەردوو دەستی دەگرت هەر چوار پەنجەی وەکو نیشانەی یەکگرتوویی چوار پارچەی کوردستان نیشاندەدا.

لە پرسی پێکەوە بوونی هێزەکانی کوردستان، هەمیشە باسی فەلسەفەی چەپکە گوڵی دەکرد.

لە بابەتی هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیری، پاڵپشتی و باربۆی زۆرینەی پرۆژەکانی دەکرد، لە پاڵ دابینکردنی ئازادی بەرفراوان بۆ نوسەران، ئەدیبان، ڕەخنە،ڕەخنەگرتن و فەراهەمکردنی ئازادی.

ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە فەراهەمکردنی ئازادی، عەقیدە و بەیان، بۆیە دروستکردنی (ماڵی مام) لە پای ئەو هەموو گەورەیی، دڵسۆزی، تۆلێرانس، فەراهەمکردنی ئازادی، یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی، وەکو سیمبوڵێکی جاویدانی دەتوانرێت سەیر بکرێت و پشتیوانی بکرێت.

ڕۆژێک, یەکێک لە سکرتێری حیزبە سیاسیەکان, نامەیەک دەنێرێت بۆ مام جەلال و نامەکە توند دەبێت. بەڵام مام دەڵێت هەقی خۆیەتی نیگەرانبێت, دواتر میوانداری دەکات و دەڵێت نامەکەتم خوێندەوە.

مام, بەهەقی دەوت هەق . لە ڕەخنە و گلەیی هەڤاڵ و دۆست و ڕەفیقەکانی نیگەران نەدەبوو . بەدڵێکی فراوان وەری دەگرت.

عەبدوڵا حەسەن زادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەدوایین کتێبی خۆیدا (حەقیقەتی مێژوو) کە چەند ڕۆژێکە چاپ بووە و بڵاوبوتەوە، سەبارەت بە مام جەلال دەڵێت، چەند جار لەسەر چەندین بابەت، دەنگە دەنگمان بووە، بەڵام قەت لەیەکتری عاجز نەبووین، دەڵێت،، هەرچی کەسێک, سێجار مامجەلالی دیبا، دەبووە برادەر و هاوڕێی، بەڵام خەڵکی وایە سێ ساڵ لەگەڵی تێکەڵ بیت، ناتوانێت ببێتە برادەری».

هەزاران چیرۆکی گەورە هەن لەمێژووی ژیانی مام جەلالدا، کە دەیسەلمێنێت، چەندە لێبوردە، گەورە، تۆلێرانس، پشتیوانی لە مافی گەنجان، ژنان، پشتیوانی لە نوسەران و ڕەخنەی ئازاد کراوە.

بۆیە (ی.ن.ک) یان کارەکتەرێک دەبێت بدۆزینەوە، کە لانی کەم ئە سیفەتانەی مام جەلال، بگرێتە خۆیی و تۆلێرانس و لێبوردەبێت.

**(ماڵی مام) ماڵی مامە، بۆ هەموو هەڤاڵان، هاوبیران، ئازادیخوازان، ڕۆشنبیران و خەڵکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و دۆستانی گەلی کورد لە ناوچەکە و جیهان.**

**ئەم پرۆژەیەی (ئاکۆ غەریب و دوو ئەندازیاری تری هاوکاری) شایستەی باربۆکردن و ڕێزگرتن و پشتیوانییە.**

**هەموو ئەوانەی ڕۆژێک یارمەتی شۆڕش و (ی.ن.ک)یان دابێت، مام جەلال هەرگیز لەبیری نەکردوون.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٩**

## رۆڵی هەڤاڵ مام جەلال لە بنیادنانی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستاندا

ئەوکاتەی دوژمنەکانی گەلی کورد (بەتایبەتی ڕژێمی بەعس، هاوبۆچونەکانیان)، ئەوکاتەی نەیارە ناوخۆییەکان، بانگەشەی ئەوەیاندەکرد. لەپاش هەرەس، هەرگیز ئیمکانی نییە، شۆڕش دروستبێتەوە و بزوتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کوردستان بەرپابێتەوە.

ئەوکاتەی، نائومێدی باڵی کێشابوو بەسەر شار و گوند و شاخی کوردستاندا و خەڵکی ئیرادەیان لەدەست دابوو. دوژمنان و نەیاران بانگەشەی مەترسیداریان بڵاودەکردەوە.

ئومێد و هیوایەک، لەناو ئەو هەموو ترس و خۆف و تەمتومانەدا. خۆی دەرخست و مژدەی بەردەوامی شۆڕش و هەستانەوەی دا بەگوێی ملیۆنان لە خەڵکی کوردستاندا.

چەخماخەی شۆڕشی چینایەتی و هیومانیستی لەژێر مانفێستی (مارکیسیزم - لیننیزم) و خزمەتکردن بەخەڵکی چەوساوەی کوردستان، دیفاع لەکرێکاران و زەحمەتکێشان خۆی ڕاگەیاند. بەڵام بەلەبەرچاو گرتنی پرسی نیشتیمانی و نەتەوەیی لەژێر تێزەکانی لینین (بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین) شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان موعجیزەیەکی خوڵقاند، بەعسی توشی شۆککرد، کەوتە گرتن و ڕاوەدونان-لەسێدارەدانی بونیاد گوزەرانی ئەو شۆڕشە و نەیارەکانیش، سەر لەنوێی کەوتنەوە پلان چنین و پیلانگێڕی دژی شۆڕشە نوێیەکەی گەلەکەمان.
بەڵام ئەوەیان بیرچوبوو، شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی کاریزمای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گەلی کوردستان لەسایەی (هەڤاڵ مام جەلال)دا دەستپێکردۆتەوە. لەپاڵ دەیان هاوڕێ و هەڤاڵی تێکۆشەری خۆیدا. بڕیاریانداوە شکست بەشکست بهێنن.

هەر بەخۆشەویستی، هەڤاڵ مام جەلال و حەقخوازی شۆڕشەکەیەوە. زۆر لەوڵاتانی ناوچەکە پشتیوانی خۆیان بۆ ئەم ڕابەرە بێ وێنەیە کەهەرگیز لەخەباتی گەلی کوردستاندا دووبارە نابێتەوە ڕاگەیاند.

لەپارچەکانی تری کوردستان، لەڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵە) ڕابەرانی ئەم حەرەکەتە (سەلاحی موهتەدی، عەبدوڵای موهتەدی، فواد موستەفا سوڵتانی، خانەی موعینی، ئیبراهیم عەلیزادە، عومەری ئیلخانیزادە، ساعیدی وەتەن دۆست، جەعفەری شەفیعی)

لەڕۆژئاوای کوردستان پارتی دیموکراتی پێشکەوتووخوازی کوردستانی سوریا بەڕابەرایەتی (مامۆستا حەمید دەرویش)، لەباکوری کوردستان، هێزگەلی جیاواز و کەسایەتی (د.شوان، هەڤاڵ خەجۆ) هەموو هەوڵ و ئیمکانی خۆیان بۆسەرکەوتنی شۆڕش و هەڤاڵ مام جەلال ڕاگەیاند.

بەم جۆرە (ی.ن.ک) خۆی ڕاگەیاند، خەباتی سیاسی - سەربازی - پێشمەرگایەتی و میدیایی خۆی خستە سەرپێ و شۆرش لەهەموو کوردستان بڵێسەی سەند و بەدەیان هەزار کەس لەدەوری خۆی کۆکردەوە.

ئەوە حەقیقەتی مێژوویە کە شۆڕش هەردەبوو. بەڵام شۆڕش بەبێ مام جەلال سەرکەوتوو نەدەبوو.

لەپاڵ ئەم حەقیقەتەدا. دەبێ ئەوەش بڵێین (شۆڕش بەبێ ڕادیۆی گەلی کوردستان) وەها سەرکەوتوو نەدەبوو.

بۆیە یەکێک لە کۆڵەگە گرنگەکانی شۆڕش، دابینکردنی ڕادیۆیەک بوو. کەوەکو لەبەڵگەنامەو دۆکۆمێنتەکان دا دیارە. هەڤاڵ مام جەلال زوو کەوتە دابینکردن، نامە مێژوویەکەی بۆ هەڤاڵ عومەر شێخ مووس بۆدابینکردنی ڕادیۆیەکی باشتر و پێداویستیەکانی، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کەمام جەلال چۆن لەپشت بونیادنانی ڕادیۆی گەلی کوردستان و خەبات و مێژووی پڕ شانازیی ئەم ڕادیۆیەوە.

بەواتایەکی تر، سەرکەوتنی ئەم ڕادیۆیە و بەردەوامی بۆ ماوەی چل ساڵ (١٩٧٩ - ٢٠١٩) فاکتەری گرنگ و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەپشتیوانی هەڤاڵ مام جەلال- ەوە هەیە.

چ لەدابینکردنی تەکنەلۆژیای ساکاری ئەو سەردەمە.
چ لەخوڵقاندنی فەزای ئازاد و ئازادی ڕاگەیاندن و بەدیهێنانی دیموکراسی بۆی.

ئێستا کەیادی ئەم ڕادیۆیە دەکەینەوە. یادی هەڤاڵ مام جەلال وەک چرایەکی ڕۆشن بۆ ئەم ڕێگا پڕ ڕێبوارە دەدرەوشێتەوە و جێگەی شانازی هەموو هەڤاڵانی یەکێتی و خەڵکی کوردستان و گوێگرانی ئەم ڕادیۆیەیە.

دەبێ ئەوەش بڵێم ڕۆڵی هەڤاڵان (مەلا بەختیار، نەوشیروان مستەفا، هێرۆ خان، دلێری سەید مەجید، عومەر شێخ مووس، د. خدر مەعسوم، عادل موراد) لەم پێناوەدا، گەورە و مێژوویە، دواتریش ڕۆڵی هەڤاڵان (ئەرسەلان بایز، مامۆستا جەعفەر، مامۆستا موحسین، فەرید ئەسەسەرد، یوسف زۆزانی، هۆشیار عابد) و دواتریش کارەکتەرەکانی (فەرهاد سەنگاوی، هەڤاڵ چیا، حاکم فەرهاد، خالید دۆسکی، مەحمود ڕەزا، باست حەمە غەریب، هەڤاڵ زێرەڤان، شوان کەریم کابان، پشکۆ ناکام ، هەڤاڵ ڕزگار) بەرز ڕادەگرین.

لێرەوە سڵاو لەهەموو ئەو هەڤاڵانەی لەپێناو ئەم ئێزگەیەدا قوربانیان دا.

شانازیەکی گەورەیان بۆمێژووی خۆیان تۆمارکرد.

هەروەها ڕۆڵی هەڤاڵ مستەفا سالح کەریم و دەیان هەڤاڵی تر بەرز ڕادەگرین. لە چل ساڵەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستاندا. شانازی دەکەین کە بەردەوامین لەسەر خەبات و تێکۆشان، ڕێگەیان پڕ ڕێبوار بێت.

* بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٩

## هەوڵەکانی ئازادکردنی ئۆجەلان

چەند ڕۆژێک لەوەو پێش، بیست ساڵ تێپەڕبوو بەسەر دەستگیرکردنی ئۆجەلان. بەلاّم هەوڵەکانی ئازادکردنی و کۆتایی هێنان بەشەڕی نێوان ئەنکەرە و قەندیل. هەرچەندە بەردەوامن. بەلاّم دەبێت یەکلا بکرێنەوەو بگەنە ئاکام .

لەدواین دیداری زوبێر ئایدار ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (کەجەکە) بۆ کوردستان دیبلۆماتیک دەڵێت،، دواینجار پێش نەخۆشکەوتنی، مام جەلال، پەیامی بۆ ئێمە ناردو وتی،، من وەک سەرۆکی عێراق هەوڵێک ئەدەم بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان و دەمەوێت دەست بە کارێک بکەم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بجوڵێنم...،،

هەوڵێکی ئەمریکیەکانیش هەبوو، بۆ ئەوەی ئەنکەرە و قەندیل بگەنە ڕێکەوتن و دواتریش ئۆجەلان ئازاد بکرێت، بەلاّم تورکیا هێشتا ملی بۆ ئەو داواکاریەش نەداوە.

دانوستانەکانی ئۆسلۆی نێوان ئەنکەرە - قەندیل کەبەئاگاداری بەریتانیەکان. دەیتوانی دەرفەتێکی باش بێت. بۆ چارەسەری پرسی کورد و ئازادکردنی ئۆجەلان بەلاّم بەئاکام نەگەیشتن.

هەوڵەکانی دەزگای میت و هاکان فیدان بۆ دانوستان لەگەڵ پەکەکە - قەندیل لەلایەن جەمیل بایک و پەکەکە ڕەتکرایەوە لە (٢٠١٥)دا بایک پێی ڕاگەیاندبوون ئەگەر دانوستان دەکەن لەگەڵ ئۆجەلان لە ئیمیڕاڵی ڕێککەون، ئێمە ڕازین . بەلاّم تورکەکان ئەم کارەیان نەکرد.

دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە (١٥ - ٢ - ١٩٩٩) لە نایرۆبی لە کینیا، هێشتا ڕوداوێکە زۆربەی نهێنیەکانی ئاشکرا نەبوون...

ڕاستە گەلە کۆمەکێکی نێودەوڵەتی بوو لەنێوان (ئەمریکا، ڕوسیا، یۆنان، تورکیا، هۆڵەندا، ئەڵمانیا، کینیاو ئیسرائیل ..) بەلاّم گرێبەست ، قازانج و ڕیککەوتنی نێوانیان، هێشتا دیارنیە.

دیارنیە کارتەکانی نێوانیان چۆن ئاڵوگۆڕ پێکراوە، ئەوەی دیارە لەو کارەدا. کینیا پێنج ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. ئەوەی دیارە، کە باس لە خیانەتی هاورێکانی ئۆجەلان و هەندێک بەرپرسی پەکەکە دەکرێت

سەبری ئۆک، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (کەجەکە) دەڵێت،، گومانی زۆرهەیە ماهیر و وڵات و کانی یەڵماز، دەستیان لە پیلانگێریەکەدا هەبوبێت، بێگومان هەردوو ناوبراو بەرپرسی یەکەم و کاریگەر بوون لەناو پەکەکە دا . کە یەکەمیان دوای ئەو ڕوداوە خۆی ونکردووە و دوو هەمیشیان باس لەوە دەکرێت لەلایەن پەکەکەوە بەتۆمەتی خیانەت کوژراوە.

بریتا بولەری هۆڵەندی، خاوەنی کتێبی ،، گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک،، بەوردی ڕوداوی گەشتی ئۆجەلان لە (سوریاوە تا کینا) و خیانەتی هاورێکانی و گەلەکۆمکی ئەمریکا، ڕوسیا و یۆنان باس دەکات.

بابەتی گرنگی ئەو گەشتە ئەوەیە گەر ئەو شەوەی ئۆجەلان فڕۆکەکەی لە یۆنانەوە بۆ هۆڵەندا فڕی، هۆڵەندا و سەرۆک وەزیران ئاسمانی هۆڵەندایان بەڕووی فڕۆکەکەی ئۆجەلاندا دانەخستایە، چارەنوسی ئۆجەلان. وەک ئێستا نەدەبوو، ئەمەش ڕوونە، گەورەترین هەڵەی ئۆجەلان دەرچوونی بوو لە ڕۆما - ئیتاڵیا. بەخاتری ماسیمۆ دالیما.

بێگومان پیلانگێڕی ماهیر وڵات و وڵاتان، ڕۆڵی هەبووە لە دەرچونی لە ڕۆما، تابکەوێتە ناو ئەو پیلانە چنراوەی وڵاتان چنیویانە.
لێکۆڵینەوە تازەکان، ئەوە باس دەکەن، کە قوبرسی یۆنانیش لە پیلانگێڕیەکەدا بووە، چونکە تێپەڕینی فڕۆکەکەی تورکیا کە ئۆجەلانی هەڵگرتبوو بە ئاسمانی قوبرسدا فڕیوە، بەبێ ئاگاداری پێشوەختە.

بەمدوایانەش، حەسەن ئۆشگوزار، کە ئەوکاتە ڕاوێژکاری وەزارەتی گواستنەوە بووە، یەکێک بوە لە ئەندامانی تیمی فڕاندنی ئۆجەلان. باس لە بەشداری ڕاستەوخۆی یۆنان دەکات لە پیلانگێڕیەگەدا، دەڵێت،، چەند ڕۆژ بەر لە پیلانەکە، باڵیۆزی یۆنان لە کینیا، ڕاپۆرتێکی وەزیری دەرەوەی یۆنانی پێدەگات، کە ئۆجەلان لەناو باڵیۆزخانە بێهۆش بکرێت و دووربخرێتەوە، هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ناوی ئۆجەلان بە (دایە گەورە) هاتووە و دەقی نامەکەی وەزیری دەرەوەی یۆنان دەڵێت، گەر پێویستی کرد، دایەگەورە بەزۆر فڕێ بدەنە دەرەوە،،

ئەمانەی باس دەکرێن، سادەترین چیرۆکی تەندراوی بێ مۆراڵی وڵاتانی ئەوروپای بەناو دیموکراسیە. گەر پێویستیش بکات سەدانی تری وەکو ئۆجەلانی بۆ دەکەنە قوربانی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابورییەکانیان.

ئێستا باسی گەرم ئەوەیە، تورکیا بۆ ئۆجەلان ئازاد ناکات، پاش بیست ساڵ، بەو ئاکامە نەگەیشتووە، زیندانی ئۆجەلان چارەسەری کێشەکە ناکات.

ئەنکەرە ئەووشی بۆ دەرکەوت . بەبێ ئۆجەلان شۆڕش و خەباتی گەریلای پەکەکە بەهێزتر بووەو ئاپۆش تا ئەم ساتە بە مەرجەعی یەکەم و کۆتای خۆیان دەزانن، ڕاپۆرتەکانیش باس لەوە دەکەن ،پەکەکە تازەگی دەستی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و تەکنەلۆژیای نوێ ڕاگەیشتووە . کە شەڕ دەبەنە قۆناغێکی نوێوە.

تورکیا، لەوە تێبگات باشە کە پاش پەنجا ساڵ، حکومەتی کۆڵۆمبیا و بزوتنەوەی فارک ڕێککەوتن.

پاش بیست و حەوت ساڵ زیندانی، نیلسۆن ماندێلا ئازادکرا .بووە سیمبوڵی ئاشتی و دیموکراسی لە ئەفریقای باشور و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرت.
ئون سان سوکی لە بۆرما، پاش زیندانی و ئەشکەنجە، حکومەی سایگۆن ناچاربوو دانوستانی لەگەڵ بکات کە ئێستا لە سەرۆکایەتی وڵاتدایە.

بۆیە تورکیا، واباشە ئەم ڕوداوە جیهانیانەی لەبەرچاوبێت و هەرچی زووە پرۆسەی ئاشتی بکات و ئۆجەلانیش ئازاد بکات . کەدڵنیام، ئۆجەلان دەتوانێت ئاشتی بەرقەرار بکات و کۆتایی بە شەڕ و جەنگی چل ساڵە بێنێت.
بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەبێت هەنگاوی گەورە هەڵبگرێت و دەخالەت بکات کە لانیکەم پێدانی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ ئەمساڵ دەبوو بۆ ئۆجەلان بوایە. وەکو فشارێکی نێودەوڵەتی و ڕێگا خۆشکەرن بۆ پرۆسەی ئاشتی لانیکەم بۆ قەرەبوکردنەوەی بەشداریان لە پیلانگێڕیەدا.
بۆ تورکیا، ئۆجەلان بەزیندوویی گرنگترە، لە مردنی، لە زینداندا، کەزەرەری زۆری لێدەدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٩

## پلانی (B)

١٨ فێبریـوەری ٢٠١٩ هاوکـات لەگەڵ کۆبـوونەوەی پەرلەمـانی کوردسـتان پـارتی خـۆی لە ڕێککەوتنـی پـرۆژەکەی یەکێتی دزییەوە و لە جیاتی ئەوە لەگەڵ گۆڕان ڕێککەوتنی واژۆ کرد.

**یەکەم**: پرۆژەکەی یەکێتی کە لە حەڤدە خاڵ و چەند بـڕگەیەک پێکدێت، پـارتی ناچـار دەکرد، پابەنـد بێت بە چاکسازی و ملدان بۆ دیموکراسی و پلۆڕالیزمی زۆرتـر، بـۆیە پـارتی ئامادە نەبـوو بچێتە ژێـر ئەو داوایەوە کە لە داهاتوودا پێی جێبەجێ ناکرێت لە بابەتی:

خاڵی شەش دەڵێت «.... لە خولی پێنجەمدا، دەستووری هەرێم تەواو بکرێت»، لە خاڵی نۆیەمدا دەڵێت «..... هەردوولا پەیوەنـدییەکانیان لەگەڵ وڵاتـانی نـاوچەکە لە ڕێگەی حکـومەتەوە دەبێت، داوای چارەسـەری ئاشـتی و کێشەی کورد دەکەن لەو پارچانەی کوردستان».

لە خاڵی پانزەیەم دەڵێت «فەرمانگە پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێکبخرێتەوە بە یاسا و پلەکەی دەبێت وەزیر بێت».
لە خـاڵی شـانزەیەم بـڕگەی (پ) دەڵێـت «پـارێزگـاری کـورد لە کەرکـوک (بـۆ یەکێتـی) دەبێـت پـێش دانیشـتنی پەرلەمان، هەروەها کاراکردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگا و خۆسازدان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ٢٠١٩ دا».
لە خاڵی (١٧)دا دەڵێت «... ئەم یاسایانە هەموار بکرێتەوە:

*أ- «یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ١٩٩٢».*
*ب- «فرە بازنەیی هەڵبژاردن و گۆڕینی لیستی هەڵبژاردن کە لیستی داخراوە».*
*ج- «چاککردنی سیستمی کۆتا».*

ئەمـانە ئەو خـاڵە گرنگـانەن، کە پـارتی نەیتـوانی ئیمزایـان لەسـەر بکـات، چـونکە بە ئیمزاکردنیـان هەرگیـز ئەزموونی کابینەی پێشوو دووبارە نابێتەوە، کە هەموو جومگە گرنگەکانی بە دەستەوە بوو.

سەرەڕای ئەوەی ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنە پارادۆکسە لەگەڵ ئەو بانگەشەیەی کە پارتی دەیکرد، سەبارەت بە کەرکوک تووشی ئیحراجی دەکرد و لەوانەش گرنگتر پارتی زۆر نیگەرانە لەوەی کە باس لە دە کورسی کۆتاکان دەکرێت، کە پارسەنگی دەنگدانی ناو پەرلەمان ڕاستدەکەنەوە.

دووەم: پارتی هێشتا لە گرێ ی سەرۆکۆمار و (قسە شکاندن) ڕزگاری نەبووە و وەکو کێشەیەکی گەورە سەیری دەکات.

ڕەنگە هەر ئەمەش یەکێتی سورتر کردبێت لەسەر ئەوەی کە پارتی دەڵێت «بەبێ (بەغدا و کەرکوک)، (هەولێر) پاکێجێکە و ئەمەش لە پرۆژەی یەکێتیدا جێگەی نابێتەوە و دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک ئەم دێڕەیان ڕاگەیاندووە:

«ڕێککەوتنی سیاسی و ئیمزاکردنی، یەک پاکێجی بەغداد، کەرکوک و هەولێر، سەری دێر و بێ هیچ گفتوگۆیەک».
سێیەم: ڕێککەوتنی پارتی لەگەڵ گۆڕان وەکو ئەڵتەرناتیڤ نیشانی یەکێتی دەدات، کە دوبارەبوونەوەی مێژووە بەشێوەیەکی کۆمیدی وەکو مارکس دەڵێت، ئەوەش سیناریۆیەکی دۆڕاوی گۆڕانە کە لە هەڵبژاردنی پێشووش کردی، بەڵام سەرئەنجام پارتی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی لە هەولێر دەرکرد.

پارتی باش دەزانێت گۆڕان نابێتە شەریک و هاوبەشی، بەڵام بەکارهێنانی لەم هەلوومەرجەدا خراپ نییە، بەڵام خەڵکی کوردستان هێندەش بێ ئاگا نین ئەو چەواشەکارییانەی گۆڕان و هەڵوێستە پۆپۆلیستییەکانیان بیرچوو بێتەوە، کە دژی پارتی و حکومەت دەیانکرد و ئێستاش وازیان لە ڕابردووی خۆیان هێناوە، لە ئەگەری بەشدارینەکردنی یەکێتیش لە حکومەت، گۆڕان ناچارە شوێن و پێگەی جوگرافیشی بگۆڕێت.

چوارەم: لەسەروبەندی ئەم ڕووداوانەدا مەسرور بارزانی بە بیانووی کۆنگرەی میونشن کوردستان جێدەهێڵێت و نێچیرڤان بارزانیش وەکو نارەزایەتیکردنی جوڵە و هەوڵەکانی پارتی ئامادە نەبوو سەرۆکایەتی ئەو وەفدانە بکات و ئیمزای ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕان بکات، چونکە نێچیرڤان بارزانی پێشتر وتبووی »پێکهاتنی حکومەت بەبێ یەکێتی هەڵەیەکی گەورەیە، گەر پارتی دەستی بۆ بەرێت، چ لە بواری سیاسی چ لە بواری ئابووریدا....»

ئێستا یەکێتی پێیوایە کات ماوە بۆ چارەسەر، بە تایبەتی کە ئەمەریکییەکان، ئێرانییەکان و تورکەکان و تەنانەت عێراقییەکانیش داوایان لە یەکێتی کردووە، زیاتر دان بە خۆدا بگرێت و هەر بڕیار و کاردانەوەیەکی هەیە پەلەی تێدانەکات و یەکێتیش چ بۆ خاتری بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و ڕێزگرتن لە هەوڵەکانی ئەو وڵاتانە هیچ کاردانەوەیەکی نەنواندوە و تەنانەت هێندە بەرپرسیارانە مامەڵەی کردووە، کە بە ڕاگەیاندنەکانی خۆی وتوە نابێت هیچ وەڵامێکی توند بدەنەوە کە دەبێتە مایەی ئاڵۆزی بارودۆخەکە.

جیا لەوانەش یەکێتی ئەوە دەزانێت لەناو پارتیدا کەسانی دڵسۆز هەن کە لەگەڵ ئەو بارودۆخە نین و زۆریشیان هەوڵداوە پارتی ئەوکارە نەکات و ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی ئیمزا بکات، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە یەکێتی ڕێز لەم کارەکتەرانەی ناو پارتیش دەگرێت.

هێشتا کات ماوە بۆ ملدانی پارتی بە داواکانی یەکێتی و ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی پرۆژەکەی یەکێتی، خۆ گەر پارتی ڕێککنەکەوێت، ئەوە پارتییە، یەکێتی ناچار دەکات بە پلانی (B) کە حازر و ئامادەیە، بە هەمان شێوەی ئەو پرۆژەیەی یەکێتی لەگەڵ پارتی لە پلانی (A)دا کە حازر و ئامادەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٩

## یەکێتی و ئەزمونی ئیرادە

- بەرەی رزگاری فەلەستین - یاسر عەرەفات چیلێهات؟

- پارتی گەلی کۆماری تورکیای - کەمال ئاتاتورک بۆ وایلێهات؟

- حزبی تودەی ئێرانی - کیا نوری بۆ کەوت؟

- حزبی شیوعی عێراقی - فەهد، بۆ پاشەکشەی کرد؟

- پارتی گەلی هیندستانی - بێهێز بوو؟

- یەکێتی نیشتمانی کوردستان - ئەم ئەزموونانەی لەبەرچاوە، ئەو حزبەی "شکستی بە شکستدا" و "بەگژ تۆتالیتاریزمی بەعسدا چووەوە" و "تاکە حزبی بیست ساڵی شۆڕش، حەماسەت، مقاوەمەت و ئەنفالەکان بوو" و "داینەمۆی بەرهەمهێنانی دیموکراسی، ئازادی، شەهید بوون و عەدالەت بوو"و "گوێی لە رەخنەی دڵسۆزانە دەگرت" و "هیچ جوڵەیەکی سیاسی، دبلۆماسی و عەسکەری بێ ئەو نەدەکرا"، کەچی ئێستا پڕە لەقەیران، گرفتی ستراتیژی، پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانی و ناکاریگەری گوتاری یەکگرتوویی، نەبوونی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ناعەدالەتی. پرسیاری گرنگ ئەوەیەیەکێتی، کە دەبوو حزبی یەکەم بێت، کە نییە...!

هەر ئینشیقاقێک روودەدات، پڕیشکێکی بەر ئەم دەکەوێت، کارو ئاکارو پرەنسیپ و مانیفێستی جەلالیزم، کە دەبوو مانفێستۆی حزبەکە بێت، پراکتیزە ناکرێت، دەبوو کۆنگرەکان لە کاتی خۆییدا بگێرێت، وەکو ئەزمونی دیموکراسی ناگێرێت، رکابەرەکانی تا دێت بەهێز دەبن و ناوەندگەرێتی تێدا بەهێزترە، چینی ناوەندی فەرامۆشکردوە کەسەنتەری حزبی سۆسیال دیموکراتە، ناوەندی سەردانە دبلۆماسییەکان نییەو فرۆکەخانەکانی تەنها گەشتی ئابوری و گەشتوگوزاری پێدا دەڕوات کەدەبوو مەیدانی گەرمی دبلۆماسی بووایە.

سەرمایەدارەکانی کوردستان زۆرینەیان، بەبێ دەنگی پاڵیان داوەتە حزبی ترو باس لەبازاڕی ئارام و پاراستنی سەرمایەکانیان دەکەن.

میدیاکاران رووەدەکەنە کەناڵ گەلێک، کەهیچ پەیوەندی بەئارمان و ستراتیژییانەوە نییە، جگەلە پارەیەکی زۆرو کەناڵی زۆرو زەوەند.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکسانە بەبەردەوامی دیموکراسی، ئازادیی میدیاو سیاسی، رێزگرتن لەبوونی ئۆپۆزسیۆن و فرەیی و جیاوازییەکان.

بەڵام ئەو خاڵە نێگەتیڤانەی سەرەوە، یەکێکە لەخەونی ئەوخاوەنئەڵتەرناتیڤەی کەزۆرلەمێژە خوازیاری راگەیاندنی مەرگی یەکێتی یە، تابەتاجە گوڵینەی فرمێسکی تیمساحاوی لەحزورییدا بوەستێت و فاتیحای بۆبخوێنێت، کەدڵنیام ئەم داڵە چاو تەنگانە، هەرگیز ئەومەرگە نابینن.

بەڵام لەهەمووکەس باشتر کەدرک، بە مان و وجودە حەتمییەکان دەکات هەر خودی یەکێتی یە، کەدەتوانێت لەپێنج ساڵی داهاتوودا، شایی و شادی ئاهەنگی سەرکەوتن و یەکگرتنەوەی هێزگەلی تر بگێڕێت، چونکە ئەخلاقییەتی سیاسی و مۆڕاڵی جەلالیزم رێگانادات، فاتیحا بۆ مەرگی هیچ هێزو سەرکردەیەک بخوێنێت بۆنەیارەکانی.

بەڵام سەرکەوتن و دەربازبوون لەقەیران، شکست، پاشەکشە، هەڵەو کەمووکوڕی و ناعەدالەتی تەنها بڕیارو هەڵوێست و ئیرادەی پۆڵاینی بەسە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیۆری ٢٠١٩

## پارتی بۆ کەرکوک و ڕێککەوتنەکە ئامادەیە؟

پاش بەنبەست گەیشتنی دانوستانەکانی یەکێتی و پارتی، بەهۆی پەشیمانبونەوەی پارتی لە ڕێککەوتنی ٥ی شوبات و سوربونی یەکێتی لەسەر(یەک پاکێجی کەرکوک، بەغدا و هەرێم) و ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی سیاسی.

نامەکەی مەسعود بارزانی، بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ و وەڵامەکەشی تاڕادەیەک بەستەڵەکی گرژییەکانی تواندەوە و لانیکەم درێژە بە دیالۆگ و دانیشتنەکانی نێوانیان دەدەن.

بارزانی لە نامەکەی ٢٣ شوباتداو لەدیداری لەگەڵ هەڤاڵێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕایگەیاندووە "بۆکەرکوک لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ ئامادەین کاندیدێک دیاری بکەین، ماوەیەک دابنرێت بۆ چارەسەری کێشەکان، دەبێت یەکێتی و پارتی لەم بارودۆخەدا لەگەڵ یەکتر بن..."

ئەو نامەیە لای یەکێتی ڕێزی لێدەگیرێت و وەکو نیەت باشی بارزانی سەیردەکرێت، بەڵام وەڵامەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ و هەوڵەکانیشی دەبێت بەهەمان شێوە سەیر بکرێن، کە هۆکاربون بۆ نوسینی نامەکەی بارزانی و دەبێت پارتیش ڕێز لەوە بگرێت، لەپاڵ ئەو هەڵوێستە شیاوەی نێچیرڤان بارزانی و فازل میرانی کەدژی ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕان و کۆبونەوەی ١٨ی شوباتی پەرلەمان بوون، بەبێ یەکێتی بێگومان دیسان یەکێتیش ڕێز لەم هەڵوێستە دەگرێت، ئەگەرچی هۆکاری دواکەوتنی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ سلێمانی پەیوەندی بەوەوە هەبووە، گوایە یەکێتی داوای پۆستەکەی ئەوی کردووە (مەبەست سەرۆکی هەرێمە).

*ئێستا کە دانووستانەکان دەستپێدەکەنەوە ئەم خاڵانە جێگای پرسیار و ڕونکردنەوەن:*

**یەکەم**: پارتی بۆیە ئیمزای لەسەر ڕێکەوتنەکە و بەتایبەت پەیوەست بەپارێزگای کەرکوکەوە نەکرد، پەیوەندی بەو بەڵێنانەوە هەیە کە پارتی بە تورکیای داوە، کەهیچ بەڵگەیەکی ڕەسمی لەگەڵ یەکێتی لەسەر کەرکوک ئیمزا ناکات، تا تورکیای لێنیگەران نەبێت, هەربۆیەوتویەتی بە زارەکی دەیبڕێنینەوە.

**دووەم**: بۆچی دەبێت یەکێتی چوار کاندید بداتە پارتی بۆ پۆستی پارێزگتری کەرکوک، دواتریش ناوەکان لە سۆسیال میدیا بڵاوبکرێتەوە؟ بۆ پارتی لە دانانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، سەرۆکی حکومەت.. چوار ناوی خستە بەردەستی یەکێتی؟.. بێگومان ئەوە کارێک بوو کە یەکێتی نەدەبوو بیکات.

**سێیەم**: یەکێتی بڕیاری داوە تەنازول لە مەبادیئەکانی ناکات و هەوڵ تەساعودی وەزعەکەش نادات و هیچ کات پارتی و گۆڕان بە دوژمن نازانێت، بەڵکو وەکو ڕکابەری سیاسی دەیانبینێت، ئەوەشی بە پارتی وەتووە، پارتی کە ئێوە وتتان: سەرۆکی حکومەت وتمان: فەرموو، وتتان: سەرۆکی هەرێم وتمان فەرموو، بۆیە ئێستا ئێوەش دەبێت بڵێن فەرموو یان فەرمووی ئێمەش تەواو بوو.

**چوارەم**: پارتی ئەوەی بە یەکێتی وتووە "واپێدەچێت دژی کاندیدی مەسرور بارزانی بن، گەروایە دەیگۆڕین" ئەم بۆچونە هی یەکێتی نیەو، دەخالەت لە کاندیدی پارتی ناکات، بەڵام ڕونە کە یەکێتی و خودی قوباد تاڵەبانی لەگەڵا نێچیرڤان بارزانی ئاسودە و گونجاوتر بوون لە ڕابردوودا بۆیە ئەم خاڵە و وروژاندنی پەیوەندی بە کێشە ناوخۆییەکانی پارتیەوە هەیە.

**پێنجەم**: هەوڵی زۆریش هەن کە بەم زوانە پارتی و بارزانی بەڕەسمی پێشوازی لە بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق بکەن، بەرهەم ساڵحیش ئەو ئامادەگیەی تێدایە کە بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە و سەردانی هەولێر بکات، چونکە دەزانێت ئەوەی پارتی بەرامبەری کردی وتی، جگە لەناحەقی و بێویژدانی هیچی دیکە نەبوو بەتایبەتی قسەو فشەکانی ئەندامپەرلەمانەکەیان.

ئەم وتارێکم لە ژمارە ١٢٦ی ڕۆژنامەی ئاژانس بڵاوبوونەوەی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانس - ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠١٩

## یۆتۆپیای دەرچوون لە زەبر و زەنگ

د.میشێل ڤیڤیۆرکا، فەیلەسوفی فەرەنسی، لە کۆنفرانسی پلاتفۆرمی دابڕان و خانەی زانستە مرۆییەکانی پاریس، لەژێر ناونیشانی "زەبر و زەنگ و چوونە دەرەوە لە زەبر و زەنگ"

باسی لەوە کرد "کاری سیاسییەکان و دیبلۆماتکارەکان، گۆڕینی دوژمنە بە دۆست و دەرچوونە لە زەبر و زەنگ" باسی لەوەش کرد "شکستی دانوستانەکانی نەرویژی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین" سەرکەوتوو نەبوو، ئەو بۆچوونی زۆری هەبوو، سەبارەت بە چەمکی توندوتیژی و دەرچوون لێی.

پرۆسەی بەناو ئاشتی نێوان ئەو دوو لایەنە، جیا لەوە ڕەهەندە سیاسییەکەی کە ئەمەریکا، ئەوروپا و لوبی جولەکە ئاڕاستەی دەکەن، بێگومان ڕەهەندی جۆراوجۆری تری هەیە، لە بابەتی لایەنی مەزهەبی نێوان جولەکە و موسڵمانەکان، کە لە هەردوولا، باڵی ڕادیکاڵ و توندڕەو، ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، حەماس و جیهادی فەلەستینی کە کارەکتەری خوڵقاندنی زەبر و زەنگ (دوو هێزی ئیسلامی ڕادیکاڵن، دوو هێزی سوننین کە لەلایەن ئێرانی شیعی ییەوە هاوکاری دەکرێن، ئەوە ڕاستە).

بەڵام زەبر و زەنگی ئیسرائیل و بەردەوام دروستکردنی ئۆردوگا جولەکە نیشینەکان، ئامادە نەبوون بۆ دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین، سێ فاکتەری زەبر و زەنگن لە ئەستۆی ئیسرائیلە.

خۆ بزوتنەوەی (فەتح) بیست ساڵە ڕادیکاڵ بوونی خۆی فڕێداوە، بۆچی دانوستانەکانی نەرویژ نەیتوانی خواستی فەلەستینیەکان دەستەبەر بکات؟ چونکە ئەمەریکا و ئەوروپا نەیانویست! بۆیە زەبر و زەنگ بەردەوامە، بۆچی ئەمەریکا بڕیاریدا باڵوێزخانەی خۆی بگوێزێتەوە قودس؟ ئەو کارە هێندەی تر پرسەکەی ئاڵۆزتر و ئالودەتر دەکات بە زەبر و زەنگ، دیار و ڕوونە تەرەفداری ئەمەریکا و بێ لایەن نەبوونی ناتوانێت ئەو پرۆسەیە مجرد بکاتەوە لە توندتیژی زەبر و زەنگ.

ئەی بۆچی ڤیڤیۆرکا و هاوڕێکانی باسی لە شکستی پرۆسەی دانوستانی نەرویژی نێوان (ئەنکەرە - کورد - پارتی کرێکارانی کوردستان) ناکەن، کە بە ئاگاداری بەریتانییەکان بەڕێوەچوو؟
شکستی ئەو پرۆسەیە، نەک تورکیای نەبردە دەرەوە لە زەبر و زەنگ، بەڵکو سەر لە نوێ زەبر و زەنگ خۆی نوێکردەوە و ژمارەی قوربانییەکانی هەردوولا زۆرتر بوو، چونکە ئەنکەرە بەڵێنی نەدا خۆی بە دوور بگرێت لە زەبر و زەنگ، نەک لەگەڵ گەریلاکانی PKK، تەنانەت لەگەڵ خەڵکی سڤیلیش.

باس لە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی کۆلۆمبیا و فارک دەکرێت، بێگومان ئەمەریکا و ئەوروپا لەگەڵ بەرازیل بزوێنەری سەرەکی ڕێککەوتنەکەن بە مەرامی سیاسی - ئابوری، بێگومان کارێکی باشە و وردە وردە زەبر و زەنگی ئەو وڵاتەی کۆتاییپێهێنا.

بەڵام بۆچی ئەو ڕێککەوتنە، بۆ حکومەتی سریلانکا (کۆلۆمبۆ) و پڵنگەکانی تامیل بەدی نەکراوە؟
بۆچی ئەو زەبر و زەنگەی کۆلۆمبۆ دژی تامیلەکان ئیدامەی دەدەن، جێگەی ڕەخنەی واشنتۆن و برۆکسل نییە؟

پارادۆکسێک لێرەدا بەدی دەکرێت، کە ئەو لایەنانەی سەرەوە داینەمۆی ئاشتین لە (کۆلۆمبیا) داینەمۆی زەبر و زەنگن لە (کۆلۆمبۆ) و هەر ئەوانیشن لەگەڵ (ئەمەریکا، فەرەنسا و هیندستان) چالاکی و فەعالییەتی پڵنگەکانی تامیل شکست پێدەهێنن و سەرکردەی بزوتنەوەکە تیرۆر دەکەن!

تامیلەکان گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتن لەسەر زەوی! بۆچی بزوتنەوەکە هەرەسی هێنا و بوونە قوربانی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان؟

زەبر و زەنگ لە سەردەمێکدا کە زادەی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوایە، هێشتا ئاسەواری ماوە، زادەی داگیرکاری ئەوانە زادەی مامەڵەی پڕ پارادۆکسی ئەوانە، بەپێی بەرژەوەندی ئەوان زادەی دروستکردنی هێزگەلی مەترسیدارە، کە بەرژەوەندی ئەوان دەپارێزن وەک (سەدام حسێن، عەلی سالح، موبارەک، ئەسەد و دژایەتی هێزگەلی شۆڕشگێڕ کە لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەوان یەک ناگرێتەوە (تۆپاک ئامارۆ، پڵنگەکانی تامیل، PKK، PYD...).
ئەمەریکا و ئەوروپا بۆچی مەبەستیان بوو زەبر و زەنگیان لە بۆرما (میانمار) خاو کردەوە، بۆچی (ئون سان سووجی) پاش ئازادبوونی لە زیندان کردیانە سیمبوڵ و خەڵاتی نۆبڵیان پێدا، بەڵام ئێستا خودی سان سووجی

زەبر و زەنگ بەرهەم دەهێنێت دژی موسڵمانەکانی رۆهینگیا!

### کێ لەوە بەرپرسیارە؟

بەڵام بیست ساڵە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانە و مۆڵەتی چاوپێکەوتنی پێنادرێت!
ئۆجەلان دەتوانێت سیمبوڵی ئاشتی بێت و کۆتایی بە زەبر و زەنگ بهێنێت لە تورکیا، گەر ئەمەریکا، ئەوروپا بیانەوێت.

کەچی ئەمەریکا دێت و پێنج ملیۆن دۆلار دەداتە هەر کەسێک، کە شوێنی جەمیل بایک، موراد قەرەیلان و دوران کالکان ئاشکرا بکات و بە ئەجێندای ئەمەریکا و موخابەراتی کینیا، ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٩ بە پێنج ملیۆن دۆلار لە کینیاوە تەسلیی ئەنکەرە دەکاتەوە.

کێ بوو ئۆجەلانی دەستگیرکرد، ئەمەریکا، ئیسرائیل، یۆنان، کینیا، ڕوسیا و هۆڵەندا نەبوون؟ ئەمکارە ئاشتی بەرقەرار کرد یان زەبر و زەنگی زۆرتری بەرهەمهێنا؟
گەر باسی زەبر و زەنگی عومەر بەشیر دەکەن، سەیر نییە و لەناو گۆرانکارییەکانی بەهاری عەرەبی لە ٢٠١١ بەشیر سەلامەت دەرچوو، کە لە چاو زەین عابدین، هۆلاکۆ و پۆلۆپۆتە؟

بەشیر تا دێت زەبر و زەنگ بەرهەم دەهێنێت و جینایەت دەخولقێنێت، دارفور، باشوری سودان و هەڕەشە و مەترسییەکانی، بەڵام ئەمەریکا و ئەوروپا بێ دەنگیان هەڵبژاردوە لە بەرامبەری... بۆچی؟

بیابانی خۆرئاوا کە چەندین ساڵە لە مەغریب جیابۆتەوە، بەڵام خۆرئاوا، ئامادەنین بە خاتری بەرژەوەندییان لەگەڵ مەغریب دانی پێدابنێن و هەمان ڕەوش و سیناریۆ لەگەڵ سۆماڵ دووبارە دەکەنەوە، (سۆمالأنید) لە نەوەدەکانەوە جیابۆتەوە (سۆماڵی پڕ زەبر و زەنگ، بەڵام ئەمەریکا و خۆرئاوا، ئامادەنین ئەو دوو ئەزمونە قبوڵبکەن، کە هەردوولا وڵاتن).

پێموانییە هیچ نەتەوەیەک هێندەی کورد، هیچ ئینسانێک لەسەر زەوی هێندەی کورد و تاکی کورد، زەبر و زەنگی

دەرهەق بکرێت و کرا بێت...!

کوردەکانی ئێران لە ڕادەبەدەر زەبر و زەنگیان لە دژ دەکرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ دەنگ! کوردەکانی سوریا تا ٢٠١١ ناسنامەشیان نەبوو، ئێستاش هەر لەژێر هەڕەشە و گەلەکۆمەکی ناوچەکەدان، کوردەکانی عێراق لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندا بوون، ئەوکاتەی ئەمەریکا، ئەوروپا و ڕوسیا، دۆستی سەدام حسێن بوون کوردەکانی تورکیا بە بەرچاوی هەموو دونیاوە زیندانی دەکران و سوکایەتییان پێدەکرا، دەزانن هەموو ئەمانە بۆچی؟

*تەنها و تەنها لەبەرئەوەی کوردن؟ کورد بوون گوناهە؟*

هەرچەندە نە ناسیۆنالیستم نە ڕادیکاڵیشیم، بەڵام خەریکە دەگەمە یەقین لە زەبر و زەنگ، ئەمەریکا و ئەوروپا و زلهێزەکان لێی بەرپرسن و خۆیان ئەندازیاری بەرهەمهێنانین و کۆی لە بەرژەوەندییان بوو چاوپۆشی لە زەبر و زەنگەکەی دەکەن و لە کوێش لە زەرەیان بوو دەیکەنە هەرا و بەهانە و شەڕ پێفرۆشتن.

*یەکەمیان نمونەی (تورکیا، سعودیە، تاجیکستان، بۆرما، ئیسرائیل...هتد).*
*دووهەمیان لە بابەتی (سربیا، ئەسیوبیا، کوبا، کۆریای باکور... هتد).*

بۆیە ئەوە یۆتۆپیایەیە کە باس لە کۆمەڵگەیەکی بێ زەبر و زەنگ بکەی، کە حەتمەن نییە، بەڵام بۆ قوربانییەکان و جەللاد بوون ناسنامەی بناسرێت گرنگە، کە زەبر و زەنگ کار و هۆکاری خوڵقاندنییەتی، بەڵام جەللادەکان ناسنامەیان دیار و ڕوونە و زۆرجاریش ئەمەریکا و ئەوروپا داڵدەیان دەدەن، بۆیە دەرچوون لە زەبر و زەنگ گەڕانەوەیە بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ، بۆ ئەو ڕۆمانیستەی بە بەر ئەمەریکا و ئەوروپادا بڕاوە، کە ئەفرێنەری هیومانیزمن، بەڵام لە بنەڕەتدا زەبر و زەنگ بە جۆرێک ئەوان هان لە پشتییەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٧٩١ - ڕێکەوتی: ١٥ - ١٦ی فێبریوێری ٢٠١٩

## هەرێمی کوردستان لە نێوان واشنتۆن و تاران دا

تارماییەک لە (ناوچەکەدا) دێت و دەچێت، کە (تارمایی ئەمەریکا)یە... ئەمە یەکەم دێری مانفێستی حزبی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگڵسە.

بە دوای ڕووادوەکانی بەهاری عەرەبی ٢٠١١ کە چەند دەوڵەت و هێزگەلی سەرکوتگەری ڕامالّی، پێدەچێت لە ٢٠١٩ شدا، چەند ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو بێنەپێش، کە هەرێمی کوردستان و کوردستان بە گشتی چەقی ئەو ململانێی و گۆرانکارییانە بێت.

سەردانی مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ هەرێم و ناوچەکە مەسجی »کێ لەگەڵ ئەمەریکایە و کێ لەگەڵمان نییە؟!» دوایین پەیامی بوو بۆ هەرێم، تورکیا، ئوردون و سعودیە... کە مانا و مەغزای زۆری لێ چاوەڕوان دەکرێت، ئەوەشی ڕاگەیاندبوو کە لوتکەی پۆڵەندا، چەند دۆسییەکی گرنگی تاوتوێکرد لە گرنگترنیان فایلی ئێران و پاشەکشەی لە سوریا.

کە ئەسڵی تارمایی ئەمەریکا لە ناوچەکە هەر ئەم دوو فایلەیە و پاشەکشەی لە سوریا لەسەر حسابی ئێرانە و جێهێشتنییەتی بۆ ڕوسیا و تورکیا وەکو بەخشیش لە بەرامبەر بێ دەنگی ئەوان یان پشتیوانی لە دۆسیەکی بە بەها بۆ واشنتۆن.

داپۆشینی فایلی خاشقچی لەگەڵ سعودیە، ڕازیکردنی تورکیا بە پاشەکشەی لە سوریا وەکو ئیمتیاز و جێهێشتنی کوردەکان، گواستنەوەی باڵوێزخانە بۆ قودس لە ئیسرائیل، کۆتاییهاتنی بە قەیرانی چل ساڵە لەگەڵ کۆریای باکور، گەشتی خێرا و گەرمی ئەمەریکییەکان بۆ عێراق بۆ پێکهاتنی حکومەت، بەشداریکردن لە پشتەوەی مێزەکانی کۆبوونەوەی یەکێتی و پارتی لە چواردەی ژانوییە لە هەولێر، هەموویان یەک پاکێجن کە واشنتۆن بە پەلەیە لە ڕاپەڕاندنی کارێک کە ترامپ دەیەوێت ناوچەکە بشڵەقێنێت.

پاش ماوەیەکی زۆر لە پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان لە دوای پرۆسەی ڕیفراندۆم، هەولێر و سلێمانی و بارزانی چەند ڕۆژێکە بەردەوام فەرشی سوور بۆ گەمەکارانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ڕادەخەن، کە دیارە کاریان بە هەرێم هەیە و خەریکی پلانێکن کە بۆنی گەلەکۆمەکی یان هاوپەیمانی لێدێت.

سەردانی ژان لوردیان بۆ هەولێر، سەردانی جەواد زەریف بۆ سلێمانی و هەولێر بە ئاشکرا، چەندین بەرپرسی سەربازی و هەواڵگریش بە نهێنی، ئاماژەن کە دوو لایەنی کێشەکە، هەرێم بە شوێنی گرنگی ململانێکانیان دەزانن و ڕەنگە بەرژەوەندی و پێکدادانەکانیشیان پێویستی بە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەگەرنا هیچ ڕاستی نییە گەر وا بیر بکرێتەوە بۆ بەرژەوەندی حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستانە، چونکە زۆر دوور نییە پار ساڵ خەریکبوو هەموو شتێک بگەینەوە خاڵی سفر و پشتیان تێکردین و هەرەشەیان لێکردین.

سەرەڕای هاتنی هێزێکی زۆری سوپای ئەمەریکا بۆ کەرکوک و موسڵ، ئاماژەن بۆ ئارامکردنەوەی تەل ئەبیب کە لەسەر سەبرگرتنی بەردەوام بێت و کارێک نەکات دۆخەکە تێکبدات، ئاماژەکان وادیارن واشنتۆن بێ تەل ئەبیب لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هیچ ناکات و مەبەستیشیەتی کە تاران سنورەکانی ڕابگرێت و هەڕەشە ناوچەییەکانیشی لێ دوور بخاتەوە بە تایبەتی لە سەردەمی ترامپدا.

هەرچی تارانە لەسەر وجودی هەژموونی خۆی لە یەمەن، عێراق، سوریا و لوبنان بەردەوام دەکات و گوێ لەو بۆچوونانە ناگرێت کە داوای پاشەکشەیان لێکردوە، چونکە ئەوە قوڵایی سیاسی، ئەمنی و عەسکەری ستراتیژی تارانیشە و پێناچێت میانگیرییەکانی سوڵتان قابوس ئاکامێکی بوو بێت.

بۆیە وا پێدەچێت هەردوولا گفتوگۆ و دانوستانەکانیان شکستی هێنابێت و بۆ ڕێگای تر بگەڕێن بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانیان، کە ئەمەریکا پێناچێت تێیدا سەرکەوتوو بێت و ئێرانیش لەهەر حاڵدا لە سوریا و عێراق باشتر نابێت.

ڕەنگە ئەوەش شازز بێت، کە هاوکات و لە یەک کاتدا دوو فڕۆکەی دوو وڵاتی نەیار و کێبڕکێکار، دوو فایل و ئەجێندای جیاواز لە فڕۆکەخانەی هەولیر دادەبەزن. (ژان لۆردیان-فەرەنسی) و (جەواد زەریفی- ئێرانی) کە هەردووکیان بۆ پشتیوانی هەرێمی کوردستان هاتوون.

قسەکانی زەریفی کە وتی: «هەرێمی کوردستان خۆی بە دۆستی نزیکی ئێران دەزانێت» ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە «ئەوەی لە لایەن واشنتۆن و پاریسەوە داواکراوە کە لەگەڵ ئێمەن یان ئێران» بە بۆچوونی زەریفی هەرێمی کوردستان دۆستی ئێرانە.

هەرچەندە هێشتا بەرپرسانی هەرێم لەو بارەیەوە هیچ راگەیاندنێکیان نەداوە بەڵام مەرج نییە هەموو جار هەرێمی کوردستان لە ناو سیاسەت و چوارچێوەی دۆسیە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا بخولێتەوە بەڵکو دەکرێت پێچەوانەکەی ڕاست بێت، چوونکە مەرج نییە هەموو جار هەرێم مل بۆ سیاسەتەکانی ئەوان بدات واتا مەرج نییە گەر ئەمریکا خواستی بێت پەلاماری ئێران بدات هەرێم بەشێک بێت لەو سیناریۆیە، هەرچەندە ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە هەرێم پاڵپشتی ئێران دەکات، بەڵام دەکرێت جارێکیش هەرێمی کوردستان (نا) بەو زلهێزانە بڵێت. چونکە لە خراپترین حاڵەتیشدا هەر بە قەدەر پشتتێکردنمان تورە دەبن کە لە ڕاپەڕین و ڕیفراندۆم و ڕۆژئاواو و باکوری کوردستان بە جێیان هێشتووین. بە تایبەتی کە هەرێمی کوردستان نابێت لە هیچ سیناریۆیەکی ئەمریکا و ئەوروپا بەشدار بێت کە نەزانێت قازانج و داهاتوو و دەستکەوتەکانی کامەیە.

هەرێمی کوردستان کە چەقی جوگرافی و جیوپۆڵەتیکی دۆسیەکەیە، نە دەتوانێت ڕۆڵی میانگیری بگێرێت، نە دەتوانێت بێ لایەنیش بێت، بۆیە گرنگە نەبێتە قوربانی و لەو ململانێیانە باش بێتەدەر و بەرژەوەندی هەرێم و خەڵکی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستانیش قازانجی تێدا بکات، دەبێت ئەوەش بزانین ئەمەریکا لەکاتی پێویستدا داوای هاوکاری لە کورد دەکات، بەڵام مەرج نییە لە سەرکەوتن و قازانجدا کورد بکاتە شەریک و هاوبەش و دوور نییە وەکو ڕابردوو گەر پێویستی کرد پشتی تێبکات، چونکە لای ئەمەریکا بەرژەوەندی لەسەروو هەموو شتێکەوەیە بە شەڕ و ئاشتیشەوە بۆ خۆی، بەڵام دەکرێت هەموو جار لانی کەم قوربانی نەبێت وەک ئەمجارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٨ی جانیۆێری ٢٠١٩

## قۆناغی پۆست نێچیرڤان بارزانی ململانێی باڵی بازەکان

پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەت، لە بەردەم چەند ئاریشە، گرفت و تێڕوانین و ململانێی جیاوازدایە کە پەیوەندی بە (پارتی و یەکێتی)ەوە هەیە بە پلەی یەکەم، دواتر گۆڕان و کۆمەڵ و هێزەکانی تر، بە تایبەتی دوای ئاڵوگۆڕ لە پۆستی سەرۆکی حکومەت و قەیرانی سەرۆکۆمار و کەیسی کەرکوک و کاراکردنەوەی سەرۆکی هەرێم، بۆیە هەرکام لە هێزەکان تێڕوانین و گرفتی خۆیان هەیە:

### یەکەم: پارتی پێنج گرفت و تێڕوانینی سەرەکی هەیە بۆ پێکهاتنی حکومەت:

**یەکەم**: پارتی کە خۆی یەکلا کردۆتەوە، کە کێ سەرۆکی حکومەت دەبێت، لەنێوان نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی، کە زۆرتر فۆکەس لەسەر کارەکتەری دووهەم بوو، ئەم ئاڵوگۆڕەش ڕەنگە کاردانەوەی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت، بە تایبەتی کە ڕۆژی ٣ - ١٢ - ٢٠١٨ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی بڕیاری یەکلاکەرەوەیدا، پێدەچێت کاریگەری لەسەر ئاڕاستەی پێکهاتن و داهاتووی کابینەکە هەبێت، کە دیوێکی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە یەکێتییەوە هەیە، ئەگەرچی ئاماژەکانی پێشتر دیاربوون کە نێچیرڤان بارزانی بێزار بووە لە حکومەت و دوور دەکەوێتەوە و مەسرور بارزانی ئەو پۆستە دەبات، ئەوەی پەیوەندی بە پارتییەوە هەبوو، پار ساڵ ئاڵوگۆڕ لە ڕێکخستنەکان و لقەکان کرا بە کۆنترۆڵکردنی لقەکانی هەڵەبجە و سۆران - ٢١، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش لە کۆی (٤٥) کاندید (٤٣) کاندیدیان سەر بە مەسرور بارزانیین، واتا پێشتر زەمینەی کۆنترۆڵکردنی پەرلەمانی بۆ ساز کرا بوو، کە هیچ ڕێگرییەک لە بەردەم سەرۆکی حکومەت نەبێت، ئێستا کە ئیتر هەریەکە لە ئاشتی هەورامی و کەریم سنجاری وەکو دوو پۆستی ئابوری و ئەمنی دوور دەخرێنەوە، هێندەی تر ڕوون دەبێتەوە کە دژایەتی نێچیرڤان بارزانی دەکرێت، بە تایبەتی کە پێدەچێت ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیش بخرێتە سەر حکومەت.

ئەوەش کە پەیوەندی بە دەرەوەی پارتییەوە هەیە، لەم ئاڵوگۆڕانەدا ئەوەیە، کە دوای ڕووداوەکانی ڕیفراندۆم دوو کارەکتەری ئەمنی سەرەکی لەناوچەی سەوز دەرکەوتن کە پارتی ئاسودە نییە لەگەڵیان (باڤێل تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی)ین، بۆیە پێدەچێت پارتی مەبەستی بێت مەسجێک بداتە یەکێتی، کە ئێمەش لە بەرامبەر باڵی

بازەکانی ئێوە، باڵی بازەکانی پارتی دێینە پێشەوە، بۆیە گەر یەکێتی ئەم نەخشەیەی بۆ ڤابت بوو، واباشە بیر لە ئەڵتەرناتیڤێکی تر بکاتەوە لە حکومەت، بەمەش هاوکێشەکە ڕاست دەبێتەوە، بەڵام ڕەهەندێکی تری ئەم ئاڵوگۆڕانەی پارتی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ململانێی نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانییەوە هەیە و لەناو حزبەکەشدا مەیلێک هەیە بۆ پشتیوانی لەم ئاڵوگۆڕانە بە قازانجی مەسرور بارزانی، بەڵام واقیعییەتێک هەیە ئەوەیە کە نەیارەکانی پارتی نابێت وابزانن ئەم ململانێیی ئامۆزاکان لەم دەورەیەدا دەبێتە کێشە و گرفتی گەورەی ئینشقاق، بەڵکو ئەم ئەگەرە تەنها لە غیابی بارزانییدا شیمانەی هەیە و تا چەند ئاڵوگۆڕی تر کێشەکان بە ساردی دەچنە پێش، ئەگەرچی بارزانی دەیەوێت ئەزموون لە مردنی خوالێخۆشبوان مام جەلال و نەوشیروان مستەفا وەربگرێت، کە پێش مردنی خۆی (هیوادارم تەمەن درێژ بێت) کەسێک بۆ شوێنی خۆی دابنێت، ئەگەرچی لە ڕابردوودا نێچیرڤان بارزانی واناسرا بوو کە کارەکتەرێکی نەرم و نیان و خۆگونجێنە و کارکردن لەگەڵیدا ئاسانە، لە کاتێکدا مەسرور بارزانی توند و ئەمنییە و کارکردن لەگەڵیدا پڕیەتی لە گرێ و گۆڵ، بەڵام پێدەچێت ئەم کارەکتەرە تازەیەش، گەر تاکتیکیش بێت وا مامەڵە بکات و بگرە نەرمتر بێت بۆ جێ پێ قایمکردنی خۆی و سەرکەوتنی لەو پۆستەدا و ئەزموون لە هەڵەکانی محەمەد بن سەلمانی سعودیش وەربگرێت کە توندڕەوییەکەی گەیاندی بە کوێ، بە تایبەتی لە کەیسی خاشقچیدا، بۆیە ڕەنگە هەوڵبدات ئیدارەی کێشەکان بکات لەگەڵ یەکێتی، سازش لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووش بکات و پارەی نەوتیش بەکاربێنێت بۆ خزمەتی ئەجێنداکەی و دووریش نییە کەیسی ئاشتی هەورامی و نەوت بهوروژێنێت و ڕابردووی ئەم کەیسە تەموومژاوییە لە ملی خۆی دابماڵێت، لە ئێستاشەوە لەگەڵ عێراق ڕێککەوتون کە نەوتی هەرێم ڕادەست بکەن و پاشەکەوتی موچە چاک بکات و دوور نییە قەرزی فەرمانبەرانیش بداتەوە، وا بڕیارە لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی هەرێم (وەزارەتێک دابمەزرێنێت بۆ پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا کە پارتی دەبێت) ئەمەش بە دوو نیاز:

**یەکەم**: بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی پارتی یان هەرێم و بەغداد کە سەرەتاکانی دەرکەوتووە و پارتی بەڵێنی داوە کە هەموو کێشەکان لەگەڵ عێراق چارەسەر دەکات.

**دووەم**: بۆ فەرامۆشکردنی سەرۆکۆمار و مامەڵەنەکردنە لەگەڵیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، واتا ئەم وەزارەتە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بە واتایەکی تر پەیوەندییەکانی (مەسرور بارزانی - عادل عەبدولمەهدی) ڕێکدەخات، سەرەڕای ئەوەی پارتی بڕیاریداوە پشت لە واشنتۆن و ڕوو لە تاران بکات و دانیشتنە

زۆرەکانی ئەم دواییەی مەسعود بارزانی و قاسم سولەیمانی ئاماژەیە بۆ تەندروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی پارتی و هەرێم لەگەڵ عێراق و ئێران.

واتا دانانی مەسرور بارزانی ناکرێت وەکو ئاڵوگۆڕێکی سادە یان ئاڵوگۆڕێکی دیموکراسی سەیر بکرێت، بەڵکو دەکرێت ڕەهەند و باکگراوەندی زۆر بە دوای خۆییدا بهێنێت، کە هیواخوازین باشتر بێت لەو بۆچوونە نێگەتیڤانەی کە چاوەڕوانی کێشە و گرفت و ململانێی سەخت و حکومەتی ئەمنی دەکەن، ئەگەرچی بۆچوونێک دروستبووە، کە زۆرتر پارتی بانگەشەی بۆ دەکات کە ئەم ئاڵوگۆڕانە لادانی نێچیرڤان و بەهێزکردنی مەسرورە، بەڵام لە واقیعدا نێچیرڤان بارزانی بە خواستی خۆی لە حکومەت دوور کەوتۆتەوە، بە هۆکاری ڕێگریکردن و گرفت دروستکردن، نەچوونە پێشی بەرنامەکانی و دەخالەتکردن لە ئەجێنداکەی، گوێ نەگرتن لە راو نەزەر و بۆچوونەکانی لە پەیوەست بە پەیوەندی پارتی و یەکێتی بە تایبەتی بۆ دەست هەڵگرتن لە ململانێی و چارەسەری کێشەکان، پەیوەندی پارتی بە حزبەکانی تر، پەیوەندی حکومەت و پارتی لەگەڵ ئەنکەرە و تاران و بەغدا، کە زۆرجار تێڕوانینی نێچیرڤان دبلۆماسی و مەنتقی بووە بۆ حەل و چارەسەری کێشەکان، نەک ئەو مامەڵەیەی دەکرا و گوتاری توند و ڕادیکاڵ و هێرشکردن لە پەیوەست بە عێراقەوە، نێچیرڤان ئەگەرچی زۆرجار لە پرێس کۆنفرانسەکاندا هێرشی دەکردە سەر عێراق و حکومەتی عەبادی، بەڵام لە واقیعدا هەمیشە لەگەڵ مامەڵە و دیالۆگ و گوتاری ئارام بووە و زۆرتر فشاری پارتی لەسەر بووە و تەنانەت لە پرسی ڕیفراندۆمدا ئەو بۆچوونێکی تەواو جیاوازی هەبوو لە پارتی، بەڵام دژایەتی ڕانەگەیاند لەگەڵ پرسەکەدا، وەکو چۆن یەکێتی پێی باش نەبوو، بەڵام لەگەڵ ڕەوتەکە ڕۆیشت و دژ نەبوو، لە سەرووی ئەوانەوە نێچیرڤان بە دەوڵەتمەدار ناسراوە و پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی حزبەکان ئارام و دۆستانە بووە و دبلۆماسییانە مامەڵەی تەندروستی کردووە و وەکو دەڵێن دەست ئاوەڵا و میهرەبان بووە لە هاوکاری حزبەکان و وەزیرەکان لە دوایین کۆبوونەوەی باڵای بارزانییەکان، نێچیرڤان هەموو ئەو گلەییانەی بە بارزانی و مەسرور بارزانی وتووە.

ئەوەش ڕوونە کە حکومەت ڕابردووی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی لە سەردەمێکدا بوون کە توشی قەیرانێکی گەورەی ئابوری بووە و لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی باشی نا، لە کاتێکدا لە ئاستی ناوخۆ (گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) بە ڕۆژ لەگەڵ حکومەت و شەویش ئۆپۆزسیۆن و جوێن بارانیان دەکردن، لەگەڵ عێراق کێشە و ئاریشەی زۆری هەبوو.

دواجار دەبێت ئەوەش بزانین کە حکومەت گەر دەستکەوتی هەبوو بێت زۆرجار حزب بردوویەتی بۆ خۆی و شکستەکانیشی خستۆتە ئەستۆی حکومەت و دامەزراوەکانی، کەم جاریش هەر لەلایەن حزبەکەی خۆیەوە لەلایەن لق و ناوچەوە کێشە و گرفتی کەمی بۆ دروست نەکراوە.

واتا ئاڵوگۆڕی نێچیرڤان بە پێچەوانەوە ئەو تەفسیرەی بۆ دەکرێت، وازهێنانی خۆی بووە و بە رەغبەتی خۆی تا ڕێگا بدات کەسێکی تر لەو باشتر کابینەکە بەڕێوەبەرێت.

**دووەم**: خیلاف و دوو بۆچوونی مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، لەسەر بەشداری لایەنە سیاسییەکان (هەرچی کارەکتەری یەکەمە. پێی باشبوو گۆڕان بەشدار بێت، بەڵام سەرۆکی حکومەتی پێشوو ڕازی نەبوو لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ کاربکات)، ڕەنگە هەر ئەوەش وایکردبێت نێچیرڤان بارزانی ئامادە نەبێت سەرۆکایەتی حکومەت بکات و پاشەکشە بکات. مەسرور بارزانی لەمبارەیەوە ئەجێندای باوکی پێ باشترە، (بەڵام بۆچوونەکەی نێچیرڤان بارزانی دروستە لەسەر ئەوەی کە گۆڕان و کۆمەڵ، بە ڕۆژ لەگەڵ حکومەت و بە شەو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنن، بەردەوام دژی حکومەت بوون)، کە وادیارە ئەمجارە ئەم مەرجەش بەسەر ئەو دوو هێزەدا دەسەپێندرێت گەر لە کۆتاییدا بەشداربوون، کە نابێت ئەنتی حکومەت بن.

**سێیەم**: پارتی دەیەوێت سەرۆکایەتی هەرێم زیندوو بکاتەوە، لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و وەزارەتەکان بیکاتە پاکێجێک (ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، کاندیداتۆرەکەی ی.ن.ک سەرکەوت، سەد و بیست ملیۆن دۆلاری چەکی بانکی پارتی (بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەم سالح بە فوئاد حوسێن نەیتوانی ئەو ململانێیە بە قازانجی پارتی تەواو بکات) و کارەکتەرەکەی یەکێتیش، پاڤێڵ تاڵەبانی، پرسەکەی بە قازانجی د. بەرهەم یەکلاکردەوە.

سەبارەت بە سەرۆکی هەرێم بۆ ئەم کەیسە مەسعود بارزانی شوێنەکەی خۆی جێدەهێڵێت بۆ نێچیرڤان و جێگرەکەشی کاندیدێکی یەکێتی دەبێت، بەڵام هێشتا ساغ نەبۆتەوە کە ئایا پارتی ڕەزامەندە بە کاراکردنەوەی سەرۆکی هەرێم، بەڵام دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی بن یان سەرۆکایەتی کە زۆرتر مەیلی بەلای فۆڕمی دووهەمەوەیە.

قورسیشە نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێم سەرکەوتوو بێت، چونکە ئەو ناتوانێت ڕۆڵی مەسعود بارزانی

بگێڕێت و ئەو کارێزمایەی ئەوی نییە و دووهەمیش ڕەنگە گرفتی زۆری بۆ بێتە پێش، کە لە سەردەمی بارزانییدا هیچ کەس نەیدەتوانی ئەو کارە بکات، ئەمەش ڕێک ئەو هەلوومەرجەیە کە بۆ فوئاد مەعسوم هاتە پێش لە سەرۆکۆماری عێراقدا، چونکە نەیتوانی ڕۆڵی کارێزمایی مام جەلال بگێڕێت دوای ئەو، لە لایەکی تریشەوە زۆرجار حزبەکەی خۆی ڕێگری بوون لە دروستکردنی کێشە و بە گوێیان نەدەکرد.

**چوارەم**: تا ئەو ساتەش پارتی کەیسی سەرۆکۆمار و پارێزگاری کەرکوکی وابەستە کردووە بە حکومەتی هەرێمەوە، نەیتوانیوە ئەم ریتمە تێپەڕێنێت و فەرامۆشی بکات، هەر بۆیە گەر بەم شکڵە بەردەوام بێت، دوور نییە یەکێتی هەڵوێستی توندی هەبێت، سەبارەت بە کەیسی سەرۆکۆمار پارتی چەندینجار ئەوەی بە عادل عەبدولمهدی ڕاگەیاندووە گەر وەزارەتی داد، بدرێتە ی.ن.ک ئەوان لە پرۆسەی سیاسی عێراق دەکشێنەوە و لە دواین هەوڵیشدا بە میانگیری ئێرانییەکان و ئەمەریکییەکان لە ڕێگای فالح فەیازز و ئەبو کەریم مهندس لەگەڵ بارزانی کە لە نەمسا بوون، سەرکەتوو نەبوون و بارزانی پێی ڕاگەیاندون کە سەیرە هەمووتان داکۆکی لە ی.ن.ک دەکەن.

لە کەیسی پارێزگاری کەرکوکیش پارتی ئامادە نییە ئەندامانی ئەنجومەنی برایەتی لیستەکەی خۆی بنێرێتە کەرکوک بە بیانووی داگیرکردنی بۆ ئەو شارە، بۆ ئەوەی ڕزگار عەلی کاندیدەکەی یەکێتی نەبێتە پارێزگار، بەڵام لە ژێرەوە لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان دانوستان دەکات، چۆن ئەو پۆستە بۆ یەکێتی نەبێت، ئەوە لە کاتێکدا پارتی لە هەولێر باس لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن دەکات بۆ پۆستەکان، بەڵام لە کەرکوک باسی پێوەری نیشتمانی و ئیحتلال دەکات، بەڵام بە نەتیجە یەکێتی پارێزگارەکەی خۆی دادەنێت بە تایبەتی دوای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا.

**پێنجەم**: گرفتێکی تری پارتی ئەو نەغمە مەترسیدارەیە کە قسەی پێدەکات و گوتاری پێدەدات کە گوایە پارتی (کە زۆرینەی پەرلەمانییە) ئیتر لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ شەریک نییە، بەڵکو بەشدارن.

ئەوە ڕاستە کە پارتی زۆرینەی کورسییەکانی بردۆتەوە، بەڵام ئەوە نازانێت کە هێشتا کوردستان مەحکومە بە دوو مۆدێلی حکومڕانی دوو هێزی باڵادەست و دوو جوگرافیا و دوو سیستمی دیموکراسی جیاوازە و گەر وابێت دەچنەوە سەر قسەکەی مەلا بەختیار و کە وتی: یەکێتی بە یەک کورسیش بێت هەر یەکێتییە، بۆیە گەر پارتی لەسەر ئەو ریتمی هەڕەشەکردنەی باسی زۆرینە دەکات، حکومەت ناتوانێت لە دوو ساڵ زیاتر بەردەوام بێت و شکست دەهێنێت.

**دووهەم: هەرچی یەکێتییە ئەویش سەبارەت بە حکومەت بۆچوونی خۆی هەیە:**

**یەکەم**: یەکێتی دەیەوێت شەریکی سیاسی و ئابوری بێت (واتا دەبێت پۆستە ئیدارییەکان ڕەنگدانەوەی حەجمی یەکێتی بێت وەکو هێزی دووهەمی هەڵبژاردن، هێزی عێراق، هێزی سیاسی و سەربازی، نفوز و جەماوەری ناوچەی سەوز. لە بارەی شەریکی ئابورییەوە، یەکێتی پێیوایە پارتی لە کەیسی نەوت و داهات پارتی غەدری لێکردووە لە ڕابردوودا).

گەر ئەم بۆچوونانەی یەکێتی دروست بوون تا ئەمڕۆ، بەڵام لەمەودوا یان لەم کابینەیە دەبێت یەکێتی بەشدار نەبێت یان ئەم حیکایەتە کۆتایی پێبهێنێت و نابێت ئیتر گلەیی بکات کە شەریک نییە و ئاگاداری کەیسی نەوت و دیبلۆماسی نییە.

یەکێتی کە خۆی بە هێزی یەکەمی ناوچەکەی خۆی دەزانێت، دەبێت پارتی ناچار بکات بە مامەڵەی شەریکی، بەڵام سەبارەت بە گرفتی یەکێتی بۆ ئەم کەیسە ئەوەیە کە یەکێتی بۆ خۆی لە ناوخۆییدا گرفتی هەیە و لە حکومەتدا سیستمێکی یەکگرتووی نییە، هەندێکجار تیمی حزبی داکۆکی لە تیمە حزبییەکە نەکردووە یان تیمە حکومییەکە نەگەڕاوەتەوە بۆ حزب، هەندێکجاریش لە کاندیدکردنی وەزیرەکانی موفەق نەبووە و گلەیی زۆری خەڵکی هاتۆتە سەر، بۆیە لەمبارەیەوە بەشێکی گرفتەکە یەکێتی خۆیەتی ئەوەی تری پارتی سوودی لێوەرگرتووە لە پاڵ ململانێی ناتەندروستەکانی یەکێتی و گۆڕان، یان یەکێتی و بلۆکی ئۆپۆزسیۆنی ناوچەی سەوزی (یەکێتی) نەک حکومەت و هەولێر، چونکە ئۆپۆزسیۆن بە (٢٥٠٠٠٠) دەنگەوە (گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) نەیانتوانی یەک خۆپیشاندانی سەد کەسی بە پەرلەمانتارەکانی خۆشیانەوە لە هەولێر و دهۆک بکەن، نەیانتوانی مامۆستاکان و تەنانەت خزمەتگوازەکانی سەر بە خۆشیان لە حکومەت لە هەولێر یەک ڕۆژ نەچن بۆ دەوام، چونکە پارتی یەکسەر ڕایدەگواستن بۆ لادێیەکی دوور، واتا ئەم سێ هێزە تەنها ئۆپۆزسیۆنی یەکێتی و دەڤەری سەوز بوون، کە دەبێت گومان لە ئۆپۆزسیۆن بونیان بکرێت و ڕەنگە فاکتەرێک بوو بێت کە لایەنگرانیان سزایان بدەن، کە ئەمە ئەو ئیدۆلۆژییە کە دەڵێ (شێری دەڤەری سەوزە و دەڤەری زەردە بوون).

**دووەم**: یەکێتی لەگەڵ ئەوەیە، پارتی براوەی یەکەمە و پۆستی زۆرتر بەرێت، بەڵام داوای ئەم پۆستانە دەکات (جێگری حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی هەرێم، سەرۆکۆماری عێراق، پارێزگاری کەرکوک و دوو

وەزارەتی سیادی لە هەولێر ...هتد)، ئەمانە سازشی لەسەر ناکات.

**سێیەم**: یەکێتی خیلافی هەیە لەگەڵ پارتی، کە گەر گۆڕان بەشدار دەبێت، کۆمەڵی ئیسلامیش بەشدار دەبێت، ئەوەش بە دوو دەلیل، یەکەم پرسی دیموکراسی ناو حکومەت بەهێزتر دەکات، کە کۆمەڵ زۆرتر بەوە ناسراوە لە بەرامبەر پارتی توندە، بە تایبەتی لە ڕووی میدیاییەوە، جگەلە هەڵوێستەکانی عەلی باپیر. دووەم، یەکێتی ئەوەش دەخوێنێتەوە گەر گۆڕان و کۆمەڵ بەشداربن و ئیلتیزام بە شەریکی ناو حکومەتەوە بکەن، کەمتر کێشە لە ناوچەی سەوز بۆ یەکێتی دروستدەکەن، کەمتر بەریەککەوتنییان دەبێت، سەرەڕای ئەوانە دەبێت ئەمەش بڵێین، هەر سێ هێزەکە (یەکێتی، گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) لە جەمسەرگیرییە ناوچەییەکە لە ئێران نزیکترن و هەمیشەش پارتی گومانی ئەوەی هەیە کە ئێران لە دژی پیلانگێری دەکات بە هۆی هێزە دۆستەکانییەوە، بەڵام پارتی جگە لەو سێ هێزە پەکەکەشی بۆ زیاد دەکات کە سەر بەو جەمسەرەیە و نەیاری سەر سەختی پارتییە، ئەگەرچی دوای ڕیفراندۆم، پارتی ڕووی لە ئێران و پشتی لە ئەمەریکا کرد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران بەڕادەیەک بردۆتە پێش کە چاوەڕوان نەکراون، بەڵام پارادۆکسێک هەیە لە پەیوەندی ئێران و نەیاری ئێران، کە پارتی پەیوەندی لەگەڵیدا هەیە.

**چوارەم**: یەکێتی پێی باشە لە دەرەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی دوو ڕێککەوتنی تازە لەگەڵ پارتی و گۆڕان بکات بۆ تەندروستبوونی پرۆسەی سیاسی و چوار ساڵی داهاتوو تا بتوانێت پارتی ناچار بکات پێکەوە دۆستی بن، بە تایبەت ئەو هەڵمەتە میدیاییەی پارتی بەردەوام دەیکاتە سەر یەکێتی، خۆ گەر ئەم ڕێککەوتنە نەکرێت دوو مەترسی جدی دێنە پێشەوە:

١- ڕەنگە حکومەت نەتوانێت دوو ساڵ زیاتر بەردەوام بێت.
٢- ڕەنگە یەکێتی بیر لەوە بکاتەوە، چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنی نوێ بکاتەوە کە دوور بێت لە ناوەندی ڕاگەیاندن تا دەست ئاوەڵا بێت هاوشێوەی پارتی بۆ ڕەخنە و هێرشکردنە سەر پارتی و شەڕێکی سارد لە نێوانیان دەستپێبکات، کە تا ئێستا یەکێتی زۆرجار بێدەنگی هەڵبژاردوە لەمبارەیەوە.

هەردوو حاڵەتەکە ئێستا وەڵامەکەی لای پارتییە ئایا دەیەوێت چوار ساڵی ئارام و هێمن بێت و شەریک بن یان ئەزموونی نێگەتیڤی چوار ساڵی ڕابردوو دوبارە بکەنەوە؟ کە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە قۆناغی پۆست نێچیرڤان

بارزانی و هاتنی مەسرور بارزانی و سەد ڕۆژی کارکردنی سەرەتای حکومەتەوە هەیە.

*- ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان پێویستە بۆ دوو حاڵەت:*

**یەکەم:** بۆ لێسەندنەوەی ئەو کارتانەی بەدەست پارتییەوە، کە بەردەوام گۆڕان دژی یەکێتی بەکاردەهێنێت. یەکێتی دەیەوێت ئیتر دۆست بن، نەک نەیار و ڕکابەر بەمەش ئەم کارتە لە دەستی پارتی دەردەهێنێت.

**دووەم:** گۆڕان کە ئیتر سەدا دەنگی جارانی نەماوە، نیوەی کورسییەکانی لە دەستداوە، ئیتر یەکێتی ڕەنگە حساباتی پێشووی لەسەر نەکات، بەڵام نایەوێت کێشە لە ناوچەی سەوز دروستبکات بە واتایەکی تر یەکێتی دەیەوێت کێشەکانی ناوچەی (سەوز) خاڵی بکاتەوە (چ کێشە ناوخۆییەکانی، چ کێشەی ناوچەی سەوز، چ کێشەی ناوچەی سەوز + زەرد، چ کێشەی سلێمانی و بەغدا، تەنانەت هەولێر و بەغدا و بگرە کێشەی سلێمانی و تاران، سلێمانی و ئەنکەرەش)، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێش هەموو لایەک پێویستە ئەو کێشانە لەگەڵ گۆڕان خاڵی بکاتەوە، لەمبارەیەوە یەکێتی دەبێت هەوڵبدات تا ئەوپەڕی بە ئارامی ئەم کەیسە چارەسەر بکات، ئەگەرچی چاودێرانی سیاسی دەڵێن ڕەنگە گەر پرسەکانی ناوچەی سەوز بە دیالۆگ بۆ چارەسەر نەکرێت پەنا ببەنە بەر هێزی توند.

***سێیەم:* *بزووتنەوەی گۆڕان چەند تێڕوانین و گرفتێکی هەیە:***

**یەکەم:** پاش کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، دەرکەوت گۆڕان نیوەی دەنگەکانی لە دەستداوە و چاوەڕوان دەکرێت زۆرتریش پاشەکشە بکات، چونکە کاریزمای بزووتنەوەکە خۆی بوو، خەڵکی ئەویان خۆشدەویست تا بزووتنەوەکە، لەگەڵ ئەوەشدا باڵێکی ڕادیکاڵ لەگەڵ باڵە میانڕەو و سوننەتییەکە ناتوانێت پێکەوە بحەوێنەوە، بۆ هەموو ڕووداوەکان دوو تێڕوانین و دونیا بینی تەواو جیاواز هەیە، بۆیە بەردەوام کێشە و گرفتەکانیان ئیدامەی هەیە و ئەوەش هۆکارێکە بۆ دوورخستنەوەیان لە حکومەت و پەرلەمان، چونکە پێیانوابوو دەتوانن گۆڕانکاری بکەن، کەچی خۆیان بوون بە قوربانی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی پارتی، کەچی باڵە ڕادیکاڵەکە دەڵێت "پارتی باشترە لە یەکێتی" ئەم پارادۆکسە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، بکەونە هەڵەی پێشووی یەکگرتووی ئیسلامییەوە، کە هێندە لە پارتی نزیکبووەوە و خۆی لەو بەرپرسیارێتییە دزییەوە، کە ١٠ کورسی پەرلەمانی حاسڵ کردبوو، سەرئەنجام

کورسییەکان بۆ نیوەی پێشوو کەمیکرد و باجی هەڵەکانیاندا، گەر گۆڕان ئەمەی یەکگرتوو لەبەرچاو نەگرێت، تووشی دارمانی یەکجاری دەبێت.

بۆیە ئێستا گۆڕان حەز دەکات بەشداری کابینەی نۆ بکات و مەیلی زۆریشی هەیە بۆ دیداری دۆستانە بە فەرامۆشکردنی مێژووی تاڵی ڕابردوو و دەرکردنی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانیان لەگەڵ پارتی بڕۆن تا ئاستی چاوەڕوان نەکراو بەبێ ئەوەی پارتی متمانەی تەواوی پێبکات و گۆڕانیش گەرەنتییەکی وەرگرتبێت، کە جارێکی تر وەزیرەکانیان لە دێگەڵە ناکرێنەوە سنوری سەوز (کۆریای باشور).

دیدارە گەرمووگوڕ و نهێنییەکانی پارتی و گۆڕان لەسەری ڕەش (جەلال جەوهەر، مستەفا سەید قادر، عەلی حەمەساڵح) لە ماوەی ڕۆژی ڕابردوودا شاهیدی ئەوەیە، کە گۆڕان بێزار بووە لە دوورکەوتنەوەی پارتی.

بەڵام باڵە میانڕەوەکەی گۆڕان کە عومەری سەید عەلی، ماڵی نەوشیروان مستەفا و کوڕەکانین کە سیاسەتێکی دروستییان پیادە کردووە، هێشتا لەگەڵ ئەوەن لەگەڵ یەکێتی پەیوەندییان باش ببێت تارادەی ئیتلاف و نزیکبوونەوەی زۆرتر، بۆیە بەم حاڵەی گۆڕانەوە دوور نییە ئینشیقاق لەناو بزووتنەوەکە ڕوونەدات، خۆ گەر ئەوەش نەبێت لە داهاتوودا بەشێکی تریان دەگەڕێتەوە ناو یەکێتی و بەشێکی تریشیان پارتی دەیانکاتە دۆستی بێ لایەن و ڕاوێژکاری سیاسی و نەتەوەیی.

**دووهەم**: گۆڕان و یەکێتی گەر ڕێککەوتنی تازە نەکەن و هەر کامیان لە پارتی نزیکتر ببێتەوە لەسەر حسابی ئەوی تر پەیوەندییەکانیان خراپتر دەبێت و ناوچەی سەوز نا ئارامتر دەکات.

بۆیە یەکێتی پێویستە پشتیوانی گۆڕان بکات و بەشداری حکومەت بکات و پەیوەندییەکانی خۆیشی لەگەڵدا ئاسایی بکاتەوە، بەڵام دەبێت گۆڕان لانیکەم باڵە میانڕەوەکەی هەوڵبدات سیاسەتی ڕەسمی پیادە بکات.

***چوارەم: کۆمەڵی ئیسلامیش تێڕوانین و گرفتەکانی بۆ حکومەت:***

**یەکەم**: کۆمەڵی ئیسلامی تا دێت ئارامتر سیاسەت دەکات، لە توندڕەوی دوور دەکەوێتەوە، تا دێت لە پارتی

دوورتر لە یەکێتی نزیکتر دەبێتەوە، تا دێت دەیەوێت نوێنەرایەتی گوتاری ئیسلامی بکەن و یەکگرتوو جێبهێڵن، تا دێت لە ئێران نزیکتر و لە تورکیا دوورتر دەکەوێتەوە، میدیاکەی ئەکتیڤتر و کراوەتر و ئەستێرە و سیمبوڵی زۆرتر دروستدەکات.

ئەوانە هەموو وادەکەن، کۆمەڵی ئیسلامی لە داهاتوودا بتوانێت نوێنەرایەتی ئیسلامییەکان بکات، بەڵام پێویست دەکات واز لە توندڕەوەییەکەی بهێنێت و کۆتایی پێبێنێت کە زەرەری زۆری لێداوە.

کۆمەڵی ئیسلامی کە نەهامەتی زۆری کێشاوە بە دەست پارتییەوە و پارتیش گلەیی زۆری لە عەلی باپیر و گوتارەکەی هەیە، بەڵام ئێستا یەکێتی دەیەوێت کۆمەڵ بەشدار بێت، بەڵام واقیع ئەوەیە کۆمەڵ گوتاری ئۆپۆزسیۆن بوونی فڕێبدات، چونکە دەرکەوت زیادبوونی دەنگەکانی کۆمەڵ هی ئۆپۆزسیۆن بوونی نییە (چونکە هاوپەیمانەکانیشی گۆڕان و یەکگرتوو ئۆپۆزسیۆن بوون، بە هەردووکیان نیوەی دەنگ (حەڤدە) کورسییان لەدەستدا، گۆڕان لە ٢٤ کورسییەوە بۆتە ١٢ کورسی و یەکگرتووش لە ١٠ کورسییەوە بۆتە ٥ کورسی)، بەڵکو زیادبوونی دەنگی کۆمەڵ پەیوەندی بە نەگۆڕینی گوتاری ئیسلامی و سازش نەکردنی بۆ پارتی بوو، بە پێچەوانەوە هاوتا ئیسلامییەکەی باجی ئەو سازشە زۆرەی پارتییدا.

واتا کۆمەڵی ئیسلامی، دەکرێت ئیسلامی بێت و کراوەتر بەشداری حکومەت بکات، بەڵام گوتاری ئۆپۆزسیۆنی نەبێت لەگەڵ پارتی، لە زۆنی سەوزیش، دۆستی نزیکتری یەکێتی بێت، لەگەڵ ئێرانیش وەک هەمیشە دۆست بێت.

کۆمەڵی ئیسلامی لە ناو ئیسلامی سیاسییدا، دەکرێت نموونەیەکی تازە پێشکەش بکات، هەر ئەوەی نەهەزەی ئیسلامی و ڕەشید غەنوشی لە تونس پێشکەشکرد و ڕابردووی خۆی لەگەڵ ئەنسار ئیسلام لە هەڵەبجە و خورماڵ تەڵاق بدات.

ئێستا کۆمەڵ مەیلی زۆرە بەشداری حکومەت بکات، گەر پارتی و بارزانی ئەو ڤیتۆییەی لەسەر هەڵبگرن، بەڵام هێشتا ڤایرۆسی توند و ئۆپۆزسیۆن بوون لە ناو گیانییدا دێت و دەچێت، کە دەبێت فاکسینێکی ئەنتی ئۆپۆزسیۆن لە خۆیی بدات، بەبێ ئەوەی سازش لەسەر مەبدەء و ڕێبازەکانی خۆی بکات.

ئیتر قۆناغی پۆست نێچیرڤان بارزانی و ململانێی باڵی بازەکان، ڕووداوگەلی گەرم و گوڕ و ڕەنگە ناخۆش و چاوەڕوان نەکراو بێنێتە پێش، کە سەردەمێکی پڕ کێشە و گرفت لە نێوان هێزە سیاسییەکان دروستبکات، گەر سیاسەتی مەنتقی نەگرێتەبەر دوور نییە نەغمەی ناشاز ببیستن، بۆیە ئەوەی گرنگە نێوانی یەکێتی و پارتی پێویستی بە عەقڵ و پلۆراڵ و تۆلێرانس هەیە بۆ دەربازبوون لە مەترسییەکان و ئارامبوونەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و تێپەڕاندنی قەیرانەکان، ئەم کارە ئەگەرچی قورسە، بەڵام کارەکتەری سیاسی عاقڵ و شارەزا هەر دەبێت ئەم کارە بکات، نەک کێشە و گرفتی بەردەوام.

ئەم بابەتە لە ژمارەکانی ١١٦ و ١١٧ی ڕۆژنامەی ئاژانس، هەروەها لە سایتی میللەتیش بڵاوکراوەتەوە.....

٦ی جانێوێری ٢٠١٩

# سازشی سەری ڕەش و دەباشان

هەڵبژاردن تەواو بوو، بەڵێنی زۆر دراوە بە خەڵک، بۆ گەڕانەوەی متمانەش بە حکومەتی داهاتوو پێویستی بە نیشاندانی ئاماژەو کرداری، زەینی و واقیعی (هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچەو پێدانەوەی پاشەکەوتەکان، هەنگاو هەڵگرتن بۆ شەفافییەتی نەوت و دژایەتی گەندەڵی، ڕێگانەدان بە دووبارەبوونەوەی کابینەی پێشوو، کە چەند وەزیرێک نەک سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو (نە خەڵک و هاوڵاتی، نە حزب و تەنانەت حکومەتیش لێیان ڕازی نەبوو).

*ئێستا گرفتی پێکهاتنی کابینەی حکومەت وەستاوە لەسەر:*

**یەکەم**: ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی، بەتایبەتی دوای کەیسی سەرۆک کۆمار کە تا ئێستا پارتی هەر لەسەر ئەو ریتمە دەڕوات، کە تاسەر تەندروست نییە، هەموو دۆسیەکانی ئەو دوو هێزە، لەم بابەتەدا کورت بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت هەردوولا ئەو ئاریشەیە تێپەڕێنن، بەتایبەتی بارزانی دەبێت دۆستانەتر مامەڵە بکات.

**دووەم**: خیلافی ناو پارتی، کە نێچیرڤان بارزانی پێیوایە لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ، حکومەت پێکناهێنێت تا بەشداربن (پێیوایە شەش مانگ پێش هەڵبژاردن کشانەوە، بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و هەمیشە نەیارو دژی حکومەت بوون و خۆیان نەک بە شەریک، بەڵکو بە بەشداریش نەزانیوە، کە ئەم بۆچوونانەی بارزانی ڕاستن، بەڵام بەشەکەی تری پارتی لەگەڵ ئەوەن گۆڕان بەشدار بێت، بەڵام کۆمەڵ نا، بەڵام نێچیرڤان بارزانی ئەوەی ڕەتکردۆتەوەو پێشیوایە تەنها یەکێتی و پارتی حکومەت دروست بکەن.

**سێیەم**: ئەو بۆچوونەش باش نییە، کە پارتی چونکە براوەی یەکەمە، بڵێ خۆم پۆستەکان دابەش دەکەم و بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن مامەڵە لەگەڵ یەکێتی دەکەم.

بەڵام یەکێتی دەبێت ئەوە قبوڵبکات کە پارتی براوەی یەکەمەو رەخنەکانی سەرۆکی حکومەت بەهەند وەربگرێت،

لە دوالیزمی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، بەڵام پارتیش ئەوە بزانێت، ئەوە ئەو نییە بڕیار لەسەر بەشداری و فۆڕمی و ئەو بەشدارییە دەدات لە حکومەتدا بۆ یەکێتی، ئەو ناعەدالەتییەی لە کابینەی پێشووشدا کۆتایی پێبێنێت و زمانی سیاسی و میدیایی خۆیشی ئاسایی بکاتەوە، چونکە خزمەتی پرۆسەی سیاسی هەرێم ناکات، کە دەیان ئەجێندای ناوچەیی مەترسیدار هەن کە پارتی و یەکێتی و گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی تێدا دەبنە قوربانی، بۆیە هەردوولا مەحکومن، پێکەوە بوون بە جیاوازییەکانیانەوە، بەڵام بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ڕازیکردنی خەڵکی کوردستان و سازشکردن بۆ یەکتری لەسەر مێزی دانوستانی سەری ڕەش و دەباشان، بە ڕەگەزو کەسایەتییە دڵسۆزەکان و پەرۆشەکان کە باشتر لە بارودۆخی یەکێتی و پارتی تێدەگەن، باشترە لە بەغدا یان ئەنکەرەو تاران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن - ڕێکەوتی: ٢ی جانیۆیری ٢٠١٩

## حکومەتی نوێی هەرێم ناتوانێت لە دوو ساڵ زیاتر بەردەوامبێت و شکستدەهێنێت

پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەت، لە بەردەم چەند ئاریشە، گرفت و تێڕوانین و ململانێی جیاوازدایە کە پەیوەندی بە (پارتی و یەکێتی)یەوە هەیە بە پلەی یەکەم، دواتر گۆڕان و کۆمەڵ و هێزەکانی تر، بە تایبەتی دوای ئاڵوگۆڕ لە پۆستی سەرۆکی حکومەت و قەیرانی سەرۆککۆمار و کەیسی کەرکوک و کاراکردنەوەی سەرۆکی هەرێم، بۆیە هەرکام لە هێزەکان تێڕوانین و گرفتی خۆیان هەیە:

### یەکەم: پارتی پێنج گرفت و تێڕوانینی سەرەکی هەیە بۆ پێکهاتنی حکومەت:

**یەکەم**: پارتی کە خۆی یەکلا کردووەتەوە، کە کێ سەرۆکی حکومەت دەبێت، لە نێوان نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی، کە زۆرتر فۆکەس لەسەر کارەکتەری دووهەم بوو، ئەم ئاڵوگۆڕەش ڕەنگە کاردانەوەی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت، بە تایبەتی کە ڕۆژی ٣ - ١٢ - ٢٠١٨ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی بڕیاری یەکلاکەرەوەی دا، پێ دەچێت کاریگەریی لەسەر ئاراستەی پێکهاتن و داهاتووی کابینەکە هەبێت، کە دیوێکی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە یەکێتییەوە هەیە، ئەگەرچی ئاماژەکانی پێشتر دیار بوون کە نێچیرڤان بارزانی بێزار بووە لە حکومەت و دوور دەکەوێتەوە و مەسرور بارزانی ئەو پۆستە دەبات، ئەوەی پەیوەندیی بە پارتییەوە هەبوو، پار ساڵ ئاڵوگۆڕ لە ڕێکخستنەکان و لقەکان کرا بە کۆنترۆڵکردنی لقەکانی هەڵەبجە و سۆران - ٢١، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش لە کۆی (٤٥) کاندید (٤٣) کاندیدیان سەر بە مەسرور بارزانیین، واتا پێشتر زەمینەی کۆنترۆڵکردنی پەرلەمانی بۆ ساز کرابوو، کە هیچ ڕێگرییەک لە بەردەم سەرۆکی حکومەت نەبێت، ئێستا کە ئیتر هەریەکە لە ئاشتی هەورامی و کەریم سنجاری وەکو دوو پۆستی ئابووری و ئەمنی دوور دەخرێنەوە، هێندەی تر ڕوون دەبێتەوە کە دژایەتیی نێچیرڤان بارزانی دەکرێت، بە تایبەتی کە پێ دەچێت ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتیمانیش بخرێتە سەر حکومەت.

ئەوەش کە پەیوەندی بە دەرەوەی پارتییەوە هەیە، لەم ئاڵوگۆڕانەدا ئەوەیە، کە دوای ڕووداوەکانی ڕیفراندۆم دوو کارەکتەری ئەمنی سەرەکی لەناوچەی سەوز دەرکەوتن کە پارتی ئاسودە نییە لەگەڵیان (باڤێل تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی)ین، بۆیە پێ دەچێت پارتی مەبەستی بێت مەسجێک بداتە یەکێتیی، کە ئێمەش لە بەرامبەر باڵی

بازەکانی ئێوە، باڵی بازەکانی پارتی دێینە پێشەوە، بۆیە گەر یەکێتیی ئەم نەخشەیەی بۆ پابت بوو، واباشە بیر لە ئەلتەرناتیڤێکی تر بکاتەوە لە حکومەت، بەمەش هاوکێشەکە ڕاست دەبێتەوە، بەڵام ڕەهەندێکی تری ئەم ئاڵوگۆڕانەی پارتی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ململانێی نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانییەوە هەیە و لەناو حزبەکەشدا مەیلێک هەیە بۆ پشتیوانی لەم ئاڵوگۆڕانە بە قازانجی مەسرور بارزانی، بەڵام واقیعییەتێک هەیە ئەوەیە کە نەیارەکانی پارتی نابێت وابزانن ئەم ململانێیی ئامۆزاکان لەم دەورەیەدا دەبێتە کێشە و گرفتی گەورەی ئینشقاق، بەڵکو ئەم ئەگەرە تەنها لە غیابی بارزانییدا شیمانەی هەیە و تا چەند ئاڵوگۆڕی تر کێشەکان بە ساردی دەچنە پێش، ئەگەرچی بارزانی دەیەوێت ئەزموون لە مردنی خوالێخۆشبوان مام جەلال و نەوشیروان مستەفا وەربگرێت، کە پێش مردنی خۆی (هیوادارم تەمەن درێژ بێت) کەسێک بۆ شوێنی خۆی دابنێت، ئەگەرچی لە ڕابردوودا نێچیرڤان بارزانی واناسرا بوو کە کارەکتەرێکی نەرم و نیان و خۆگونجێنە و کارکردن لەگەڵیدا ئاسانە، لە کاتێکدا مەسرور بارزانی توند و ئەمنییە و کارکردن لەگەڵیدا پڕیەتی لە گرێ و گۆڵ، بەڵام پێ دەچێت ئەم کارەکتەرە تازەیەش، گەر تاکتیکیش بێت وا مامەڵە بکات و بگرە نەرمتر بێت بۆ جێ پێ قایمکردنی خۆی و سەرکەوتنی لەو پۆستەدا و ئەزموون لە هەڵەکانی محەمەد بن سەلمانی سعودیش وەربگرێت کە توندڕەوییەکەی گەیاندی بە کوێ، بە تایبەتی لە کەیسی خاشقچیدا، بۆیە ڕەنگە هەوڵبدات ئیدارەی کێشەکان بکات لەگەڵ یەکێتیی، سازش لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووش بکات و پارەی نەوتیش بەکاربێنێت بۆ خزمەتی ئەجێنداکەی و دووریش نییە کەیسی ئاشتی هەورامی و نەوت بهوروژێنێت و ڕابردووی ئەم کەیسە تەموومژاوییە لە ملی خۆی دابماڵێت، لە ئێستاشەوە لەگەڵ عێراق ڕێککەوتون کە نەوتی هەرێم ڕادەست بکەن و پاشەکەوتی موچە چاک بکات و دوور نییە قەرزی فەرمانبەرانیش بداتەوە، وا بڕیارە لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی هەرێم (وەزارەتێک دابمەزرێنێت بۆ پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا کە پارتی دەبێت) ئەمەش بە دوو نیاز:

**یەکەم**: بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی پارتی یان هەرێم و بەغداد کە سەرەتاکانی دەرکەوتووە و پارتی بەڵێنی داوە کە هەموو کێشەکان لەگەڵ عێراق چارەسەر دەکات.

**دووەم**: بۆ فەرامۆشکردنی سەرۆککۆمار و مامەڵەنەکردنە لەگەڵیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، واتا ئەم وەزارەتە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بە واتایەکی تر پەیوەندییەکانی (مەسرور بارزانی - عادل عەبدولمەهدی) ڕێکدەخات، سەرەڕای ئەوەی پارتی بڕیاریداوە پشت لە واشنتۆن و ڕوو لە تاران بکات و دانیشتنە

زۆرەکانی ئەم دواییەی مەسعود بارزانی و قاسم سولەیمانی ئاماژەیە بۆ تەندروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی پارتی و هەرێم لەگەڵ عێراق و ئێران.

واتا دانانی مەسرور بارزانی ناکرێت وەکو ئاڵوگۆڕێکی سادە یان ئاڵوگۆڕێکی دیموکراسی سەیر بکرێت، بەڵکو دەکرێت ڕەهەند و باکگراوەندی زۆر بە دوای خۆییدا بهێنێت، کە هیواخوازین باشتر بێت لەو بۆچوونە نێگەتیڤانەی کە چاوەڕوانی کێشە و گرفت و ململانێی سەخت و حکومەتی ئەمنی دەکەن، ئەگەرچی بۆچوونێک دروستبووە، کە زۆرتر پارتی بانگەشەی بۆ دەکات کە ئەم ئاڵوگۆڕانە لادانی نێچیرڤان و بەهێزکردنی مەسرورە، بەڵام لە واقیعدا نێچیرڤان بارزانی بە خواستی خۆی لە حکومەت دوور کەوتۆتەوە، بە هۆکاری ڕێگریکردن و گرفت دروستکردن، نەچوونە پێشی بەرنامەکانی و دەخالەتکردن لە ئەجێنداکەی، گوێ نەگرتن لە ڕاو نەزەر و بۆچوونەکانی لە پەیوەست بە پەیوەندی پارتی و یەکێتیی بە تایبەتی بۆ دەست هەڵگرتن لە ململانێی و چارەسەری کێشەکان، پەیوەندی پارتی بە حزبەکانی تر، پەیوەندی حکومەت و پارتی لەگەڵ ئەنکەرە و تاران و بەغدا، کە زۆرجار تێڕوانینی نێچیرڤان دپلۆماسی و مەنتقی بووە بۆ حەل و چارەسەری کێشەکان، نەک ئەو مامەڵەیەی دەکرا و گوتاری توند و ڕادیکاڵ و هێرشکردن لە پەیوەست بە عێراقەوە، نێچیرڤان ئەگەرچی زۆرجار لە پرێس کۆنفرانسەکاندا هێرشی دەکردە سەر عێراق و حکومەتی عەبادی، بەڵام لە واقیعدا هەمیشە لەگەڵ مامەڵە و دیالۆگ و گوتاری ئارام بووە و زۆرتر فشاری پارتی لەسەر بووە و تەنانەت لە پرسی ڕیفراندۆمدا ئەو بۆچوونێکی تەواو جیاوازی هەبوو لە پارتی، بەڵام دژایەتی ڕانەگەیاند لەگەڵ پرسەکەدا، وەکو چۆن یەکێتیی پێی باش نەبوو، بەڵام لەگەڵ ڕەوتەکە ڕۆیشت و دژ نەبوو، لە سەرووی ئەوانەوە نێچیرڤان بە دەوڵەتمەدار ناسراوە و پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی حزبەکان ئارام و دۆستانە بووە و دبلۆماسییانە مامەڵەی تەندروستی کردووە و وەکو دەڵێن دەست ئاوەڵا و میهرەبان بووە لە هاوکاری حزبەکان و وەزیرەکان لە دوایین کۆبوونەوەی باڵای بارزانییەکان، نێچیرڤان هەموو ئەو گلەییانەی بە بارزانی و مەسرور بارزانی وتووە.

ئەوەش ڕوونە کە حکومەت ڕابردووی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی لە سەردەمێکدا بوون کە توشی قەیرانێکی گەورەی ئابووری بووە و لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی باشی نا، لە کاتێکدا لە ئاستی ناوخۆ (گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) بە ڕۆژ لەگەڵ حکومەت و شەویش ئۆپۆزسیۆن و جوێن بارانیان دەکردن، لەگەڵ عێراق کێشە و ئاریشەی زۆری هەبوو.

دواجار دەبێت ئەوەش بزانین کە حکومەت گەر دەستکەوتی هەبوو بێت زۆرجار حزب بردوویەتی بۆ خۆی و شکستەکانیشی خستۆتە ئەستۆی حکومەت و دامەزراوەکانی، کەم جاریش هەر لەلایەن حزبەکەی خۆیەوە لەلایەن لق و ناوچەوە کێشە و گرفتی کەمی بۆ دروست نەکراوە.
واتا ئاڵوگۆڕی نێچیرڤان بە پێچەوانەوە ئەو تەفسیرەی بۆ دەکرێت، وازهێنانی خۆی بووە و بە ڕەغبەتی خۆی تا ڕێگا بدات کەسێکی تر لەو باشتر کابینەکە بەڕێوەبەرێت.

**دووەم**: خیلاف و دوو بۆچوونی مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، لەسەر بەشداری لایەنە سیاسییەکان (هەرچی کارەکتەری یەکەمە. پێی باشبوو گۆڕان بەشدار بێت، بەڵام سەرۆکی حکومەتی پێشوو ڕازی نەبوو لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ کاربکات)، ڕەنگە هەر ئەوەش وایکردبێت نێچیرڤان بارزانی ئامادە نەبێت سەرۆکایەتی حکومەت بکات و پاشەکشە بکات. مەسرور بارزانی لەمبارەیەوە ئەجێندای باوکی پێ باشترە، (بەڵام بۆچوونەکەی نێچیرڤان بارزانی دروستە لەسەر ئەوەی کە گۆڕان و کۆمەڵ، بە ڕۆژ لەگەڵ حکومەت و بە شەو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنن، بەردەوام دژی حکومەت بوون)، کە وادیارە ئەمجارە ئەم مەرجەش بەسەر ئەو دوو هێزەدا دەسەپێندرێت گەر لە کۆتاییدا بەشداربوون، کە نابێت ئەنتی حکومەت بن.

**سێیەم**: پارتی دەیەوێت سەرۆکایەتی هەرێم زیندوو بکاتەوە، لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و وەزارەتەکان بیکاتە پاکێجێک (ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، کاندیداتۆرەکەی ی.ن.ک سەرکەوت، سەد و بیست ملیۆن دۆلاری چەکی بانکی پارتی (بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەم سالح بە فوئاد حوسێن نەیتوانی ئەو ململانێیە بە قازانجی پارتی تەواو بکات) و کارەکتەرەکەی یەکێتیش، پاڤێل تاڵەبانی، پرسەکەی بە قازانجی د. بەرهەم یەکلاکردەوە.

سەبارەت بە سەرۆکی هەرێم بۆ ئەم کەیسە مەسعود بارزانی شوێنەکەی خۆی جێدەهێڵێت بۆ نێچیرڤان و جێگرەکەشی کاندیدێکی یەکێتیی دەبێت، بەڵام هێشتا ساغ نەبۆتەوە کە ئایا پارتی ڕەزامەندە بە کاراکردنەوەی سەرۆکی هەرێم، بەڵام دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی بن یان سەرۆکایەتی کە زۆرتر مەیلی بەلای فۆڕمی دووهەمەوەیە.

قورسیشە نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێم سەرکەوتوو بێت، چونکە ئەو ناتوانێت ڕۆڵی مەسعود بارزانی بگێڕێت و ئەو کاریزمایەی ئەوی نییە و دووهەمیش ڕەنگە گرفتی زۆری بۆ بێتە پێش، کە لە سەردەمی بارزانییدا هیچ کەس نەیدەتوانی ئەو کارە بکات، ئەمەش ڕێک ئەو هەلوومەرجەیە کە بۆ فوئاد مەعسوم هاتە پێش لە

سەرۆککۆماری عێراقدا، چونکە نەیتوانی ڕۆڵی کاریزمایی مام جەلال بگێڕێت دوای ئەو، لە لایەکی تریشەوە زۆرجار حزبەکەی خۆی ڕێگری بوون لە دروستکردنی کێشە و بە گوێیان نەدەکرد.

**چوارەم**: تا ئەو ساتەش پارتی کەیسی سەرۆککۆمار و پارێزگاری کەرکوکی وابەستە کردووە بە حکومەتی هەرێمەوە، نەیتوانیوە ئەم ڕیتمە تێپەڕێنێت و فەرامۆشی بکات، هەر بۆیە گەر بەم شکڵە بەردەوام بێت، دوور نییە یەکێتیی هەڵوێستی توندی هەبێت، سەبارەت بە کەیسی سەرۆککۆمار پارتی چەندینجار ئەوەی بە عادل عەبدولمهدی ڕاگەیاندووە گەر وەزارەتی داد، بدرێتە ی.ن.ک ئەوان لە پرۆسەی سیاسی عێراق دەکشێنەوە و لە دواین هەوڵێشدا بە میانگیری ئێرانییەکان و ئەمەریکییەکان لە ڕێگای فالح فەیازز و ئەبو مەهدی مهندس لەگەڵ بارزانی کە لە نەمسا بوون، سەرکەتوو نەبوون و بارزانی پێی ڕاگەیاندون کە سەیرە هەمووتان داکۆکی لە ی.ن.ک دەکەن.

لە کەیسی پارێزگاری کەرکوکیش پارتی ئامادە نییە ئەندامانی ئەنجوومەنی برایەتی لیستەکەی خۆی بنێرێتە کەرکوک بە بیانووی داگیرکردنی بۆ ئەو شارە، بۆ ئەوەی ڕزگار عەلی کاندیدەکەی یەکێتیی نەبێتە پارێزگار، بەڵام لە ژێرەوە لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان دانوستان دەکات، چۆن ئەو پۆستە بۆ یەکێتیی نەبێت، ئەوە لە کاتێکدا پارتی لە هەولێر باس لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن دەکات بۆ پۆستەکان، بەڵام لە کەرکوک باسی پێوەری نیشتیمانی و ئیحتلال دەکات، بەڵام بە نەتیجە یەکێتیی پارێزگارەکەی خۆی دادەنێت بە تایبەتی دوای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا.

**پێنجەم**: گرفتێکی تری پارتی ئەو نەغمە مەترسیدارەیە کە قسەی پێدەکات و گوتاری پێدەدات کە گوایە پارتی (کە زۆرینەی پەرلەمانییە) ئیتر لەگەڵ یەکێتیی و گۆڕان و کۆمەڵ شەریک نییە، بەڵکو بەشدارن.

ئەوە ڕاستە کە پارتی زۆرینەی کورسییەکانی بردۆتەوە، بەڵام ئەوە نازانێت کە هێشتا کوردستان مەحکومە بە دوو مۆدێلی حکومڕانی دوو هێزی باڵادەست و دوو جوگرافیا و دوو سیستمی دیموکراسی جیاوازە و گەر وابێت دەچینەوە سەر قسەکەی مەلا بەختیار و کە وتی: یەکێتیی بە یەک کورسیش بێت هەر یەکێتییە، بۆیە گەر پارتی لەسەر ئەو ڕیتمی هەڕەشەکردنەی باسی زۆرینە دەکات، حکومەت ناتوانێت لە دوو ساڵ زیاتر بەردەوام بێت و شکست دەهێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی میللەت - ڕێکەوتی: ١٣ی دیسەمبەری ٢٠١٨

## بۆ زەماوەندی سەرکەوتن ئامادەبن

ئێستا بۆ خەڵکی کوردستان روونە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پیلانگێڕی ناوخۆیی و دەرەکی نەک ناکەوێت، بەڵکو لە هەرکات زیاتر بەهێز دەبێت! ئەویش تەنها و تەنها یەک هۆکاری هەیە، کە پشت و پەناکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

هەر هێزێک جەماوەر لە پشتی بێت هەرگیز ناکەوێت، ئەگەرچی گەورەیی و زیندوێتی دەچێتە ئاستی جۆراوجۆر و بە هۆی هەلومەرجێک یان گلەیی و دڵگەرانی جەماوەرەکەیەوە، بەڵام هەر ئەو جەماوەری کە وەکو سێبەر لە پشتییەوە وەستاون، ڕێگا نادەن بکەوێت و دەست دەدەنە باڵی.

ڕێک ئەو چیرۆکە بۆ ی.ن.ک ڕاستە، بۆیە زۆر جار سزا دەدرێت، بەڵام لە کاتە ناسکو حەساس و مەترسیدارەکان دا، جەماوەر پشتی لێ ناکات و گیانفیدایی و قوربانی بۆ دەکەن.

ئەوەی ئەمجارە گرنگە ئەوەیە هێشتا پیلان و پیلانگێڕی لە ئارادایە دژی یەکێتی، بۆیە خوڵقاندنی سوپرایزێک کە نەیارانی توشی شۆک بکات زۆر گرنگە، بەڵام تەنها جەماوەری ی.ن.ک دەتوانێت ئەو کارە بکات ئەوەش:

**یەکەم**: قوباد تاڵەبانی وەکو سەرۆکی لیستی سەوز، لیستی (١٠٥) لەسەر ئاستی حزبەکانی تر و کاندیدەکانی تر یەکەم بێت، ئەم یەکەمبوونە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی لە هەموو سەرۆک لیستەکانی تر شایستەتر و قبوڵترە لای خەڵکی، نەک لەبەرئەوەی تەنها یەکێتییە، بەڵکو کوڕی مامە، گەنجە و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشی زۆر لە لیستەکانی تر واقیعی تر، دروستتر و ئارامترە، بۆیە بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆری قوباد تاڵەبانی لە پلەی یەکەم ئاماژەی دەلالەت و مانا و مەغزای زۆر و زەوەندی هەیە.

**دووهەم**: بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی بەرچاوی دەنگی جەماوەری کوردستان بۆ لیستی (١٠٥) کە ئەوەش دیسان پشت بە جەماوەری کوردستان دەبەستێت، زۆر گرنگە.

سەرکەوتنی لیستی ی.ن.ک تەنها لەبەرئەوە گرنگ نییە، کە ببێتە هێزی یەکەم، بەڵکو لەبەرئەوەی گەر ی.ن.ک گەشە بکات و دەنگەکانی زیاد بکات ئارامی، ئاسایش، ئازادی و خۆشگوزەرانی فەراهەم دەبێت و گەشە دەکات.

ئەم دوو خاڵە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ی.ن.ک وە هەیە، بۆ ڕاکێشانی جەماوەرە دڵسۆزەکەیەتی، بەڵام پێویستی بە وەڵامی جددی و گوێگرتنی دڵسۆزانە هەیە، ی.ن.ک دەبێت چاکسازی لە فۆڕم و شێوازی حوکمڕانی و حزبایەتی بکات، دەبێت قسەی دڵی خەڵکی بە گرنگییەوە گوێ لێبگرێت و خزمەتییان بکات و خزمەتگوزاری زۆرتر و زیاتریان پێشکەش بکات.

بۆیە ی.ن.ک بەڵێنی داوە، ئەوەی دەمێنێتەوە، جەماوەری خەڵکی کوردستانن بەڵێن بدەن یەکێتی سەربخەن کە قوباد تاڵەبانی یەکەم و لیستەکەی ی.ن.ک یەکەم بێت، ئەم کارە هەمو و پیلانەکانی نەیاران و ناحەزانی ی.ن.ک پوچەڵ دەکاتەوە.

بۆیە ئەم هەڵبژاردنە بۆ خودی قوباد تاڵەبانی زۆر گرنگە، تا دەتوانێت جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی ڕابکێشێت، بۆ یەکێتیش گرنگە، بەڵام پێویستی بەوەش هەیە مۆدێلی بەڵێنی زۆر و کرداری کەم، نەک تێپەڕێنێت، بەڵکو تێکبشکێنیت و بەڵێنەکان لە واقیعی حاڵدا پراکتیزە بکات، کە ئەمەش پێویستی بە تیمێکی پسپۆر و شارەزا هەیە کاری تێدا بکەن، چونکە چەندین پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا تێپەڕی بە بەڵێنی زۆر و پراکتیکی کەم، بۆیە ئەمە سەرەتای خاڵی پێشەنگی ی.ن.ک و قوباد تاڵەبانی و لیستەکەی دەبێت و دەتوانێت بەم حاڵەوە موعجیزە دروستبکات، کە نەیارەکانی توشی شۆک بکات.

خۆ شتێکی زیادەش نییە ئەو بۆچوونە، تەنها ئەوەیە کە ی.ن.ک بگەڕێتەوە سەر فکرە و ڕێبازی ئەسڵییەکە بۆ داکۆکی لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژاری کوردستان و بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، دژایەتی گەندەڵی و ناعەدالەتی.

ی.ن.ک و سەرکردایەتییەکەی، گەر بیەوێت ببێتە حزبی یەکەم لە کوردستان، دەبێت باجی قورس و تاقەت پروکێن بدات کە ئاسان نییە، بەڵام ئیرادە و ئیمکانیاتی گەورەی دەوێت، بەمەش دەتوانێت خەتی سیاسی، فکری، ئیداری و حزبی خۆی لە حزبە تقلیدی و سوننەتییەکان جیاواز بکات و خۆیشی ببێتە مۆدێلی حزبێکی نوێ و

جەماوەری، کە بێگومان بێ کێشە و گرفتی ناوخۆ و ناوخۆیی و ناوچەییش نابێت، بەڵام دواجار هەموویان ئەوە وەکو دیفاکتۆر قبوڵ دەکەن، چونکە لانی کەم چ جەماوەر چ هێزە نەیار و رکابەرەکانیشی ئەوە دەزانن لە ئەوپەڕی ئەوجی دەسەڵاتی بەهێزی ی.ن.ک دا بە هەموو ناکۆکی و پارادۆکسێکەوە، دەتوانن لەگەڵیدا بژین و هەست بە ئارامی کارکردن بکەن، دەتوانن و دەزانن لەگەڵ هەر ناکۆکییەکیان لەگەڵ ی.ن.ک، هەرگیز وەکو هێزی تر ی.ن.ک نابێتە جێگەی مەترسی لەسەر حزبی سیاسی، فکر، ئایدۆلۆژیای جیاواز لە کاری سیاسی، حزبی، ڕێکخستنی خۆپیشاندان، ئازادی، عەقیدە، بەیان، میدیا و ڕاگەیاندن، دەزانن ی.ن.ک نقاش و ڕەخنەیان لێ دەگرێت، بەڵام هەرگیز فەزایەک دورستناکات کە هێزەکانی دەرەوەی خۆی هەست بە مەترسی بکەن، هەست بە ڕامکردن و ڕاوکردنیان بکرێت.

ئەگەرچی ی.ن.ک لەمبارەیەوە بێ کەم و کوڕی نییە، بەڵام بەراورد بە چەند هێزی تر کە دەسەڵاتییان هەیە، یان ئۆپۆزسیۆن لە شار یان لە شاخ هێشتا ئەو حزبە هەڵگری چەمکی ئازادی و دیموکراسییە و بەڵام دیسان پێویستی بە ڕێکخستن و داڕشتن و سەر لە نوێ پێناسە کردنەوە هەیە واتا سەر لە نوێ پێویستە ی.ن.ک پێناسە بکرێتەوە کە هەموو ئەگەرەکان بە هی ئەوانەی دەوری خۆیش قبوڵبکات، ئەمەش نەک مەترسی بۆ دروستناکات، بەڵکو بەهێزی دەکات.

ی.ن.ک دەبێت بەردەوام بێت لەسەر خەتی نیشتمانی و نەتەوەیی، بەڵام بە چنینەوەی دەستکەوتەکانی و بە کردار ئەم خەباتە پێشبخات، واتا دەبێت جیاوازییەکانی لەگەڵ هێزی تر کە بە ماسکەوە دیعایەی نەتەوەیی دەکات خۆی نمایش بکات و تەوزیح بدات بۆ خەڵک، کە ئەم خەتە نیشتمانییە چی جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ خەتی ئەنتی نیشتمانی کە ماسکی نیشتمانی لە خۆی پێچاوە.

حەتمەن و حەتمەن دەبێت لە بنەچەوە ئەو گەندەڵی و ناعەدالەتییە دەربکێشێت کە کۆمەڵگای داگرتوە و خۆیشی لە ناو ئەو هەلومەرجەدایە.

ئایا ئەمەی پێدەکرێت؟ بێگومان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە و خاڵێکی گرنگ و جەوهەریە بۆ گەشە و سەرکەوتن و بردنەوەی ی.ن.ک لە پرۆسەی دیموکراسی و خستنی نەیارەکانی.

لە پرسی دبلۆماسی کوردیدا، ی.ن.ک دەبێت پێشەنگی بکاتەوە بەبێ ئەوەی یەک زەرەش کاریگەری نێگەتیف لەسەر پرسە مۆڕاڵی و مەبدەئییەکان دابنێت و ی.ن.ک لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، پرسی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا پاشەکشەی کردوە، لەسەر حسابی پرسی نیشتمانی کورد لە باکور، ئەم هاوکێشەیە هەڵەیەکی تێدایە، واتا دەکرێت پرسی نەتەوەیی کورد لە باکور لە سەرەوەی ئەجێندای ی.ن.ک دابێت، وەک هەمیشە و پرسی پەیوەندی دبلۆماسیش لەگەڵ تورکیا لەناو پرسەکەدا شوێن بگرێت، هەروەک ئەوەی لە سەردەمی جەنابی مام جەلال و تورکت ئۆزال و دواتریش ڕوویدا و جێی گرت بە سەرکەوتوویی و پرسی کورد و پرسی پەیوەندی لەگەڵ تورکیای بەیەکەوە بەرەو کێرڤێکی هەڵکشاو برد، بەڵام ئێستا لە غیابی مامدا، ئەم پرسە پاشەکشەی کردوە، کە دیارە گرفتێک هەیە، ڕوونیشە کە گرفتەکە لە ناو ی.ن.ک دایە، ئەم باسە بۆ ئێران و عێراقیش ڕاستە، کە دەبێت وەکو یاریزانێک لە ناو گۆڕەپانی قوڵپدراوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەکو پێشتر ی.ن.ک ڕۆڵی کارەکتەر بگێڕێت، نەک ڕۆڵی چاودێری ڕووداوەکان و بێ دەستکەوت.

خاڵێکی تری جێ سەرنج ئەوەیە ئێستا عێراق و بەشێک لە ناوچەکە بە کوردستانیشەوە کەوتونەتە ناو ململانێیەکی سەختی واشنتۆن و تارانەوە کە ناکرێت نە لەگەڵ هەر کامیان تا سەر یان دژایەتی پەیڕەو پیادە بکات، بەڵکو گەمەکە وەهایە لە ناو ئەو یاریەدا ڕۆڵ بگێڕێت، کارەکتەر بێت، دۆستی هەردوولا و دۆستی دۆستەکانی هەردوولاش بێت بەبێ لە دەستدانی بەها سیاسی و مۆڕاڵییەکان و بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردیشەوە.

ئەوەی کە لەم نێوانەدا دەتوانێت کارەکتەر بێت، قورس نییە ی.ن.ک بێت، بەڵام بەم فۆرم و مۆدێل و تێڕوانینەی ئێستاوە نا، بەڵکو پێویستی بە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو، تەشخیصی دروست و ستراتیژێکی درێژ خایەنە کە لەمپەرەکان ببەزێنێت و لەگەڵ شەپۆل و ڕەشەباکاندا سەوڵ لێبدات، بەڵام بە کاپتنێکی شارەزا و قاڵبوو کە کەشتییەکە بگەیەنێتە سەرکەوتن.

بۆیە گەر ئەم بنەما بنچینەییانە پێش بخەین و زامنی بکەین و گەشە بکەین و ڕەهەندە ستراتیژییەکان لەبەرچاو بگرین، سەردەکەوین و پێشدەکەوین ئەمەش کارمان بۆ ئاسان دەکات لە پرسە دیموکراتییەکاندا پێشەنگ و پێشڕەو بین و لە پرسە نیشتمانییەکاندا کارەکتەری سەرەکی و لە پرسە مەترسیدارەکاندا ئاگادار بین و

جەماوەرمان لە پشت بێت و شکست بەو پیلانانە بێنین، ئەوکات گەر ئەم پرۆسەیە وا چوە پێش، کەواتا پرسی یەکەمبوون و لیستی یەکەم و سەرکەوتنی گەورە دەتوانین چنگ بخەین.

گرنگە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پاش ئەم هەڵبژاردنە، لەگەڵ هێزەکانی کوردستان پرسە ئیداریی و سیاسییەکان تەواو لێک جیابکاتەوە و بە جددی بیانکاتە خەمی خۆی، ی.ن.ک لەگەڵ هێزەکانی هاوبەشی یان دەبێت بە توافق بێت، یان ئیستحقاقی هەڵبژاردن، زۆریشی ئاساییە گەر بە پێی پێوەری دووهەم بێت وەکو پرسێکی دیموکراسی، بەڵام نەک ئەوەی لە پرسەکانی پێشووی بۆ هەموو کاندید، کارەکتەر، پۆست و کارێک ی.ن.ک سەدان گرفتی بۆ دروست دەکرێت.

هەندێ جار بە بەرنامە ماندو دەکرێت بۆ سەر قاڵبوون بە کێشەی ناوخۆییەوە و زۆریش جەماوەرەکەی نیگەران بووە، دەبێت ئەمجارە ئەم پرسانە نەک تەواو بێت، ئیتر قابیلی نقاش و دیالۆگ دوبارەبوونەوە نەبێت، گەر بە تەوافقیش دەبێت ئەو هێزانە ئیتر لەوە تێبگەن بەبێ ی.ن.ک نەک کوردستان بەرێوە ناچێت، بەڵکو تاک حزبی و تاک دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت و مەترسییەکان لەسەر گەلی کوردستان زۆرتر و زیاتر دەبن.

خاڵێکی تر گرنگ ئەوەیە، ئەو سەرکەوتنەی ئەمجارە بەدیدێت، ببێتە فاکتەرێک بۆ چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی ناوخۆ و دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ کە هەموو یەکێتییەکان قایل بکات و ببێتە خاڵی گرنگ و وەچەرخان بۆ سەرکەوتن و، چونکە حزب هەمیشە لە بەردەم دوو ڕەهەندەدا، یەکگرتووی، دەست گرتن بە بەهاکانی دیموکراسی و گوێگرتن لە جەماوەر و خزمەتکردنیان و لادانی کێشەی ناوخۆیی و منسجم و یەکگرتوە، کە خاڵی بەهێزی حزبی دەبێت و گەشە دەکات و دەتوانێت کۆمەڵگە و جەماوەری لە پشت بێت، یان ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە.

بەڵام واقیعەکە ئەوەیە، کە ی.ن.ک دەتوانێت هەڵگری خەسڵەت و ڕەهەندی یەکەم بێت، دەتوانێت خۆی ئامادە بکاتەوە بۆ هێزی یەکەم، بەڵام دەبێت تاکتیک و ستراتیژی خۆی نوێ بکاتەوە و پێداچوونەوەی پێدا بکات، پێویستە سادەترین داوای خەڵک و بچووکترین نارەزایەتی و کەمترین گلەیی بە هەند وەربگرێت و گوێ لێبگرێت و ئەمە سادەترین فەلسەفەی سەرکەوتن، گەشە و ئومێدە.

ئەوەش بەتاڵکردنەوەی ئەو خەونەیە، کە خەویان بە مەرگی ی.ن.ک دەبینی، بەڵام دەرکەوت یەکێتی بە عەزمەوە وەستاوە بە گژ هەموو مەحاڵ و نەهەماتییەکاندا چۆتەوە و هەرگیز پاشەکشەی ی.ن.ک لە بەردەم دوژمن و نەیارەکانیدا ڕاناگەیەنرێت و نایبینن.

دەبێت هەموو لایەک ئەوە بزانن و چاوەڕێی سەرکەوتنی ی.ن.ک بکەن، بەمنزیکانەش جاڕی زەماوەندی سەرکەوتن دەدات، بۆیە مژدە دەدات بە دۆستەکانی و پەیامێکیش دەبێت بۆ نەیارەکانی بە دەنگی بەرز هاوار دەکات «بۆ زەماوەندی سەرکەوتن ئامادەبن.«

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خەڵات بۆ دۆست و مامۆستایەک



جارێک هاوڕێکەم کە لە سەردەمی بەعسدا لە تەشکیلاتی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا بوو وتی: من مستەفا ساڵح کەریمم ئاوا ناسی، کە لە کۆڕێکدا باس لە چیرۆکی "ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم" دەکرا، بەعسییەکان زۆر نیگەران بوون، تا ئەو ڕادەیەی کۆڕەکەیان تێکدا، خاوەنی چیرۆکەکانی "ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم و قەڵای دمدم ..... " دەیان چیرۆکی تر کە لە ناو بزوتنەوەی ئەدەبی کوردیدا لە دەیەی حەفتا و هەشتاکاندا، ڕۆڵ و نەقش و کاریگەریان هەبوە.

بە واتایەکی تر لەو سەردەمە، کە ئەدەب هێندە سنوردار کرا بوو وەکو کێڵگەیەکی بە مین چێندراو وابوو، بۆیە ناچار نوسەر دەبوو پەنا بباتە بەر خەیاڵ و ئەفراندن و بە دوای پیتێکدا بگەڕێت، کە تەعبیر لە خواست و ئیرادەی جەماوەر بکات، چونکە ئەدەب وەکو ژانڕێکی بەهادار، ئەگەر چی لەو کاتەدا تامم و بۆی ئیدۆلۆژیشی هەڵگرتبوو زۆرجار تەعبیری لە خواستەکانی چینێکی تایبەت و دیاری کۆمەڵگا دەکرد.

بۆیە ئەدەب لە سەردەمی بەعسدا، بە تەنها خۆی لە مانا ئەدەبی و فەزای ڕۆمانسی یان خەیاڵ نەدەبینییەوە، بەڵکو تەعبیر بوو لە واقیعییەتی کۆمەڵگا و ستەم و سەرکوتی ئەو فەزا ترسناکەی کە دروستکرابوو.

مستەفا ساڵح کەریم، جگە لەوەی لە بواری چیرۆک کاریدەکرد، لە هەمانکاتدا ڕۆژنامەنوسیش بوو، ئەمەش بۆ

خۆی دەتوانێت هەر کامیان کاریگەری لەسەر ئەوی تر جێبهێڵێت، وەکو چۆن نوسەرانی وەک یەشار کەمال و مارکس ... بەم شێوەیە بوونە ڕۆماننوس و سیاسی گەورەی دونیای ئەدەب لە بواری ڕۆژنامەنوسیدا.

بۆیە ئەم خەڵاتەی بە ناوبراو درا، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق جەنابی فریاد ڕەواندزی و ستافی وەزارەت و ئەو پێشوازییە گەرم و گوڕە و پێشکەشکردنی وتەیەکی جوان لەلایەن جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری و هەروەها ستایشی فەخامەتی جەنابی د.فؤاد مەعسوم سەرۆکۆماری پێشووی عێراق ئاماژەبوون بۆ گەورەیی و کەسایەتی کاک مستەفا ساڵح کەریم و ڕۆڵ و دەوری ئەو لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی کوردستاندا، جگەلەوەی شایستەی کار و خەبات و بەرهەمەکانی بوە، ڕێزگرتنە لە مێژووی نوسەرێک، کە تائێستاش بەردەوامە لە نوسین و گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی، ئامادەبوونی دەیان نوسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووسی عەرەب و کورد کە لەو مەراسیمەدا بەشداربووین، کە بەشێکی زۆرمان لە کوردستانەوە چووبووین، مەراسیمێکی شایستە بوو، لە کاتێکدا مستەفا ساڵح کەریم شایەنی خەڵاتی زۆرتر و زیاترە.

مستەفا ساڵح کەریم، جگەلەوەی نوسەر و ڕۆژنامەنوسە، دەتوانێت مامۆستا و هاوڕێشت بێت، بەڵام پێویستی بەوەیە لە مامەڵەکردندا کەمێک ئاگاداری بیت، چونکە کەمێک دڵناسکە و ئەویش خوی زۆرێک لە چیرۆک نوس، شاعیر و نوسەرە گەورەکانی دونیایە.

لەگەڵ ئەوەشدا میهرەبان و قسە خۆشە و بە هەزاران نوکتەی خۆش، دانیشتنەکان گەرموگوڕ دەکات.

بۆیە هیوادارم لە داهاتوودا کۆی بەرهەمەکانی لە بۆکسێکدا چاپ بکرێنەوە تا لە فەوتان ڕزگار بن، یەکێک لە شەقامەکانی سلێمانیش بە ناویەوە بکرێت، کە لانی کەم شایستەی لەوە زیاترە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

# پارادۆکسی شۆڕشگێڕ و تیرۆریست لای ئەمریکا

کورد، سادەترین کارەکتەرە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەرکات ئەمریکا ویستی بیکاتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی و هیچ ئاکام و دەرهاویشتەیەکی خراپیشی لێنەکەوێتەوە و هەرکاتیش ویستی دەستێک بەسەری کورددا بێنێت و قۆربانییەکانی ڕابردووی لەبیربەرێتەوە، چونکە هەمیشە کورد یەکلایەنە وتویەتی ئەمریکا دۆستی کوردە، کە لە ڕاستییدا تەنها کورد خۆی بە دۆستی ئەو زانیوە، نەک ئەم تێگەیشتنە لای ئەمریکا هەبوو بێت.

هیلاری کلنتۆن لە کتێبی بژاردە قورسەکان، بیرەوەری هەشت ساڵی خۆی کە وەزیری دەرەوە و کۆنگرێسمان بووە، دەگێڕێتەوە و باسی هەموو دونیا دەکات، بەڵام بە دوو وشە باسی کورد و نەهامەتییەکانی ناکات، کەچی ئەمریکا دێت و هەموو بەهاکانی گەلی کورد و ڕەمز و سیمبولەکانی دەخاتە بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە و (١٢) ملیۆن دۆلار دەخاتە سەر گیانی سێ سەرکردەی پەکەکە، (موراد قەرەیلان، جەمیل بایک و دوران کالکان)، کە ٤٠ ساڵە بەگژ هەموو مەحاڵەکاندا چونەوە، چونەوە بە گژ زەبەلاحترین هێزی ناتۆ، کە بە بەرچاوی ئەمەریکا و ئەوروپاوە، خەڵکی مەدەنی دەکوژێت و دەیانخاتە زیندان و دەریاچەکانیان لێ وشک دەکات و خانوەکانیان دەروخێنێت.

ئەمریکا، پێشتر ئەم نرخانەی خستبوە سەر (زەرقاوی، بن لادن، ئەبوبەکر بەغدادی) و دەیان تیرۆریستی تر، کە سەدان سەربازی ئەمەریکاییان کوشتوە و باڵیۆزخانەکانیان تەقاندۆتەوە، دەیان هەزار هاوڵاتییان کردە قوربانی و سەربڕین، لە سۆماڵ فەرەح عەیدید دەیان سەربازی ئەمریکای کوشت و دواتریش ئەمریکای بە ناچاری لە سۆماڵ دەرپەڕاند.

ئێستا ئەمریکا یەک مامەڵە لەگەڵ ئەبوبەکر بەغدادی و جەمیل بایک دەکات، ئایا لەم تێڕوانینەدا هیچ بەها و مۆراڵێک هەیە، کە بەردەوام بانگەشەی بەهاکانی مافی مرۆڤ و عەدالەت دەکرێت؟

ئەگەرچی مێژووی ئەمریکا پڕیەتی لەم کڕین و فرۆشتن و دروستکردنی لیستی تیرۆر و کوشتنی چەند هێزی شۆڕشگێڕ و سەرکردەکانیان لە بابەتی (بزوتنەوەی تۆپاک ئامارۆ لە پیرۆ، پڵنگەکانی تامیل لە سریلانکا لە

(٢٠٠٧) و کوشتنی سەرۆکەکەیان (فیلۆبیلای برابهاکاران) و دژایەتی فارک لە کۆلۆمبیا و تازەترین پیلانیش سەرکردایەتی ئەمریکا و (CIA) بوو لەگەڵ وڵاتانی ڕوسیا، یۆنان، تورکیا، ئیسرائیل و کینیا لە ساڵی ١٩٩٩ بە فرۆشتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە (٥) ملیۆن دۆلار و دەستگیرکردنی لە نایرۆبی و تەسلیمکردنەوەی بە ئەنکەرە، خوێنەر دەتوانێت ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، "گەشتە بێئاکامەکانی سەرکردەیەک" لە نوسینی بریتا بولەر کە پارێزەی ئۆجەلان بوو لە ڕۆما و هاوڕێم ڕێکەوت ئیسماعیل وەریگێڕاوە، بۆ ئەوەی تێبگات چۆن ئۆجەلان فرۆشراوە و ڕۆڵی ئەمریکا چیبووە لەم گەلە کۆمەکییەدا؟

ئەمریکا کە نەک بە گرتن و تەسلیمکردنەوەی ئۆجەلان بە بوڵند ئەجەوید نەوەستا، ئەوەتا لە کاتێکدا کە ئەردۆگان و ئەکەپە و ئەنکەرە ڕۆژانە زیندانەکانیان پڕدەکەن لە گەنجانی کورد، پەرلەمانتار و خەڵکانی ئازادیخواز، ئەمریکا و ئەوروپا چاوپۆشی لێدەکەن.

*- پەلاماری عەفرین و شارە کوردییەکانی ڕۆژئاوا دەدات، ئەمریکا چاوپۆشی لێدەکات.*
*- دێت لە شەنگال، زەکی شەنگال تیرۆر دەکات، ئەمریکا بێدەنگە.*
*- ڕۆژانە بۆردومانی قەندیل و گوندنیشینەکان دەکات، دەیان کەس بوونەتە قوربانی، ئەمریکا و ئەوروپا بێدەنگن.*
*- سوپای تورکیا سنورەکانی باشور دەبەزێنێت، ئەمریکا بێدەنگە، کەچی لەگەڵ هەر جوڵەیەکی ئێران دەیان کێشە بۆ حکومەتی عێراق دروستدەکات.*

کامە مۆراڵ و بەها هەیە؟ کاتێک لە واشنتۆن فەتحوڵڵا گیولەن داڵدە دەدات لە کۆشکی شاهانە و پارێزگاری لێدەکات و عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش تەنها لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی خەباتی گەلێک دەکات، نۆزدە ساڵە لە کونجی زیندانە و مۆڵەتی سەردانیشی لێ زەوتکراوە؟

بەڵام ئون سان سوکی، لە بۆرما پێنج ساڵ زیندانی حکومەت بوو، ئەمریکا هێندە بۆرمای لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناشرین کرد کە بە نیوەی ئەنکەرە قەتڵ و عامی نەکردبوو، تا سەرئەنجام سان سوکی کردە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و دواجاریش سەرۆک کۆماری بۆرمای بۆ دەستەبەر کرد، پار ساڵیش بە بەرچاوی واشنتۆنەوە

خانم سان سوکی کەوتە قەتڵ و عامی رۆهینگیا موسوڵمانەکانی (بۆرما - میانمار) کەسیش هیچی نەوت، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەپارێزێت. ئەمە سیاسەتی پارادۆکسی واشنتونە؟!

ئینسان ناتوانێت باوەڕ بکات بەوەی، ئەم بڕیارە بۆ بەرژەوەندی کوردە لە رۆژئاوا و بۆ جیاکردنەوەی ئەجێندای PKK و PYD یە و بگرە زۆر دووریش نییە، یەپەگە و یەپەژە و قەسەدەش جێبهێڵێت و بیانخاتە ژێر چەپۆکی دیمەشق و ئەنقەرەوە، وەکو چۆن پار ساڵ هەوڵیاندا ساڵح موسلیم لە چیک دەستگیر بکەن و تەسلیمی تورکیای بکەنەوە.

تاکە فاکتەر لەم بڕیارە نەبوونی مۆراڵ و سەیرکردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانە وەکو کارتی بەرژەوەندی، ئێستا کە زۆربەی بۆچونەکان فۆکەس ئاوا دەکەن لەسەر بڕیارەکەی واشنتۆن، ئەمریکا دەیەوێت دۆسیە و فایلی رۆژئاوای کوردستان (پەیەدە و هەسەدە) جیابکاتەوە لە دۆسیە و فایلی (پەکەکە و کەجەکە) واتا واشنتۆن (باکور و رۆژئاوا)ی دابەشکردۆتە سەر دوو هێز گەلی (تیرۆریست بە بۆچوونی واشنتۆن کە PKK دەگرێتەوە (ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ)، بەڵام ئەم ئەگەر و ڕووداوانەی ئەمریکا و ئەوروپا، هەمیشە ئەگەری دووبارەبوونەوەیان هەیە لە زەمەن و زەمانی جیاوازدا دژی کورد، کە (پەیەدە و هەسەدە) دەگرێتەوە، بەڵام بڕیارەکەی واشنتۆن دەکرێت واقیعەکەی ئاوا بخوێندرێتەوە کە ئەمریکا بە نیازە پشت لە دۆسیەی کوردەکانی رۆژئاوا بکات (سەرەڕای ئەوەی هەندێکجار وەکو قارەمان وێنەیان دەکات) تا دواجار پشتتێکردن و جێهێشتنی کوردانی رۆژئاوا کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕازیکردنی تورکیایە) بخاتە ئەستۆی هێزەکانی رۆژئاوا، کە ئەوان دۆستی پەکەکە بوون و گوێیان لە واشنتۆن گرتوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

# مێژووی کۆمەڵەو رۆژهەڵاتییەکان

دەرئەنجامی هەڵەیەکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەگەڵ بنەماڵەیەکی تێکۆشەری باڵەکایەتی، دوو کادری ی.ن.ک بوونە قوربانی و گیانیان لەدەستداو کارەساتێکی دڵتەزێن و نەخوازراو بوو.

رووداوەکە، جیالەوەی کارەساتە، بەڵام هەندێک میدیا، کە دۆستی کۆمەڵەو رۆژهەڵاتییەکانیش نین، زیاد لە پێویست گەورەیان کردو خەڵکی ناوچەکەیان لە دژی هەردوو کۆمەڵەو (حدک) و (حدکا) هاندا، تا رق و ناڕەزایەتی خەڵک لە دژیان ئەنجامبدەن، (بە مەبەستی سیاسی ئەو کارەیان کرد)، بەڵام هەم بنەماڵەی گیان بەختکردوان کادری (ی.ن.ک)نن، هەم خەڵکی باڵەکایەتی لانکەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بووە، درکیان بەوە کرد، کە ئەوەی روویداوە، نە ئامانج و مەبەستی کۆمەڵە بووە، نە خوازیار بووە ئاکامەکەی وایلێبێت و چۆڵکردنی بارەگاکانیشیان ئەو نییەت پاکییە نیشاندەدات.

بەڵام ئەوەی مایەی هەقە، بنەماڵەی قوربانییەکان و خەڵکی باڵەکایەتیین، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی و شۆکە، ئەو لێدوان و نووسین و کۆمێنتانەن بەرامبەر کۆمەڵە، دیموکرات و خەڵکی رۆژهەڵات نوسراوەو دەوترێت، کە هەندێکیان نانیشتمانی و بێ مۆراڵی پێوە دیارەو دوورە لە هەستی هاونیشتمانی و تێڕوانینی خەباتی هاوبەشی نێوان ئەم دوو پارچەیەی کوردستان.

رۆژهەڵات و خەڵکەکەی، نەک تێکۆشەرن و شۆڕشگێڕن، بەڵکو زیاد لە پێویست خزمەتی باشوری کوردستانیان کردووە لە کارەسات و شۆڕشی ی.ن.ک دا، شایستەی ڕێزلێگرتنن نەک سوکایەتی.

کۆمەڵەو دیموکرات وەکو دوو هێزی شۆڕشگێڕی رۆژهەڵات، زۆریان بۆ کورد و بۆ کوردی باشور و پشتیوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی (ی.ن.ک) بوون لە دەیەی حەفتاو هەشتاکاندا.

شەهید قاسملۆ، د.جەعفەری شەفیعی، خانەی موعینی، فوئادی مستەفا سوڵتانی لەناو شەهیدەکان و لەناو

تێکۆشەرانی ئێستاش، ئیبراهیم عەلیزادە، عەبدوڵلای موهتەدی، عەبدوڵلا حەسەن زادە، مستەفا هیجری، عومەری ئیلخانیزادە، خالیدی عەزیزی و ساعیدی وەتەن دۆست لە سیما دیارو ناسراوەکانی رۆژهەلاتن، کە دۆستی دێرین و بەوەفاکانی جەنابی مام جەلال و (ی.ن.ک)نن و هەمیشە مام بە دۆست و پشتیوانی باشور ناوییبردون.

سەردەمی بەعسیش ئەم هێزو کەسایەتیيانە ماڵ، داهات، سەروەت، سامان، چەک و چۆڵیان لەگەڵ باشوور (ی.ن.ک) کردۆتە دوو کەرت و سفرەی هەژارانەی خۆیان بە تویشووی پێشمەرگەو لێقەوماوانی باشور و کۆلیتەکانیان نوای بێ سەرپەرشتان بووەو مێژووی دوای بەعسیش نیشانیدا ئەم هێزانە، لەیەک مەحفەل و هەڵوێستدا نەک دژی باشوور و (ی.ن.ک) نەبوون، بەڵکو لەسەر خەباتی باشوور دەیان پێشمەرگەی کۆمەڵەو دیموکرات لە بۆتێ، قەندیل و هەڵەبجە کیمیاباران کران و شەهیدبوون، چونکە هاوکاری هێزی پێشمەرگەو (ی.ن.ک) یان کردبوو.

لەدوای راپەڕینیشەوە، تا ئەوپەڕی سەیری ئەیوب، رێزو ئیحترامی سەروەری باشور و حکومەتی هەرێم و عێراقییان کردووەو سەلماندوویشیانە دۆستی باشوورن و شۆڕشگێڕیشن.

ئەوە دیووە رەهەندە سیاسییەکەیەتی پەیوەستی حکومەت و ئەوهێزانەیەو ئەوەی تریشی دیووە کۆمەلایەتییەکەتی، کە بنەماڵەی ئەو دووگیان بەختکردووەو راگەیاندنێکی جەوامێرانەیان داوە، کە هەر چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت.

بەلام دەبێ ئەوە بزانین، چ بنەماڵەی ئەو دووگیان بەختکردووە، چ کۆمەڵە، هەردوکیان قوربانین، بەلام رووداوێکی نەخوازراو روویداوە، کە دڵنیام کۆمەڵەو ی.ن.ک چارەسەری بۆ دەدۆزنەوەو ئەرکی (ی.ن.ک)یش وەکو دۆستی کۆمەڵەو خەڵکی رۆژهەلات و هێزەکانی ئەو پارچەیەو خاوەنی ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە، کە کادری (ی.ن.ک)ن بێ دوو دڵی کێشەکە چارەسەربکات و رێگری لەو هێرشە میدیاییە، پۆپۆلیستی و هێرشە سۆسیال میدیایە بگرێت، کە خەریکە پەیوەندی ی.ن.ک و رۆژهەلات، بە باشوور و رۆژهەلات ناشرین دەکات.

چونکە خەڵکی رۆژهەلات هێشتا چاوەڕوانی زۆر زیاتریان لە باشوورییەکان و ی.ن.ک هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و شۆڕش و تێکۆشانیان نابێتە ئەم رووداوەو هەر رووداوێکی تری وەها نەخوازراو ببێتە مایەی دڵتەنگی رۆژهەلاتییەکان.

ئەوانەش سوکایەتی بە رۆژهەڵاتییەکان و هێزەکانیان دەکەن، هێشتا مێژووی رابردوویان باش نەخوێندۆتەوەو لەداهاتووش ناچارن سەدان لێبوردن و پۆزش بنوسن.

بەرزو بەرێزی یادی ئەو دوو کادرەی ریزەکانی ی.ن.ک، کە شەهید بوون و دڵنیام شەهیدبوونی ئەوان خەبات و تێکۆشانی نێوان بنەماڵەکەیان و باڵەکایەتی و باشوورییەکان ی.ن.ک رۆژهەڵات، دەبێتە پتەوکردنی رووحی هاوکاری، نەک ئەوەی نەیارانی کورد چاوەڕوانی دەکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

# سانسۆر و تیرۆر

تادێت ژینگەی کاری رۆژنامەنوسی و میدیایی لە هەرێمی کوردستان، دەبێتە ژینگەو کێڵگەیەکی پڕ مەترسی بۆ رۆژنامەنوسان، بەشێوەیەک وایلێهاتووە لە هەر کات و ساتێکدا رووبەرووی تیرۆر ببێتەوەو بکوژرێت، لەسەر چی .... ؟ تەنها لەسەر نوسین و دەربڕینی بۆچون.

تیرۆر کردنی رۆژنامەنوسان (عبدولستار تاهیر شەریف، سۆرانی مامە حەمە لە کەرکوک، سەردەشت عوسمان لە هەولێر، کاوە گەرمیانی لە گەرمیان و وداد حوسێن لە دهۆک) تەنها فۆرم و شێوازو تاکتیکی تیرۆرکردنەکانیان جیاوازە، تەنها موقعی جوگرافییان جیاوازە، بەڵام زۆرینەییان سەر بە میدیای ئەهلی یان بێ لایەن بوون، بەڵام هیچ گومان هەڵناگرێت و بەرپەرچ یەقینەوە هەموویان لەسەر نوسین و دەربڕینی بۆچوونەکانیان تیرۆرکراون (ئەگەرچی هەندێک لە نوسین و بۆچوونەکانیان پابەندبوون بە ئیتیکی رۆژنامەوانی پێوە نییە، بەڵام ئەمە رێگا خۆشکەر نییە بۆ تیرۆرو کوشتنیشیان)، بەڵام تیرۆری رۆژنامەنوسان و پارێزەران و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بگرە خەڵکانی سیاسیش، پێماندەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان واتا (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەبێت وەڵام بدەنەوەو چارەنوسی بکوژانی ئەم رۆژنامەنوسانە دیاریبکەن، چونکە لە زاخۆ تا خانەقین هەموو دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت لای ئەو دوو هێزەن بە کەرکوکیشەوە.

بەڵام لەمە زیاتر شاردنەوەی کەیس و فایلەکانیان، دەبێت دوو کار بکەن، یان ئیتر رێگا نەدەن بە دەرچونی هیچ رۆژنامەو گۆڤارو میدیایەکی ئەهلی و ئازادو ئۆپۆزسیۆن، هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنی و رادیۆییەکان دابخەن و مۆڵەتەکانیان لێوەربگرنەوەو کۆی سەندیکاو رێکخراوەکان یاساغ بکەن و رایبگەیەنن ئیتر سەردەمی ئازادی و راگەیاندن و عەقیدەو بەیان بەسەرچووە.

یا بانگەشەی دیموکراسی و ئازادی نەکرێت تا هەموو ئەوشەریحانەو بەتایبەتی رۆژنامەنوسان بیر لە چارەسەری تر بۆ خۆیان بکەنەوەو توشی ئەو وەهمە نەبن کە تیرۆر ناکرێن.

**ئەگەرنا لە ماوەی (٨) ساڵدا لە (١ - ١ - ٢٠٠٨ تا ٣٠ - ١٢ - ٢٠١٥) جگەلە (وداد حوسێن) لە دهۆک (٧) رۆژنامەنوس تیرۆرکراون و (٤٨٤) پێشێلکاری روویداوە.**

**ئەم ئامارانە پێماندەڵێت "ژینگەی هەرێمی کوردستان خەریکە دەبێتە ژینگەی رەش و دەچێتە لیستی ئەو وڵاتانەی کە رێکخراوەکانی رۆژنامەنوسی بە جێگەی ترس دەزانن بۆ کارکردن"، سەرەڕای هەموو ئەوانە دڵنیام کە تیرۆری وداد دواین تیرۆری رۆژنامەنوسان نابێت.**

**خشتەی ئەو پێشلکاری و تیرۆرانەی بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان کراوە لە هەرێمی کوردستان**

**١- (٧) رۆژنامەنوس لە هەولێرو موسڵ و گەرمیان تیرۆرکراون و**

**٢- (٢) رۆژنامەنوسی ژن تیرۆرکراون**

**٣- (٤٨٤) حاڵەتی پێشێلکاری روویداوە، (١١) حاڵەت دژی ژنانن**

**٤- لە کۆی (٧٠٠) ئەندامی سەندیکا نزیکەی (٥٠٠) لەوانە ژنانن.**

**٥- ئەم (٤٨٤) ژمارە (حاڵەت)ە پێشێلکارییە، ئەگەرنا رێژەکە زیاترە، بۆنمونە کە باسی حاڵەتی لێدان دەکرێت (٥) رۆژنامەنوس بەیەکەوە لێیان دراوە واتا یەک تیم بوون، یان (٣) رۆژنامەنوس لێیان دراوەو (هەرکامیان) هی (٣) کەناڵی جیاواز بوون، بۆیە رێژەکە دەگاتە نزیکەی (٦٠٠) پێشێلکاری بەرامبەر (رۆژنامەنوس) یان (کەناڵ).**

**٦- لە ساڵی ٢٠١٤ دا (٣٣) حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر (٥٨) رۆژنامەنوس ئەنجامدراوە.**

**٧- لە ساڵی ٢٠١٥ دا (٣٢) حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر (٧٢) رۆژنامەنوس ئەنجامدراوە.**

**٨- (٤٨٤) حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژناموسان روویداوە، جگە لە**

**- ٢٧١ سکاڵای یاسایی**

**- ٢٣ پێ بژاردن**

**- ٣٠٠ بەیاننامەی راگەیاندن**

**٩- لە ساڵی ٢٠١٣ (راپۆرت ١١) بە کەرکوکەوە (٢١) حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر (٣٠) رۆژنامەنوسان ئەنجامدراوە.**

**١٠- هەر لە ساڵی ٢٠١٣ دا (راپۆرت ١٢) (٢٧) حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر (٤٢) رۆژنامەنوس ئەنجامدراوە. کەواتە لە ساڵی ٢٠١٣ دا ٤٨ حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر (٧٢) رۆژنامەنوس تۆمار کراوە.**

تیرۆر:

١١- سروە عبدولوهاب: موسڵ ٤ - ٥ - ٢٠٠٨ لە بەردەم ماڵەکەی خۆی لەلایەن تیرۆریستانەوە تیرۆرکرا.

١٢- بێگەرد قەڵاتی: رانیە ١٨ - ٤ - ٢٠٠٨ لە لایەن هاوسەرەکەیەوە تیرۆرکرا.

١٣- مولود افند ٨ - ٦ - ٢٠١٢ وتیان فڕێندراوە ٢٠١٥ دەرکەوت لە تارانە.

١٤- کێشەکان پەیوەندیان هەیە بە:

- دادوەر
- حکومەت و دامودەزگا
- رۆژنامەنوس، کەناڵ
- سەندیکا
- زۆربەری کەیسی دادگا رۆژنامەنوس دۆراندوە.

١٥- پەلاماردان ٢٠٠٨ — ٢٠١٠ لە (٤٨٤) حاڵەت (٨) ژن پێشێلکاریان بەرامبەر کراوە.

❊ سی سیل ئینیۆل: ژنە رۆژنامەنوسی فەرەنسی لە هەولێر لە ئوتێل هەورامان لە ٧ و ٨ - ٣ - ٢٠٠٨ لەلایەن کارمەندێکی هوتێلەوە دەستدرێژی کرایەسەر.

❊ سروە عبدالواحید: مەخمور ٦ - ٦ - ٢٠٠٨ (الحرە) براوەتە بارەگای پۆلیس.

❊ ئازیز محمود: سلێمانی - رووداو - ١٠ و ١١ - ٤ - ٢٠٠٩ هێرشکرایە سەر ئۆتۆمبێلەکەی و گوللەیەک دەخرێتە ناو ئوتومبێلەکەیەوە.

❊ ئەڤین بەهجەت: کەرکوک و هەولێر ٧ - ٣ - ٢٠١٠ GK tv لە سەیتەرە راگیراو کامێراکەیان لێ سەندراوە.

❊ چیمەن عەلی: سپێدە ٧ - ٣ - ٢٠١٠ کوردستان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا.

❊ تابان فازڵ: روداو ٢٩ - ٧ - ٢٠١٥ لە دهۆک بۆ رومالی هێرشی فرۆکەی تورکیا بۆ سەر PKK، هێرشی کرایەسەر.

❊ هانا ئیسماعیل: ٢٨ - ٦ - ٢٠١٥ KNN هەولێر، زێرەڤانی پێشلێکاری دژی ئەنجامداوە.

٢٠١٣

❊ سۆزان جەمال - سەرنوسەر گۆڤاری زانستی سەردەم ٤ - ٢٠١٣ سلێمانی، هەڕەشەی لێکراوە.

١٦- خۆپیشاندان + هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دوو حاڵەتی تایبەت بوون، کە زۆرترین پێشێلکارییان تێدا ئەنجامدراوە.

١٧- لەم راپۆرتانەدا باسی ئەو كتابانە نەكراوە، كە نێردراوە بۆ دادگا یان لە پۆلیس هاتوون+ یان داوای یاسایی و سكاڵا بوون، یان یاداشت بوون بۆ حكومەت.

ئەنوەر حسێن

جێگری نەقیبی رۆژنامەنوسانی كوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێكەوتی: ١١ ئۆكتۆبەری ٢٠١٧

## کامە سەربەخۆیی...؟

"هەشتا رۆژ هێزەکانی ناتۆ بۆردومانی سربیایان دەکرد، بەڵام ئامادەنەبوون کۆشکەکەی میلۆسۆڤیچ بکەنە ئامانج، چونکە تابلۆیەکی رامبرانتی تێدابوو"

پاراک خانا - لە کتێبی جیهانی دووەم

پرسی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، گەرچی پرسی هەمیشەیی هەموو تاکێکی کوردە، بەڵام هەندێکجار کێرڤی ئەم پرسە بەرزو نزم دەکات.

روانگە و ئیستراتیژو روئیای حزبە سیاسیەکان جیا لە جیاوازیان بۆ پرسەکە، وابەستەگی بە چەند فاکتەر و رەهەندی ناوخۆیی، ناوچەیی، نێودەوڵەتیەوە هەیە.

لەباکورو رۆژئاوا، کە پارتی کرێکارانی کوردستان نوێنەرایەتی ئەم پرسە دەکات، خۆی لە تێزی (خۆسەری دیموکراسی)دا بەرجەستە دەکات، بەڵام لە باشور و حکومەتی هەرێم کە یەکێتی و پارتی کاری لەسەر دەکەن تێزی (دەوڵەت - نەتەوە)یە.

بەڵام لە واقیعدا ئەم پرسە رەهەندی جزگرافی و جیۆپۆلیتکی هەیە، کە پەیوەندی بەچوار وڵاتی ناوچەکە و هەڵوەشاندنەوەی سایکس- بیکۆوە هەیە، لەپەیوەست بەهەڵوێستی ئەمەریکاوە و هەڵوێستەکانی ئۆباما بۆچونەکانیانی ئاوایە: کە لەگەڵ داخوازیە رەواکانی گەلی کوردن، بەڵام پێویستی بە رەزامەندی عێراق هەیە بۆ ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان لە عێراق، وەکو ئەوەی لەسودان و باشوری سودان رویدا. جیالەوەی پەیوەندی بە رەزامەندی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکانیش هەیە، بەڵام لەواقیعدا تا ئێستاش ئەمەریکا و ئەوروپا وەکو بەشێک لە عێراق مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکەن و لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە واشنتۆن بەپلەی یەکەم سیاسەتەکانی پەیوەندی بەبەرژەوەندیە ئابوریەکانەوە هەیە و بێ مۆراڵە و تێڕوانینی واشنتۆن تێروانینێکی سیاسی نیە.

لەئاستی ناوچەیش هەرگیز ناکرێت چاوەروانیەکی وەها لەتورکیا، ئێران بکرێت و کارێکی نالۆژیکەیە. لە ئاستی ناوخۆشدا نەک هەر گوتارێکی هاوبەشی ناسیۆنالیستی نیە لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان، بەڵکو گوتاری هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانیش جیاوازی زۆری پێوەدیارە.

بەڵام هەر کەس و لایەنێک ئەم خەونەی کورد بکاتە دیفاکتۆ، وەکو گاندی، شانانا گۆسماو، جۆن گەرەنگ، دەبێتە سیمبووڵ و رەمزی جاویدانی خەڵکی کوردستان.

بەڵام بەکارهێنانی بۆ بانگەشەی سیاسی و حزبی کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر خەون و ئارەزوو ئارمانی خەڵکی کوردستان دادەنێت و تەواو بێ هیوایاندەکات لەبەرامبەر ئەم خەون و خۆزگە سەرمەدەیەیان.

بەڵام دەبێت پێش راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و بوونی بە (دەوڵەت) رۆشن بێت کە دەوڵەتی کوردستان، نموونەی سعودیە دەبێت یان چیک...؟

گەر هەڵگری خەسڵەت، بنەماو میتۆد و سیستمی حکومرانی سعودیە بێت، نەبوونی باشترە. کە هیوادارین هەرگیز بیر لەم مۆدێلە حکومرانیە نا دیموکرات و تۆتالیتارە نەکرێتەوە. کە بەداخەوە مۆدێلەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی دوای ئاڵوگۆڕەکانی بلۆکی رۆژهەلات و رۆژئاوا لە جۆری سعودیە بوون.

بەڵێ، بۆ دەوڵەتێکی کوردی، پلوراڵ، دیموکراسی کە پابەندبێت بە ئازادییەکان، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگایەک کە سەدان ساڵە خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینێت. سەربەخۆبوونی کوردستان خوێن و باجی زۆری بۆ دراوە. بۆیە دەبێت ئەو دەوڵەتە وەڵام بەو خوێن و قوربانیدانە بداتەوە. نەک تەنها ژمارەیەکی تری دەوڵەت بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠١٥

## داعش دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبییە؟

بەهاری عەرەبی لەدوای لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و رووخانی دیواری بەرلین، رووداوگەلێگی گرنگ بوو لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ سێ رووداوی تر کە (رووخانی بەعس، یانزەی سێبتەمبەر، دەرپەڕاندنی تالیبان لە ئەفغانستان) بوون.

ئەگەر لە یەکەمیاندا گلاسنونست پرۆستریکای گۆرباچۆف توانی (١٦) دەوڵەتی نوێ بونیادبنێت، کە دەیان ساڵ بوو لەلایەن ستالین و سۆڤیەتەوە ئەو مافەیان لێ زەوتکرابوو، دواتر یۆگسلافیاو چیکۆسلۆڤاکیاش لێکهەڵوەشێنێت.

بەهاری عەرەبی ئەگەرچی بووە هۆی کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی دیکتاتۆریەت لە میسر، لیبیا، تونس، یەمەن و کۆتاییهاتن بە فەلسەفەی ناسیۆنال - فاشی، عەرەبی، کە لە بەشێک لەو وڵاتانە هەبوو، ئالوگۆڕێکی گرنگ و گەورە بوو، کە لانی کەم خۆرهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی شڵەقاند.

بەڵام ئێستا باس لەوە دەکرێت کە لە خراپترین و رەشترین دەرهاویشتەکان و ئینحکاساتی بەهاری عەرەبی، رووخانی هەیمەنەی دەوڵەت بوو لە زۆر وڵاتی عەرەبیدا، رووخانی هەموو دامودەزگا یاسایی و دادوەری و ئەمنیەکان و سەرهەڵدانی فەوزاو خۆنیشاندان و سوتاندن و تالانکردنی وڵات و دامودەزگاکانی دەوڵەت بوو.

سەرەڕای ئەوانە، بووە هۆی پەرەگرتنی گەندەڵی و کۆچکردنی ملیۆنان هاووڵاتی لە نیشتمانەکانیان و بووە هۆی سەرهەڵدانی ململانێی تائیفی، دینی، مەزهەبی و هەڕەشە لە کەمینەکان.

پرسیاری ئەوە دەکرێت، لیبیا، تونس، میسرو یەمەن چیان چنییەوە لە بەهاری عەرەبی؟ ئەو ئامانجانە کامانەن کە باسی لە ئازادی، یەکسانی، رێزگرتنی هاووڵاتیان دەکرا؟

هەرچەندە، ئیسلامی سیاسی میانڕەو، سوار سەری شەپۆلەکانی ناڕەزایەتی بەهاری عەرەبی بوو، لە میسرو تونس

ئیخوان دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵام ئەمە لەسایەی دەسەڵاتی ئەوان و نە دواتریش ئەم وڵاتانە ئارامیان بەخۆیانەوە نەبینی.

ئەگەرچی بەهاری عەرەبی دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ فەراهەمکردنی پلورالیزمی سیاسی و گەشەی دیموکراسی، بەڵام ئەوە هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەن کە نەیانتوانی فۆرمەلەیەک بدۆزنەوە بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراسی و رێکخستنی کۆمەڵگاکانیان، خەریکە ئیسلامی سیاسی رادیکاڵ و تیرۆرست، هەموو ئامانج و هەنگاوەکانی بەهاری عەرەبی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لە سوریا لەسایەی خرۆشانی بەهاری عەرەبی و نائارامی، بەناو سوپای ئازادو هێزە لیبراڵەکان، داعش و بەرەی نوسرەو دەیان گروپی تیرۆرستی قوتبوونەوە.

لە لیبیا جەیشی شەریعەتی تیرۆرست، مەترسی جددی لەسەر حکومەت دروستکردووەو لەپاڵ پاشماوەکانی لایەنگرانی قەزافی و ئیخوانی سەلەفی و جیهادیەکان.

لە یەمەن ململانێی دەوڵەت و حوسیەکان لەوپەڕیدایە بەهۆی پشتیوانەکانی ئێران بۆیان.

لە فەلەستین، تونس... قەیرانەکان هەروا درێژەیان هەیەو بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، نزیکەی (٥٠) ملیار یۆرۆ زەرەرو زیان بەر ئەو وڵاتانە کەوتووە لەسایەی ئەم رووداوانە، سەرەڕای زیادبوونی رێژەی بێکاری، چوونە دەرەوەی سەرمایەگوزاری و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و گەشتوگوزارو تێکشکاندنی ژێرخانی ئابووری ئەم دەوڵەتانە.

بەسەرنجدان لەم بۆچوونانە، عیراقی هاوسنوری زۆر لە وڵاتانی بەهاری عەرەبی و نزیک لەو فەلسەفەو سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی ئیتنی و مەزهەبی، لەگەڵ رووداوەکانی ئێستای وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا بە یەک شێوە دەوڵەت و هاوشێوەی رووداوەکانی ئەوان تێکاڵاوە، هەموو دەستکەوتەکانی دوای بەعس لە بەردەم مەترسیدان و بە هاتنی داعش و قەیرانە تازەکان، ئەم مەترسییە زیاتر بووە.

ئێستا ئەگەر عیراق بە حەوت ساڵ پێش وڵاتانی بەهاری عەرەبی، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و هەنگاوی نا، بەڵام ئێستا لەباری ترس و شەڕو قەیرانی ئابووری و مەترسی گروپە ئیسلامیە رادیکاڵ و تیرۆریستەکانی وەکو داعش، هەست بە جیاوازی ناکرێت و بگرە بەقەدەر میسریش ئارام نیە.

داعش لە عیراق و مەترسییەکانی وایکرد، ئەو پرسیارە دروستبێت، ئایا داعش دەرهاویشتەی رووداوەکانی بەهاری عەرەبییە..؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

# ووتویژی "گۆڤاری والاپریس" لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری

## بەشی یەکەم

***مستەفا هیجری: بەشبەحاڵی خۆم لەوباوەڕەدام ئەوەی کورد بەسەریهاتووە تائێستا ئەو نەگبەتی و دواکەوتووییەی کە هەمانە، ئەوانە بەشێکی هەرە زۆری موسەبیبەکەی خۆمان بووین کە نەمانتوانیوە یەکتری تەحەمول بکەین و دیموکرات نەبووین، فەقەت لەقسەدا باسی دیموکراسیمان کردووە، بۆیە پێموایێت چ کورد بەعام چ وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەگەر بمانەوێت نەتەوەکەمان پێشبکەوێت و بەڕاستی حزب وەکو وەسیلەیەک بێت لە خزمەتی خەڵکەکەی، دەبێت هەموو یاسایەکی دیموکراتی قبوڵبکات، یەکێک لە یاساکانی دیموکراسی ئەوەیە کە تۆ لە هەڵبژاردندا دۆڕاندت، دەبێت دۆڕاندنت قبوڵ بێت.***

**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

**❊ ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادە بێت، ئەوا دانوستانی لەگەڵدا دەکەین**

**❊ ئەو گۆڕانانەی لەناوچەکەداو لە بەشەکانی تری کوردستاندا ڕوویانداوە، دەرەنجامی خەباتی چەکداری هێزی کورد نەبووە**

**❊ کۆماری ئیسلامی ئێران، فرسەتی حەرەکەتی مەدەنی نەک بە کورد بە کەسی دیکەش نادات**

**❊ کورد لە ئێران لەباری ئابوورییەوە، نەتەوەی سێیەمە، یەکێک لە بێدەرانترین نەتەوەکانی ئێرانیشە**

**❊ لاپەڕەیەکی نوێمان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەماندا دەستپێکردووە کە پێنج شەش ساڵ لەمەوپێش لە حزبی دیموکرات جیابوونەوە**

**❊ خەریکین بەرەو ئەوە بچین کە لە داهاتوودا لەگەڵ حزبی دیموکراتەکەی تردا یەک بگرینەوە**

***وەک گۆڤاری والاپرێس، لە بارەگای سەرەکی سکرتارییەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆبووینەوە بۆ سازدانی ئەم دیدارە. ئەو سکرتێری***

*حزبێکە کە لەڕابردوودا لە خەبات و تێکۆشانێکی سەختدا بووەو خاوەنی چەندین سەرکردەی تێکۆشەری وەکو شەهید قازی، قاسملۆو شەرەفکەندی-یەو لەچەند ساڵی رابردوودا لەبەردەم چەندین مەترسی گەورەو تیرۆرو هەڕەشەو ترس و تۆقانێکی زۆردا بووە.*

*سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە بارەگای سەرەکی خۆی، سەبارەت بە بارودۆخی کۆنگرەی نەتەوەیی و بارودۆخی سیاسی کوردو کێشەو گرفتەکانی حزبی دیموکرات و ئەگەرەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حزب، ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکهاتووە، بیروبۆچوونەکانی دەخاتەڕوو.*

***واڵاپرێس:** با لەوەوە دەستپێبکەم حزبێک کە خاوەنی کۆمار بێت، حزبێک خاوەنی قازی و قاسملۆو هەزاران پێشمەرگە، هەزاران شەهید بێت، حزبێک لەڕابردوودا خاوەنی دەسەڵات بووە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا دەبینین لە ئۆردوگایەک قەتیس ماوە، ئەو حزبە بە ئۆردوگانشین ناسراوەو گلەیی ئەوەی لێدەکرێت ناتوانێت خەباتی چەکداری دەستپێبکات و ناتوانێت خەباتی مەدەنی بەرەوپێش بەرێت، چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەیتەوە؟*

**هیجری:** واقیعەکە ئەوەیە، بەگوێرەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە دنیاو ناوچەکەو وڵاتدا دێتەپێشێ، ئاڵوگۆڕەکان کاریگەری خۆیان لەسەر هەموو جوڵەی کەسایەتی و کۆمەڵ و حزب و دەسەڵاتێک دادەنێن، بۆیە ئەو رابردووەی جەنابت باستکرد بۆ حزبی دیموکراتی ئێران تەواو راستە، رابردوویەکی پڕ لە شانازی و پڕ لە خەبات و تێکۆشان و فیداکاری هەبووە. بەڵام ئێستا وەزعییەتی دنیاو ناوچەکە گۆڕاوە، نەک بۆ ئێمە وەکو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە حزبێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانین، بەڵکو لە ناوچەکەداو لە دنیادا هەڵسوڕانی حزبەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهاتووە. ئێستا هەڵسوڕان و تێکۆشانی حزبەکان وەکو (٣٠)ی ساڵ (٤٠) ساڵ، لەمەوپێش نەماوە، کۆمەڵگا گۆڕاوە، بیروبۆچوونەکان گۆڕاون، ئەو گۆڕانانە پێویستی نوێ بەدوای خۆیاندا دەهێنن. لێرەدا مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی ئەو دەورەی کە لەڕابردوودا هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی هێزە سیاسییەکانی کورد روویان لە خەباتی چەکداری و خەباتی پێشمەرگایەتی بوو، ئایا ئێستا ئەو ویست و داخوازییانە لەنێو کۆمەڵگادا بەو شکڵەی خۆی، خەڵک دەیەوێت؟ ئایا شوێن دانەری خۆی هەیە لەسەر دەسەڵات کە بتوانێت دەسەڵات بێنێتە سەر مێزی وتووێژو داخوازییەکانی نەتەوەی بەسەردا بسەپێت؟

ئەوەی کە ئێمە لەڕابردوودا کردومانە بەتایبەتی لەدوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئێستا ماوەی چەند ساڵێکی بەسەردا تێدەپەڕێت، هەموو ئەو شێوە خەباتەمان لەڕابردوودا تاقیکردووەتەوە، وەکو خەباتی چەکداری، خەباتی مەدەنی، خەباتی سیاسی، راگەیاندن و رێکخستن و هەموو ئەوانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هاوسەنگیی هێز ئێمە وردە وردە پاشەکشەمان کردووەو هاتووینەتە سنوورەکان و ئێستا وەک باسمانکرد بەشی ئاشکرای حزبەکەمان لە کەمپەکانی حزبدا لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێیە کە لەو کەمپانەدا کاری حزبی دەکەین بەپێچەوانەی ئەوەی باسدەکرێت کە ئەوە کەمپنشینییەو بێدەسەڵاتییە! بەڵکو ئێمە لەو ماوەیەدا کاری زۆر چڕوپڕمان هەیە لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی میدیایی، لە پێوەندی لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ هێزو رێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە هەموو بەشەکاندا، هەروەها رێکخستن لەناوخۆی وڵاتدا بەشێوەی نهێنی کارو تێکۆشانێکی زۆر بەرچاومان هەیە، ئەوەی ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکی کورد لە بەرچاویانە راگیرانی خەباتی چەکدارییە لەلایەن حزبی ئێمەوە، بێجگە لەو بەشە هەموو بەشەکانی دیکەی کارو تێکۆشانی حزبی دیموکرات ئەکتیڤ و کارایە، بەڵام بەگوێرەی لێکدانەوەیەک کە حزبی ئێمە کردوویەتی، لەئێستادا دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێراندا بە قازانج نازانین، پێمانوایە دەبێت ئێستا لەخەباتی دیکە سوود وەربگرین، هەروەک تائێستا کردوومانەو لەکاتێک کە گونجاو بێت خەباتی چەکداری دەستپێبکەین، خەباتی چەکداری بەبۆچوونی ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەباتێک نییە کە بسەپێت بەسەرماندا وەکو خەباتێک کە ئیلزامەن ئێمە ئەگەر خەباتی چەکداری نەبێ دەست رابگرین و کاری دیکە نەکەین، بەڵکو پێمانوایە کە لەهەر سەردەمێکدا رەنگە شکڵێک لەخەبات و تێکۆشان گونجاو بێت لەوڵاتدا، بەپێی لێکدانەوەیەکی سیاسی کە هەمانە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی مەنتیقەدا لە ئێرانداو لەدنیادا واقیعەتەکە ئەوەیە کە خەباتی چەکداری وەکو رابردوو خەباتێک نییە کە خەڵکی و لایەنەکان پێشوازی لێبکەن، بۆیە فیعلەن ئێمە ئەو بەشەمان راگرت، بەڵام بەشی کارەکانی دیکەمان زۆر فەعالە.

***واڵاپرێس:*** *ببورە خەباتی چەکداریتان راگرتووە یان بە ناچاری راگیراوە، واتە بۆ نموونە وەزعییەتێک کە ئێستا هەرێمی کوردستان بەدەستیهێناوە لە دەرئەنجامی شەڕو خەباتی چەکداری بووە، لە کوردستانی تورکیا سوڵح کە دەکرێت لە دەرئەنجامی هاوسەنگی هێزو خەباتی چەکداریدا بووە، لە کوردستانی سوریا خەباتێک هاتووەتەکایەوە دەرئەنجامی خەباتی چەکدارییە، راستە ئاڵوگۆڕێک پێکهاتووە لەو ناوچەیەدا. تۆ پێتوانییە هێشتا بۆ ئێوە خەباتی چەکداری یەکێک بێت لەپێشەنگی کارەکانی ئێوە، وەکو جەنابیشت باستکرد، بۆ ئێوە هەلومەرجێک نییە بۆ کاری رێکخراوەیی و کاری ئازاد لە ئێران، لەڕێگای کاری تەشکیلاتی و نهێنیشەوە لەماوەی پانزە بیست ساڵی*

***رابردوودا نەتانتوانیوە کاریگەری گەورە دابنێن، یەعنی پێتانوانییە کە خەباتی چەکداری بۆ ئێوە گرنگ و پێویستە، دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێرێت؟***

**هیجری:** خەباتی چەکداری کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام هەموو شتێک نییە، من لەوباوەڕەدا نیم ئەو گۆڕانانەی لەم ناوچەیەدا ڕوویانداوە چ لە کوردستانی عێراق بێت یان سوریاو تورکیا، ئەوە خەباتی چەکداری هێزی کورد هێنابێتیە پێشێ! لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو خەباتێک کە گەلی کورد لەمێژوودا کردوویەتی، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا کە خەباتێکی زۆر دوورو درێژو پڕ لە قوربانیداوە، بەڵام ئەوەی هاتەکایەوە لە کوردستانی عێراقدا بەشی هەرەزۆری بەسترابوو بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ناوچەکەدا هاتۆتەپێشێ. ئەو هێرشەی کرایەسەر عێراق، سەدام حسێن-ی بەڕووخاندا، دەزانین هێزەکانی کوردی عێراق لەگەڵ هەموو فیداکارییەک کە کردیان نەیانتوانی کاریگەری دابنێن کە ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لەو بەشەدا لەگەڵ سەدام حسێن چارەسەربکەن، ئەوەی کە ئێستا لە کوردستانی سوریاشدا دەیبینین کە بەشێک لە کوردستانی سوریا ئازادەو هێزەکانی حکومەتی تێدا نییە، لەبەرئەوە نییە کە بە چالاکی هێزی کورد ئەو ئاڵوگۆڕە هاتووەتەپێش، بەڵکو ئەو وەزعەی لەناوچەکەدا دەگوزەرێ هێناویەتیە پێشێ کە بەشار ئەسەد تووشی شەڕێکی توندوتیژو خوێناوی بووەو لاواز بووە، بۆیە ئەو وەزعییەتە لەوێدا خوڵقاوە.

لە تورکیاشدا کورد فیداکاری بەرچاوی کردووە، بەشێکی بەرچاوی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئێستا لە تورکیادا هەیە بە خەباتی مەدەنی دەچێتەپێشێ و ویست و داخوازی کوردی تێدا زەق بۆتەوە، ئێستا پڕۆسەیەک دەستپێکردووە لەنێوان pkk و حکومەتی تورکیادا، بەشێکی بنچینەیی دەگەڕێتەوە سەر بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتی حزبێک کە ئێستا لەسەر کارە، چونکە ئێمە پێش ئەو حزبەش لەگەڵ ئەوەی خەباتی کورد لە تورکیادا هەر بووە، چ بە شەرتی چەکداری چ بە شەرتی مەدەنی، بەڵام حکومەت جوابی ویست و داخوازی کوردی نەداوەتەوەو باوەڕی پێی نەبووە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی دنیاو ناوچەکە، وەکو عەرزم کردیت وایلێهاتووە ئەو مەسەلانە زەقبوونەتەوە. بەڵام لە ئێراندا بەگشتی حکومەتێکی وا لەئارادا نییە کە ئەو شتانە دەرک پێبکات و تائێستا کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەدنیادا هەیە، بۆیە ئەو حکومەتە ئێستاش بەستراوەیە، فرسەتی حەرەکەتی مەدەنیش نەک بە کورد بە کەسی دیکەش نادا. لە کوردستانی تورکیا، خەبات بەشێوەی مەدەنی ئیمکانی هەیە، فەزاکە کراوەتەوە بۆ خەباتی مەدەنی، دەبێت کەڵکی لێوەربگری، کوردستانی عێراق وەزعییەتەکەی بەتەواوی گۆڕاوەو بووەتە حکومەتێکی خۆجێیی، لە سوریاش وەزعییەتەکە بەوجۆرەیە کە هەموومان ئاگادارین. وەکو باسمکرد دەسەڵاتی

بەشار ئەسەد لە بەشێکی زۆری ناوچەکەدا نەماوە، مەبەستمە ئەوە بڵێم لە هەموو مێژووی کورددا کە خەباتی چەکداری تووندوتیژ کراوەو کورد فیداکاری زۆری کردووە، لەڕاستیدا کەس نەبووە کە بەخەباتی چەکدارییەکەی حکومەت ناچار بکات مل رابکێشێت بۆ ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد.

*والاپرێس: بڕواتان بەخەباتی چەکداری نەماوە؟*

*هیجری:* بڕوامان بەخەباتی چەکداری ماوە، بەڵام نەک خەباتی چەکداری وەک هەموو شتێک ببینین، ئەگەر خەباتی چەکداری نەبوو پێمان وابێت هەموو شتێک تەواو بووە، بەڵکو خەباتی چەکداری وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی خەبات دەبێت لەکاتێکدا کە گونجاو بێت ئەو دەمە دەستی پێبکەیت.

*والاپرێس: ئێستا گونجاو نییە بۆ ئێوە؟*

*هیجری:* نا بۆ ئێمە ئێستا گونجاو نییە.

*والاپرێس: بۆ؟*

*هیجری:* بە دەلیلی ئەوەی کە خەباتی چەکداری ئەگەر دەستی پێبکەیت پێویستی بەپشتی جەبهەیەکی موتمەئین هەیە کە ئێمە ئەوەمان نییە، لە وڵاتێکی گەورەو فرەنەتەوەی وەکو ئێراندا کە کورد نەتەوەی سێیەمە لەباری ئابوورییەوە یەکێک لە بێدەرەتانترین نەتەوەکانی ئێرانە، ئیمکاناتی ژیانی زۆر بەرتەسکە، ناکرێت کورد لە وڵاتێکی ئاوا گەورەدا بە تەنێ دەستبداتە خەباتی چەکداری و قوربانی بۆ بدات، لە حاڵێکدا کە تائێستا نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی لەگەڵ ئەوەی کە نارەزایەتییەکی زۆریان لە حکومەت هەیە، بەڵام تائێستا ئامادەییان بۆ ئەو مەسەلەیە نییە، کورد بەتەنیا ناتوانێت ئەو کارە بکات، بۆیە دەبێت فرسەتێکی گونجاو هەبێت.

*والاپرێس: چییە ئەو فرسەتە؟*

*هیجری:* ئەو فرسەتە ئەوکاتەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران کە دەمێکە پرۆسەی لاوازبوونی دەستپێکردووە چ

لەبارەی ناوخۆوە چ لەبارەی نێونەتەوەییەوە، ئەو لاوازی و بێدەرەتانییەی کۆماری ئیسلامی بگاتە نوقتەیەک کە نەک هەر کورد، بەڵکو نەتەوەکانی تریش جورئەتی ئەوەیان هەبێت، ئەگەر خەباتی مەدەنی جوابی نەداوە، خەباتی چەکداری دەستپێبکات، حزبی دیموکرات تەنها حزبێک نەبێت کە لەو وڵاتەدا خەبات بکات، ئەوە پێموابێ فرسەتەکە ئاوا دەبێت، بەڵام بۆ ئەوکاتە حزبی دیموکرات دەبێت ئامادەیی هەبێت، ئێمە ئەو ئامادەییەمان هەیە، ئێستاش پێشمەرگە وەردەگرین، فێرگەی نیزامیمان هەیە، پێشمەرگە پەروەردە دەکەین، ئەو پێشمەرگانە بەشێکی زۆریان لە کەمپەکانی حزبیدا دەمێننەوە بۆ پارێزگاری حزب کاردەکەن و تێدەکۆشن، شتی تازە فێردەبن، بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی مناسبدا بۆ ئەوەی بتوانین لە دەرفەتەکە کەڵک وەربگرین چ وەکو خۆمان چ وەکو راکێشانی نەتەوەکانی تر کە ئامادەگی ئەوەیان هەبێت خەباتێکی هاوبەش لە ئێراندا بەدیبهێنین.

***واڵاپرێس: ئەو فرسەتەی باستکرد، چاوەڕێی دەکەن کە ئەمریکا بێتە ناوچەکە وەک دەخالەتی کرد لە عێراق، لە سوریا، چاوەڕێی ئەوە دەکەن لە ئێرانیش دەخالەت بکات ئەوجا دەستبەکاربن؟***

**هیجری:** نا مەسەلەکە تەنها ئەوە نییە کە چاوەڕێ بین ئەمریکا یان هێزێکی دەرەکی دەخالەت بکات، بەڵکو لە پێش هەموو شتێکدا لەسەرەتاوە ئامادەبوونی نەتەوەکانی ئێران ئازادیخوازانی ئێرانە بۆ بەرێوەبردنی خەبات، ئەوە لەسەرەتادا ئەولەوییەتی یەکەمە بۆ ئێمە، بەڵام رەنگە ئەوەی ئێوە ئیشارەتتان پێ کرد کاریگەری هێزەکانی دەرەکی ئەو فەزایە بۆ ئێمە گونجاوتر بکات و بتوانین کەڵکی لێوەربگرین.

***واڵاپرێس: پشتیوانی لەکام هەلومەرج دەکەن کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا دەخالەتی تێدا بکات، بکەوێتە جەنگەوە لەگەڵیدا یان فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوە پشتیوانی لەکامیان دەکەن؟***

**هیجری:** ئێمە پشتیوانی لە لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین، پێمانوایە هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئێران لاوازتر بێت لە قازانجی ئازادیخوازانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کوردە، ئەو تەجروبەیەش هەیە کە تائێستا لانیکەم بەشێک لەو وڵاتانەی کە ئەمریکا دەستی تێوەرداوە حکومەتی روخاندووەو دوایی بەجێیهێشتووە بۆ خۆیان، بەپێی لێهاتوویی خۆیان حکومەت و ئیدارەی خۆیان دەکەن.

***واڵاپرێس: ئەگەر قەراربێت ئەو هەلومەرجە بێتەپێشەوەو دەرفەتی خەباتی چەکداری بۆ ئێوە لەباربێت،***

***ئاڵوگۆڕێک رووبدات، تۆ ئامادەی سەرکردایەتی یەکێک لەو شەڕانە بکەیت یان هەر لە کۆیە، لەدوورەوە سەیردەکەیت؟***

***هیجری:*** **راستییەکەی ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو زۆر موقابیلی پێشبینی نییە، بەڵام من باوەڕم بەوە نییە خەباتی چەکداری لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەبچێت، ئەگەر هێزێک بیەوێت خەباتی چەکداری بکات، دەبێت لەنێوخۆی وڵات بێت، دەنا دووراو دوور ئەو خەباتە ناکرێت، بەڵام ئەگەر فرسەت گونجاوبێت ئێمە دەیکەین، ئێمە وەکو حزبی دیموکرات تەجروبەی شەڕی چەکداریمان هەیە، لەنێوخۆی وڵاتدا کردوومانە، لە شاخەکاندا کردوومانە، شەڕی پارتیزانیمان کردووە، تەنانەت شەڕی مونەزەمیشمان کردووە لەگەڵ حکومەت.**

***واڵاپرێس: من باسی جەنابتم کرد، ئامادەی بگەڕێیتەوە؟***

***هیجری:*** **من ئامادەم، عەرزم کردیت ئەگەر هەلومەرج گونجاو بێت، ئامادەم لەڕۆژی یەکەمدا بگەڕێمەوە.**

***واڵاپرێس: بە بەراورد بە حزبەکانی باشووری کوردستان، تا ئاستێکی زۆر دوورن لە خەڵکەکەی خۆتان، کەچی کەمترین کێشەتان هەبوو بۆ چوونە ناو کۆنگرەی نەتەوەییەوە کە لەم چەند رۆژەی رابردوودا چەند دانیشتنێکی سەرەتایی ئەو کۆنگرەیە بەڕێوەچوو، پێتانوایە ئەو تەبابییەی نێوانتان دەرئەنجامی چی بوو کە ئاوا بێ کێشە چووبەڕێوە؟***

***هیجری:*** **ئێمە وەکو کوردی رۆژهەڵات، وەکو بەشەکانی دیکە بەداخەوە رابردوویەکی تاڵ و ناخۆش و پڕ لەگێرەو کێشەمان لەگەڵ خۆمان تەجروبە کردووە، لەشەڕی چەکداری دژی یەکترو بگرە شکاندنی یەکترو فەوتاندنی یەکتر، ئینشیعابات و دژایەتیکردن لەگەڵ یەکتر، هەموو ئەوانەمان تاقیکردووەتەوە، بەبۆچوونی من پێم وابێت هەموومان لە ئەسەری ئەو تەجروبانەدا گەیشتووینەتە ئەوەی کە ئێستا زەمانی ئەوە نەماوە، ئەگەر بمانەوێت کاریگەریمان لە داهاتووی ئێران، لە داهاتووی کوردستانی ئێراندا هەبێت و بەقازانجی نەتەوەکەمان بجوڵێینەوە وەکو لە پرسیاری پێشوودا باستکرد، لە دەرفەتەکان باش سوود وەربگرین، دەبێت ئەو سەردەمە بەتەواوی تێپەڕبووبێت.**

**لە نەزەری ئێمەوە مەسەلەی شەڕکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان بە چەک و دژایەتیکردنی یەکتر، لانیکەم**

لەبۆچوونی ئێمەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا تەواو بووە، بۆیە ئێمە بەپێی ئەو سیاسەت و بۆچوونەمان ماوەیەکی زۆرە دانوستان و دانیشتن و حورمەت دانان بۆ لایەنەکانی دیکەمان گرتووەتەبەر، بەوشێوەیە هەڵسوکەوتمان کردووەو توانیومانە فەزایەکی وا پێکبهێنین کە بتوانین لە دەوری یەک دانیشین لە جیاتی تەریقکردنەوەی یەکترو بێبەریکردنی یەکتر، پێکەوە مەشغەڵەت بکەین، تەنانەت ئێمە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هاورێیانەماندا کە پێنج شەش ساڵ لەمەوپێش لەحزبی دیموکرات جیابوونەوە، لەگەڵ ئەوانیش فەسڵێکی نوێمان دەستپێکردووە، ساڵێکە لەگەڵیان لە دانوستانداین لەو مەوزوعە سیاسییانەی کە لە بابەتی ئێران و کوردستان دێنە پێشەوە، پێکەوە مشاور دەکەین، لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش هەر بەوشێوەیە. ئەوە توانیویەتی فەزایەکی وا پێکبهێنێت کە وەکو خۆتان باستانکرد لە کۆنگرەی نەتەوەییدا کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژاردن کرا، نوێنەرەکان دیاریکران، پێکەوە هاوکاری دەکەین و ئەوەشمان مەبەست نییە هەر کەسە بۆ حزبەکەی خۆمان چیمان دەستدەکەوێت، گرنگ ئەوەیە پێمانوایە کە ئەگەر ئەو کۆنگرەیە سەربکەوێت، دەتوانێت زۆر ئامانجی بەرزی هەبێت و زۆر لە قازانج و بەرژەوەندی کورددا بێت، بۆیە زۆرتر مەسەلەی نەتەوەیی لەبەرچاو دەگرین، ئەوە نەک هەر لە مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵکو لە مەسەلەکانی دیکەشدا ئەوە هەبووە، مەسەلەن لە پەیوەندی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێراندا، هەموومان مەبەستم لە حزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، پێکەوە راگەیاندنمان دەرکردووە، هەمووما گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە پێکەوە داوا بکەین خەڵک دەنگ نەدەن، لە مەسائیلی دیکەشدا زۆر پێکەوە کاردەکەین.

***واڵاپرێس: بەڵام نەتانتوانی راگەیاندنێکی هاوبەش بڵاوبکەنەوە؟***

***هیجری:*** راگەیاندنی هاوبەش هەمووما پێکەوە نا، بەڵام هەمووما یەک شتمان باسکرد، هەرلایەنە بەیانی خۆی، بەڵام یەک مەبەست بوو، ئەویش تەحریمی هەڵبژاردن بوو.

***واڵاپرێس: ئامادەن بەیەکەوە راگەیاندنێکی هاوبەش لەم رۆژانەدا بڵاوبکەنەوە، هەر پێنج هێزەکە هەر (سێ کۆمەڵە)و (دوو دیموکرات) سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی؟***

***هیجری:*** ئێستا لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی پێکەوە ئیشدەکەین، پێکەوە هەڵبژاردنمان کرد.

*والاپرێس: مەبەستم لەڕاگەیاندنێکی هاوبەشە لەنێوان حزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا؟*

**هیجری:** ئەوە راگەیاندنی ناوێت، لەوێ لەگەڵ هەیئەتەکان دادەنیشین، ئێستا ئەو هەیئەتی ئامادەکارە کە دیاریکراوە بیست و یەک کەسە، هەیئەتی ئێمە پێنج کەسە، لەگەڵ ئەوان هەموو مەسەلەکان باسدەکەن، مەسەلەکانیشمان هاوبەشە.

*والاپرێس: پێتوانییە کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئێوەو حزبەکانی رۆژهەلات دەرکەوتنێکی نوێ بوو، میدیاکان گەرموگوڕییەکی زۆری دایەوە بە دەرکەوتنی ئێوە کە لەچەند ساڵی رابردوودا وا نەبوون، لە یەکەم دانیشتنی کۆبوونەوەکەشدا تۆ یەکێک بووی لەوانەی کە قسەی دڵی هەموویانت کردووە، مەبەستم ئەوەیە ئێوە هەست ناکەن کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئێوە دەرفەتێکی تازەی رەخساندووە؟*

**هیجری:** وەڵڵا پێمەوابێت نەک هەر بۆ ئێمە، بۆ رێکخراوەکانی دیکە، بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکەش دەرفەتێکی نوێ بوو، ئەوەش بەبۆچوونی من خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە نزیکبوونەوەی هێزەکانی کورد لە هەموو بەشەکاندا بەتایبەتی کە دێتە پێشێ وەکو کۆنگرەی نەتەوەیی، لە داهاتوودا کۆسپەکانی دەبێتەچی و چەند سەردەکەوێت، چەند سەرناکەوێت ئەو بەرژەوەندییە هەیە کە هێزەکانی کورد بەرجەستە دەکات و تواناو لێهاتووییان زۆرتر نیشان دەدات. بۆ ئێمەش وەک هێزەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێران ئەو دەرفەتە هاتەپێشێ کە ویست و داخوازییەکانی خۆمان نەزەرات و بۆچوونەکانی خۆمان چ لە میدیاکاندا چ لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا بتوانین باسبکەین.

*والاپرێس: وەکو ئەوەی باس دەکرێ لە یەکەم دانیشتنی کۆنگرەی نەتەوەییدا بە بارزانیت وتووە، قسە لەسەر ئاشتی چی؟ کێ ئاشتی لە ئێمە وەردەگرێ؟ ئێمە پەیامێکمان پێیە، کێ لێمان وەردەگرێ؟ ئەوەشت وتووە دوو سکرتێر کە دوابەدوای یەک سکرتێری حزبەکەت بوون، لەپێناوی ئاشتیدا تیرۆر کراون، ئەم پەیام و قسەکردنەت لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟*

**هیجری:** حزبی دیموکرات بەو رابردووەی کە هەیەتی، بەو شانازییانەی کە هەمانە، من بەشبەحاڵی خۆم وەک حزبی دیموکرات جێ پێی حزبەکەم لەنێو خەڵکەکەی خۆمدا قایم دەبینم، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ئێمە دەرفەتی

ئەوەی نییە خۆی نیشاندا، بەڵام من لەو پێوەندەدا گومانم نییە کە جێ پێی حزبی دیموکرات لەناو خەڵکەکەی خۆیدا قایمە، ویست و داخوازییەکانی ئێمە ویست و داخوازییەکی سەردەمییە، ئێمە لە سیاسەتەکانماندا لەڕابردووەوە تائێستاش فێربووین واقیعەتەکان زۆر لەبەرچاو بگرین، بۆیە نەک لە کۆنگرەیەکی ئاوا، زۆر کۆڕو کۆبوونەوەم بووە لە ئەمریکا، لە ئەوروپا لەگەڵ کەسایەتی زۆر گەورە لە پەرلەمانتاری پەرلەمانی بەریتانیا، هەر بەو هێزو باوەڕ بە حزب و باوەڕ بەخۆبوونەوە قسەمکردووە، چونکە وەک عەرزم کردیت بیروبۆچوونەکانی ئەو سەردەمە رابردوویەکی پڕ لە شانازیمان هەیە، خاڵی مەنفی ئاوامان نییە کە شەرمی لێبکەین، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە لە فرسەتێکی گونجاودا کە چاوەڕوان دەکەم لەوانەیە زۆر درەنگیش نەبێت کوردی ئێران لە ناوچەکەدا جارێکی تر تواناو لێهاتوویی خۆیان پیشانبدەن، بۆیە ئەو قسانەی کردم لە کۆنگرە لە شوێنەکانی دیکە لەو هێزو توانایەوە بوو.

***واڵاپرێس: بارزانی وەڵامی چی بوو؟***

**هیجری:** بارزانی وەڵامی نەبوو، لەڕاستیدا من گلەییەکم کرد کە لەو شتانەی باسکران لەوێ، چونکە ئیدارەی جەلەسەکە لەلایەن بارزانییەوە بە کاک عەدنان موفتی سپێردرابوو، ئەو هەندێک وەڵامی دامەوە، وەڵامەکەی ئەوەبوو لەسەر ئەوەی کە من گلەییم کرد، پێشتر دەبوایە پرس و جوو بکرایە لەگەڵ هێزو لایەنەکانی دیکە، بەتایبەت لەگەڵ ئێمە باسکرا کە ئەو کۆنگرەیە بۆیە پێکهاتووە، هەر کەس نەزەری هەیە، قسەی هەیە، نەزەری خۆی دەدات کە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چەکداریش لە بەیانییەی کۆنگرەدا ئەوە ئیسلاح کرا کە خەباتی هەر بەشێک بە لەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی حکومەتەکانی مەنتیقە بچێتە پێش، مەسەلەکە پەیامی ئاشتی بوو بۆ هەموو دەوڵەتەکان و نەتەوەکان، بەڵام کە من قسەمکرد ئەو ئیسلاحییەتە پێکهات بە لەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی حکومەتەکان.

***واڵاپرێس: باسی ئەوەت کرد کە شانازی بە حزبەکەم و مێژووی حزبەکەمەوە دەکەم، هەست بەوە ناکەیت عەیبێک هەیە لە حزبەکەی تۆدا، ئەویش ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەو کۆنگرەیەکی ئاوادا دادەنیشن وا ناوتان دەبرێت مستەفا هیجری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، خالیدی عەزیزی سکرتێری حزبی دیموکرات، ئەمە بۆ ئێوە خاڵێکی زەعیف نییە؟***

**هیجری:** بەرەوەڵڵا دەزانم خاڵێکی زەعیفە، نەک هەر بۆ ئێمە وەک دیموکرات، بەڵکو بۆ هەموو لایەنەکانی کوردی ئێرانی، مەسەلەن بۆ کۆمەڵەکان کە ئەوانیش سەردەمێک هێزێکی بەرچاو بوون لە کوردستانی ئێراندا، بۆ هەمووومان خاڵێکی لاوازە، بەڵام وەک عەرزم کردیت ئەوە دەورانێک بوو تەواو بووە، هیوادارم نەیەتەوە، هەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو خاڵە نێگەتیڤەیە کە ئێمە دەستمانکردووە بە دانوستان و پێکهێنانی فەزایەکی نوێ لەگەڵ کاک خالیدی عەزیزی، ئێستا زوو زوو پێکەوە دادەنیشین و هاتوچۆی یەکتر دەکەین و خەریکین بەرەو ئەوە دەچین کە ئێمە بتوانین لە داهاتوودا یەکبگرینەوە.

***والاپرێس:** ئێوە بە ئیمانەوە دەڵێن کە هێزێکی جەماوەرین، ئەو دەستەواژەیەم لە هەموو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی تریش بیستووە، لە دیموکراتەکەی تر، لە کۆمەڵەکان، پێتوایە ئەگەر هەلومەرجێک برەخسێت لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، حزبی دیموکرات لە پێشی پێشەوە دەبێت؟*

**هیجری:** بەڵێ من بەشبەحاڵی خۆم وابیردەکەمەوە، لەوەدا هیچ گومانم نییە، ئەوەش تەنها بەگومان و لێکدانەوە نا، بەپێی تێکۆشانێک کە ئێمە لە ناوخۆی وڵاتدا هەمانە، بەپێی ئەندامانێک کە هەمانە، بەپێی ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ کەسایەتی و خەڵکی ناوخۆی کوردستاندا هەمانە، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی، واتە دروشم نییە، من جارێکی دی ئەوە دەڵێمەوە راستە ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی چەکداری درێژە نادەین، بەڵام ئەوە نەیتوانیوە کە لەخۆشەویستی حزبی دیموکرات کەمبکاتەوە، بێجگە لەو خاڵەی لە سەرەتادا عەرزم کردیت ئیشارەی پێدەکەمەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت وەکو سەرەتای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی بیربکەینەوە، ئەوە دروست نییە، چونکە گۆڕان هەیە، گۆڕان لەناوخۆی وڵاتدا، لەگەڵ خەڵکدا، فکرو بۆچوونی خەڵکەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەو پێوەندەدا خۆشەویستی حزبی دیموکرات و جەماوەری بوونی حزبی دیموکرات لەنێو خەڵکدا بەنیسبەتی ئەوکات باشترە.

***والاپرێس:** وتت ئەوەی کە من دەیڵێم ئێمە حزبی یەکەمین ئەمە دروشم نییە، بەڵام فاکتێکیش نییە؟*

**هیجری:** راستە ئەو دەمەش دەبێت دووبارە سندوقی دەنگدان هەبێت.

***والاپرێس:** لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو بۆچوونانەی تۆ وادەرنەچوو، ئامادەی لایەنەکانی تر قبوڵبکەیت کە براوەن،*

*مەبەستم لە ئەنجامی هەڵبژاردنە وەک پرۆسەیەکی دیموکراتی؟*

**هیجری:** بەشبەحاڵی خۆم لەوباوەڕەدام ئەوەی کورد بەسەریهاتووە تائێستا ئەو نەگبەتی و دواکەوتووییەی کە هەمانە، ئەوانە بەشێکی هەرە زۆری موسەبیبەکەی خۆمان بووین کە نەمانتوانیوە یەکتری تەحەمول بکەین و دیموکرات نەبووین، فەقەت لەقسەدا باسی دیموکراسیمان کردووە، بۆیە پێموابێت چ کورد بەعام چ وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەگەر بمانەوێت نەتەوەکەمان پێشبکەوێت و بەڕاستی حزب وەکو وەسیلەیەک بێت لە خزمەتی خەڵکەکەی، دەبێت هەموو یاسایەکی دیموکراتی قبوڵبکات، یەکێک لە یاساکانی دیموکراسی ئەوەیە کە تۆ لە هەڵبژاردندا دۆڕاندت، دەبێت دۆڕاندنت قبوڵ بێت، من نەک هەر لە کۆمەڵگای دوارۆژدا، بەڵکو لەحزبەکەشمدا ئەگەر لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیکدا هەست بەوە بکەم دۆڕاندوومە، زۆر بەحورمەتەوە جێگای خۆم دەدەم بە کەسێکی دیکە، هەروەک لەڕابردوودا ئەوەم کردووە، من سەردەمێک سکرتێری حزبی دیموکرات بووم لە کۆنگرەیەکی دیموکراتیکدا کە باوەڕم پێی هەبوو، من دۆڕاندم، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بوو بە یەکەم، بە حورمەتەوە جێگای خۆم پێشکەشی کردووە، لەو ماوەیەشدا هەموو تێکۆشانی خۆم بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە خزمەتی حزبەکەمدا بم، یەعنی ئەوە باوڕی منە.

*والاپرێس: واتە تۆ وەکو رابەری یەکێک لەو حزبانەی رۆژهەڵاتی کوردستان، قەناعەتت بەوە نەماوە جارێکی کە دەستبدەنەوە شەڕی براکوژی کە پێشتر مێژوویەکی تاڵتان هەبووە لەگەڵیدا؟*

**هیجری:** من باوەڕم بەوەیە کە کورد هەروەختێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی دەستی بۆ چەک بردووە هەڵەی کردووە، دوژمن قۆستویەتییەوە، بۆیە پێموابێت نابێت ئەوە دووبارەبێتەوە، بەبۆچوونی من کۆنگرەی نەتەوەیی کە هیوادارم بەو شکڵەی کە من دەمەوێت نەک شکڵێکی فۆرمی جێبەجێ بێت، یەکێک لە کارەکانی دەبێت ئەوە بێت کە چاودێر بێت بەسەر هەڵسوکەوتی حزبە سیاسییەکانی کوردەوە، ئەگەر رۆژێک حزبێک، گروپێک بیەوێت لەڕێگای چەکدارییەوە قسەی خۆی بسەپێنێت، بەرگری لێبکات، حزبی من دەبێت یەکێک لە پشتیوانانی ئەو سیاسەتە بێت.

*والاپرێس: وتت کۆنگرە وەکو ئەوەی من دەمەوێت، تۆ دەتەوێت چی بێت، کۆنگرە چۆن بێت و چی بکات؟*

**هیجری:** من دەمەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی بە تەنها هەر دروشم نەبێت، وەک حزبی دیموکرات هەوڵدەدەین بۆ

ئەوەی ئەو کۆنگرەیە ببێتە کۆنگرەیەک و لەوێدا ببێتە ناوەندێکی بەهێز بۆ قسەکردن و ڕێگا نیشاندانی هەموو گێرەو کێشەکانی کورد بەتایبەتی ئەو بەشە لە کوردەکان کە حکومەتییان تێدا نییەو ناتوانن، مەرجەعێک نییە، دادگایەک نییە بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆیان بەرنە ئەوێ، دەمەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی ببێتە ئەو مەرجەعە، ئەگەر سبەینێ گروپێک بیەوێت بەهێزی چەک خۆی بسەپێنێت بەسەر خەڵکدا یان بەسەر لایەنێکی دیکەدا، ئەگەر حزبێک بیەوێت لەڕێبازی نەتەوەیی لابدا، کۆنگرەی نەتەوەیی بتوانێت لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەبکات و بڕیاربدات و چارەسەری ئەو مەسەلانە بکات، بۆیە من ئاواتێکی زۆر گەورەم هەیە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کە هیوادارم ئەو کۆنگرە نەتەوەییە لەو چوارچێوەیەدا پێکبێت.

***والاپرێس: بێگومان ئاشتی، تەوەری سەرەکی کۆنگرەی نەتەوەییە، دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و دەستبەردار بوون لە خەباتی چەکداری، هیچ سوودێکی دەبێت؟***

*هیجری:* ئێمە پێمانوایە هەروەختێکی کۆماری ئیسلامی ئێران یان هەر حکومەتێکی دیکە بەجددی بیەوێت لەسەر ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی نەتەوەی کورد دیالۆگ بکات، ئێمە دەبێت دیالۆگ بکەین، ئاشتی بکەین، لەڕابردووشدا وامانکردووە. لەسەر مەسەلەی ئاشتی و پێکەوە دانیشتن، دوو سکرتێرمان لەدەستداوە. لە هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیشدا لەگەڵ هێزەکانی دیکەی خەبات لە کوردستاندا، هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردمان پێکهێنا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کەوتینە دانوستان، هەموو ئەو ڕێگایانەمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تاقیکردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە بە ئەنجام نەگەیشتووین، بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕێکی وای بەسەربێت کە بیەوێت لەگەڵ گەلی کورد وتووێژ بکات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکانی، ئێمە ئامادە دەبین.

٢٦ - ١٠ - ٢٠١٣

وتووێژی گۆڤاری "والاپرێس" ژمارە ٦٥ لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری

## بەشی دووەم

**والاپرێس:** *پێتوایە ئاڵوگۆڕێک بەسەر بیروبۆچوون و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دێت؟*

**هیجری:** من زۆر بەدووری دەبینم ئەو ئیدۆلۆژییەی کە کۆماری ئیسلامی باوەڕی پێیەتی کرانەوەی تێدا هەبێت، باس لەمافی نەتەوەو ئازادی و دیموکراسی بکات، چونکە تائێستا پیشانیداوە کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ ئەو نورمو پرەنسیپانە لەدژایەتیدایە.

**والاپرێس:** *وازهێنان لە خەباتی چەکداریش داوایەکی مەعقول نییە؟*

**هیجری:** بەڵێ تەبیعەتەن وازهێنان لە خەباتی چەکداری بۆ ئێمە مەعقول نیە تا ئەوکاتەی کە ئێمە لەگەڵ ڕژێمێکی ئاوا ڕوبەڕووبین.

**والاپرێس:** *ئەگەر داوایەکی ئاواتان لێبکرێت لەلایەن کۆنگرەوە هەڵوێستان چییە؟*

**هیجری:** ئێمە ئامادەنابین بچینەژێر ئیلتیزامێک، نە لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی یان هەر لایەنێکی دیکەوە کە لەئێستاوە هیچ بەرپرسیارێتییەک بکەوێتە سەرشانمان، بەبێ ئەوەی کە لایەنی بەرامبەری ئێمە هیچ هەنگاوێک هەڵبێنێت.

**والاپرێس:** *تەنانەت ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بێت؟*

**هیجری:** بەڵێ لەگەڵ ئەوانیش دیارە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەمان نییە.

**والاپرێس:** *ئەگەر داوایەکی وا بکا؟*

**هیجری:** بەڵێ ئەگەر داوایەکی ئاوا بکەن کە بچینەژێر باری تەعاهوداتێکی ئاوا، حەتمەن قبوڵی ناکەین.

***والاپرێس:** لەیەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەکە ئێوە دوو دیموکرات و سێ کۆمەڵە پێشئەوەی هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت لە بارەگاکەی ئێوە، لە بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێر کۆبوونەوەو بەرنامەتان داڕشتووە گوایە تاکتیکانە ستراتیجی ئەو کۆنگرەیەتان داڕشتووە سەبارەت بە ڕۆژهەڵات کە یارمەتی یەکتر بدەن، (پژاک و خەبات و پاک و ئەمیری قازی) لە پرۆسەکە بکەنە دەرەوەو دواجاریش ڕەنگدانەوەی هەبوو ئەوان وتیان فێڵتان لێکردووین سەبارەت بەوەی پێشتر کۆبوونەوەتان کردووە؟*

**هیجری:** ئێمە پێشتر کۆبوونەوەمان کردووە، وەکو عەرزم کردیت ئێمە مورەتەب لەگەڵ یەکتر لە دانیشتین و وتووێژداین، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە لەبەرئەوە نەبووە کە پێکەوە دەنگبدەین، چونکە ئێمە نەماندەزانی شێوەی بەڕێوەچوونی ئەو کۆنگرەیە چۆن دەبێت و چۆن هەیئەتەکان دیاریدەکەن تا بڕیار بدەین لەوێدا دەنگ بەیەکتری بدەین، بەڵام لەسەر ئامانجە گشتییەکانی کۆنگرە پێکەوە قسەمان کردووەو تەوافوق هەبوو، بۆیە کە لەوێ باسکرا هەر بەشەی کوردستان هەیئەتەکەی خۆی دیاریبکات کە ئێمە ئەوەمان نەدەزانی، ئێمە بەسەر بڕیارێکیدا کەوتین کە ئاگادارنەبووین، یەکەمجار ویستمان بە تەوافق بگەین جێبەجێ نەبوو، کە کەوتینە دەنگدان دەنگدانەکە ئەو ئاکامەی بوو، من پێموابێت کەس لە کەسمان زوڵمی نەکردووە، هیچ فێڵێش نەکراوە، هەموو نۆ لایەنەکە لەوێ حزوریان هەبووە، دیارە کاک ئەمیری قازی بۆ خۆی کشاوە لە پرۆسەکە، بەڵام وتی دەنگدەدەم، بەڵام باقی هەموومان لەدەنگدانەکەدا بەشداربووین و دەنگماندواەو دەنگمان وەرگرتووە، نەتیجەکەی بووەتە ئەوە، کەوابێت هیچ فێڵێک هیچ شتێکی تێدا نییە بەپێچەوانەی ئەو تەبلیغاتەی کردیان و بڵاویانکردەوە، پێموابێت هیچ کام لەبەشەکانی کوردستان بەو شێوە دیموکراتیک هەیئەتی خۆیان دیارینەکردووە.

***والاپرێس:** تۆ پێتوابوو وتت نەتیجەکەی ئاوایە واتا پێتوایە ئەو پێنج هێزە هێزی سەرەکین و تەواو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا؟*

**هیجری:** دەزانی ئەوەی ڕابردووی خەباتی هەبێت لە کوردستاندا لەنێو خەڵکی کوردستاندا ناسراوە دیموکرات و کۆمەڵەیە، ئێستا تۆ لەوەگەڕێ کە ئەوانە دابەشبوون، بەڵام لەگەڵ دابەشبوونەکەشیاندا ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا باسیدەکرێت هەر ئەوانن.

***واڵاپرێس: پژاک دەڵێت فێڵیان لێکردووین، لەسەر زاری وتەبێژەکەیانەوە، لەسەر زاری حزبەکەیانەوە، وە پاک دەڵێت مستەفا هیجری و عەبدوڵای موهتەدی ناتوانن خەڵک بانگبکەن و بیخەنەژێر چەتری خۆیانەوە؟***

**هیجری:** باشە ئێمە ئەوانمان بانگ نەکردووە بیانخەینەژێر چەتری خۆمانەوە، ئێمە کەسمان بانگ نەکردووە بیخەینەژێر چەتری خۆمانەوە، فێڵیشمان نەکردووە، ئەوان بۆ خۆیان لە دانیشتنەکەدا ئامادەبوون بۆ دەنگدان، ئەی دەنگدان نەتیجەی ئەوەیە تۆ نۆ لایەنی، ئەو نۆ لایەنە دەتوانی پێنج کەس دیاریبکەیت، تۆ هەرچی بکەیت چوار کەس دەکەوێتە لاوە، تۆ ئەگەر نەتوانی بەتەوافوق کارەکانی خۆت حەلبکەیت، کار دەچێتەسەر دەنگدان، بێجگە لەدەنگدان چ ڕێگەیەکی دیکە هەیە کە ئەو لایەنانە بەشداربن لە نۆیەکە دەبێت چوار لایەن بکەوێتە لاوە.

***واڵاپرێس: باشە تۆو حزبەکەت پێتوایە پژاک حزبی ڕۆژهەڵاتە؟***

**هیجری:** نەخێر.

***واڵاپرێس: چۆن؟***

**هیجری:** ئێمە ئەوەڵەن پژاکمان پێ حزب نییە، بەدەلیلی ئەوەی پژاک لە واقیعدا هەموو شتێکی هی پەکەکەیە، هەموو بڕیاراتی بەدەست پەکەکەیە، شەڕکردنەکەی پاشەکشەکەی ئەوەی کە دوو ساڵە ئاگربەستی لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئیمزاکردووە، لەژێر سیاسەت و بۆچوونەکانی پەکەکەدایە، کەوابوو پژاک حزبێکی سەربەخۆ نیە، لقێکە لە پەکەکە.

پەکەکە وەکو سیاسەتی ڕەسمی خۆی باوەڕی بەوە هەیە خۆیان بەتەنیا کوردستان ڕزگاردەکەن، بۆیە لە کوردستانی ئێران، لە کوردستانی عێراق، لە کوردستانی سوریا لقی خۆیان دامەزراندووە بەناوی حزبی ئەو وڵاتە، بۆیە پێمواییت پژاک حزب نییەو هی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە.

***واڵاپرێس: بەڵام ئەوان دیعایەی ئەوە دەکەن کە ئەوان ئێستا حزبی یەکەمن و خەباتی چەکداری دەکەن و تەشکیلات و نهێنییەکی زۆریان هەیە، تەنانەت ئەو شوێنانەی حزبی دیموکرات پێی نەگەیشتووە لە ئیلام و***

***خوراسانی ئەوان تەشکیلاتیان تیا دامەزراندووە؟***

***هیجری:*** ئەگەر تەشکیلاتی نهێنی بێ چوزانن تەشکیلاتی ئەوان لە ئێمە بەقوەتترە، چونکە تەشکیلات نهێنییە، خۆ ئاشکرا نییە، دووەم ئەوانیش ئەوە ماوەی دوو ساڵە ئاگربەستیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ئیمزاکردووە لە واقیعدا ئەوانیش خەباتی چەکداری ناکەن، کەوابوو لەو پێوەندەدا لەگەڵ ئێمە فەرق و جیاوازییەکیان نییە، ئەوەی ئەوان دیعایە دەکەن کە ئەوان حزبی یەکەمن نازانم تائێستا هۆیەک، دەلیلێک، ئیتیفاقێکم لەوان نەبینیوە کە نیشانبدات ئەوان حزبی یەکەمن، ئیدیعا دەکەن دەڵێن حزبی یەکەمین، بە دیعایەکردنیش نابێت، ڕەنگە هێزێکی زۆر زۆر زەعیف ئەو ئیدیعایە بکات، تا ئەوکاتەی سندوقی دەنگدان دێتەوە ئاراوە، دەنگی .

***واڵاپرێس: قبوڵتانە پڕاک کە بەدەنگی خەڵک ڕەئی بێنێتەوە؟***

***هیجری:*** بەڵێ ئەگەر خەڵک دەنگی بداتێ حەقی خۆیەتی.

***واڵاپرێس: تۆ ناڵێی من بە حزب نایاناسم؟***

***هیجری:*** بە حزب نایناسم، بەڵام ئەگەر خەڵک ئەوی بە حزب بناسێت و خەڵک دەنگی بۆ بدات شتێکی زۆر تەبیعییە دەنگی خەڵک زۆر باڵاترە لەدەنگی حزب.

***واڵاپرێس: ئەگەر سیاسەتی پەکەکەش بەڕێوەبەرێت لە ڕۆژهەڵات؟***

***هیجری:*** ئەگەر سیاسەتی پەکەکەش بەڕێوەبەرێت، خەڵکی کوردستان بیەوێت پشتیوانی لێبکات حەقی خۆیەتی.

***واڵاپرێس: یەعنی ئێوە ترسی ئەوەتان نییە سیناریۆیەک کە لەڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن پەیەدەوە کۆنترۆڵکراوە لەداهاتووا لەلایەن پڕاکەوە کوردستانی ئێران بەهەمانشێوە کۆنترۆڵبکرێت ترسێکی واتان نییە؟***

***هیجری:*** کۆنترۆڵکردن فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی خەڵک دەنگی بۆ بدات، من ئێستاش نازانم ئەگەر لە کوردستانی

ڕۆژئاواش دەنگ وەربگیرێت ئایا خەڵک دەنگدەدەن بە پەیەدە یان نایدەن، بەڵام کۆنترۆڵکردن چییە، کۆنترۆڵکردن چەک و هێزە، نازانم لەکاتێکی وادا حزبی دیموکرات بۆ لەوان کەمتر دەبێت یان هێزەکانی دیکەی کوردستان بۆ لەوان کەمتر دەبن؟

***والاپرێس: کاک مستەفا ئەم بۆچوونانەی جەنابتم لە ڕابەرانی کۆمەڵەش بیستووە، ئەوانیش تێڕوانیان لەسەر پژاک هەمان شتە، بەڵام دواجار لەژێر فشاری پەکەکەو یەکێتیی و پارتی پژاک هاتەناو کۆنگرەوەو دێتە ناو کۆبوونەوەکانەوە، ئەمانە حسابیان بۆ کراوە؟***

**هیجری:** حسابەکە بۆ پەکەکەیە، لەژێر زەختی پەکەکەدا قبوڵیان کردووە، دیارە ئێمە نەچووینە ژێربار، ئێمە باسی ئەوەمان کرد ئەو پێنج لایەنە بەشێوەیەکی دیموکراتی بەشداریمان کردووە لەهەڵبژاردندا پژاکییشی تێدا بووە، کەواتە پژاک لەگەڵ ئێمە نییە، بە حسابی حزبی ڕۆژهەڵات ئامادە نابێ، ئێستا بۆ خۆتان لەژێر فشاردان بەهەر ناوێک بێجگە لەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و لەسەر حسابی ئێمە بەهەر ناوێک کەیفی خۆتانە.

***والاپرێس: بەناوی ڕۆژهەڵات نایەتە کۆبوونەوەکانەوە؟***

**هیجری:** نەخێر.

***والاپرێس: ئەی بەناوی چی دێتە کۆبوونەوە؟***

**هیجری:** نازانم بە ناوی پەکەکە دێت، بەهەر ناوێکی دیکە.

***والاپرێس: بۆ خۆی شوێن و پێگەی هەیە، بۆ بەناوی پەکەکە دێت، ئەوان دیعایەی ئەوە دەکەن بەناوی پژاک، پارتی ڕۆژهەڵات دێن؟***

**هیجری:** نەخێر ئێمە ئەو پێنج لایەنەی لەوێ دیاریکراین لەوێ بەڕێز کاک مەسعود ئیعلانی کرد بیست و یەک ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکار، دەبێت لەو بیست و یەک کەسە پێنج کەس دەبێتە، هی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەو

پێنج کەسەش هەڵبژێردراو تەواو، زۆریش هەوڵیاندا وتمان ئێمە ناچینەژێر باری ئەوەی بۆ خۆتان کەیفی خۆتانە.

***واڵاپرێس: ئەگەر قەرار بێت لە بەینی دوو هێزدا سازمانی خەبات و پژاک هەقە خەبات بێت؟***

***هیجری:*** خەبات لە دەنگدانەکەدا دەنگی زیاتر لە پژاک هێناوە .

***واڵاپرێس: یەعنی ئەوەندە بێکاریگەرە پژاک لە رۆژهەڵاتدا؟***

***هیجری:*** پژاک لەنێو رۆژهەڵاتدا وەکو حیزبی ئەو بەشە چاوی لێ ناکرێ.

***واڵاپرێس: بەس لەناو حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتدا ئاوایە؟***

***هیجری:*** لە ناو حیزبە سیاسی‌یەکانو خەڵکیشدا.

***واڵاپرێس: ئێوە لایەنگری سیاسەتەکانی پارتی ئازادیش ناکەن بێتە ناو کۆنگرەکەوەو گلەیی زۆر لە حزبەکەی تۆو کۆمەڵەکان و دیموکراتەکەی تریش دەکات، پاک کە گوایە ئێوە بەشی ئەوانتان خواردووە نەتانهێشتووەو فشاریان لەسەرەو ناهێڵن؟***

***هیجری:*** نەهێشتن نییە، ئەگەر ئەوانیش دەنگیان هێنا باوە دەهاتنە ناو گروپەکە، رەنگە یەکێکی کە نەبووایە.

***واڵاپرێس: ئێوە بەرەسمی پاک دەناسن؟***

***هیجری:*** بەڵێ بۆ نایناسین، بەرەسمی دەیناسین، پاک هێزێکەو رەنگە لەگەڵ بۆچوونەکەی جیاوازیمان هەبێ، بەلام وەکو هێزێک هەیە.

**والاپریس:** *کاک مستەفا بۆ حزبەکەی قازی محەمەد کە وێنەکەی لە ژوورەکەتدا هەڵواسراوە، حزبەکەی قازی محەمەد، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کارێکی باش دەکەن، کە ناهێڵن کوڕەکەی قازی، بێتە ناو کۆنگرەی نەتەوەییەوە؟*

**هیجری:** پێم خۆشە بزانن مەسەلەکە کەسایەتی و ئەوە نییە بڕیارێک کە لەسەرەتاوە دراوەو ئێمە تێیدا بەشدار نەبووین رەنگە لە سەرەتاوە بڕیار درابا کەسایەتییەکان بانگدەکەین، بەڵام ئەوان باسی ئەوەیان کردووە کە هێزە سیاسییەکان بانگ دەکرێن، ئێستا لەگەڵ ڕێزم بۆ کوڕی پێشەوا، بەڵام حزبەکەی ئەو دەنگی نەهێناوەتەوە.

**والاپریس:** *ئێوە لایەنگری سیاسەتی حزبەکەی ناکەن یان تەیدی خۆی ناکەن یا هیچیان ناکەن؟*

**هیجری:** پاک هێزێکی سەربەخۆییخوازن، ئێمە بۆ خۆمان حورمەت دادەنێین بۆ ویستی سەربەخۆییخوازی، بۆ هەموو تاکێک، بۆ هەموو گروپێکی کورد، ئەو لەو حزبەدا سەرۆکە حزبەکەی ئەو دەنگی نەهێناوەتەوە.

**والاپریس:** *کاک مستەفا لە من و تۆ کە لەم ژوورە دانیشتووین تا دەگاتە هەر کوردێکی شۆڕشگێڕو بەشەرەف شانازی بە قازی محەمەدەوە دەکرێت بەهەر چوار پارچەی کورستان؟*

**هیجری:** بەڵام شانازی بە کوڕەکەیەوە ناکەن.

**والاپریس:** *ویستم ئەوە بڵێم هەم شانازی بەکوڕەکەیەوە ناکەن هەم کوڕەکەی دەبووایە لەم حزبەیا شوێن بگرێت کە حزبی باوکییەتی نەک لە حزبێکی تر کە بکەوێتە دژایەتی حزبەکەشی؟*

**هیجری:** یەک جیاوازی هەیە لەبۆچوونی من لە کوردستانی ئێران و باقی شوێنەکانی دیکە، ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە لە کوردستانی ئێران لەسەرەتای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیو دەستپێکردنەوەی خەبات تائێستاش لەوێدا تاک بۆ خۆی حسابی لەسەر دەکرێت، نەک لەبەرئەوەی لە فلان بنەماڵەیە، کوڕی فلان کەسە، برای فلان کەسە، بۆیە کوڕی پێشەوا دەیتوانی لەکاتی خۆیدا خۆی پیشانبدات، خەڵک باوەڕی پێبکات، نەک لەبەرئەوەی کوڕی پێشەوایە، بەڵکو لەبەرئەوەی کەسێکە دەتوانێت لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کورد دا بێت، بۆیە ئەو

حسابانەی کە لە برا کوردەکانمان لەبەشەکانی دیکە بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا دەیکەن، کەوا فڵان کەس، چونکە کوڕی فڵان پێشەوایە، فڵان کەس، چونکە کوڕی فڵان سەرۆک عەشیرەتە دەبێت بێت لەسەرەوە قەرار بگرێت، ئەو بۆچوونە لە کوردستانی ئێراندا نییە، بۆیە کوڕی پێشەواش حورمەتم هەیە بۆی، بەڵام خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا لەو جێیەیدا نابینن.

***والاپرێس: کاک مستەفا لەم کۆنگرە نەتەوەییەدا قسەیەک هەیە لەسەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە باڵی حزبی دیموکراتی مستەفا هیجری بەلای پارتیدا ڕۆیشتووەو پارتی هاوکاری دەکات و موراعاتی دەکات، یەعنی ئەم بۆچوونە ڕەنگە جەنابت ڕەتیبکەیتەوە پەیوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چۆن مەسافەیەک هەیە لە سلێمانییەوە بۆ کۆیە، لە کۆیەوە بۆ هەولێر، مەسافەیەک کەوتۆتە نیوانیانەوە واتە کۆیە چەقی نێوان هەولێرو سلێمانییە یان ئیدارەی سەوزو زەردە یان سەنتەرە، ئایا بەهەمان ئەو مەسافە جوگرافیاییەی کە هەیە سیاسەتیش لەگەڵ یەکێتیی و پارتیش دەکەن، واتە بەهەمان شکڵ لەهەردووکیانەوە دوورن یان بەهەمان شکڵ لەهەردووکیانەوە نزیکن؟***

*هیجری:* من ئەو جیاوازییە بۆ خۆم وەک سکرتێری حزبی دیموکرات هەست پێناکەم، چونکە من پێموایە لەگەڵ هەردوو حزب سەردەمانێک بووە زۆر پێکەوە نزیکبووین، سەردەمانێک بووە دڵمان لەیەک هێشاوە، هەموو ئەوانە هەیە، ئێستاش ئێمە ئەوان بە دوو هێزی سەرەکی دەزانین لە کوردستانی عێراقدا، پێمانوایە لەگەڵ ئەوەی کەموکوڕی لەهەموواندا هەیە، لە یەکێتیی و پارتیشدا هەیە، بەڵام ئێستا دەوری سەرەکیان هەیە لەئیدارەکردنی ئەو وڵاتەدا، حورمەتمان بۆیان هەیەو پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە، دانیشتمان هەیە، ئێمە هەردوولا بەحورمەتەوە سەیریان دەکەین و تێکۆشاوین کە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان وەکو یەک بێت، ئەگەر کێشەیەک هەبێت لەو لایەنەدا کێشەکە دەکەوێتەسەر خودی ئەو لایەنە، لەلایەنی ئێمەوە هەنگاوێکی وا، شتێکی وا بەدیناکرێت کە نیشانبدات ئێمە لایەنگری لایەنێک دەکەین، بەڵام ڕەنگە لەهەندێک لەکەسایەتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیدا ئەو بیروبۆچوونە هەبێت، تەنانەت دوایئەوەی کە لە کۆنگرەی سیانزەدا ئاڵوگۆڕێک لە ڕێبەرایەتیدا پێکهاتوو بەڕێز عەبدوڵا حەسەن زادە نەبوو بەسکرتێری حزب، ئەو بۆچوونە لەوێو لەنێو یەکێتیدا زیاتر پەرەی گرت بەبێ هیچ هۆیەک، بەتایبەتی لە دانیشتنێکدا کە ئێمە دوای ئەو کۆنگرەیە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی بوومان کە بەڕێز مام جەلال-یش تەشریفی بوو، لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە کرا، من لەوێ ڕوونمکردەوە بۆ یەکێتیی، من وەکو سکرتێری حزبی دیموکرات ئەوەی بەقازانجی حزبی دیموکرات بێت، ئەوە دەکەم، چاوم لەوە

نییە یەکێتیی چی دەوێت، یان پارتی چی دەوێت، نە لەگەڵ یەکێتیی دژایەتی پارتی دەکەم، نە لەگەڵ پارتی دژایەتی یەکێتیی دەکەم، بەڵکو قازانجی حزبەکەم لەوەدا دەبینم کە ئعتیمادو باوەڕی هەردووکیان بەلای حزبەکەمدا ڕابکێشم بە سیاسەتێکی دروست، دوای ئەو باسانە مەسەلەکە زۆرباش کۆتایی هات، دوایئەوە مام جەلال هەر لەو میوانییەدا منی بانگکرد، وتی من زۆرم پێخۆشبوو ئەو قسانەی تۆ، ئەو قسانەی تۆ کردت من باوەڕم پێیەتی، هەموو شتێک بۆ من تەواو بووە، وا دیاربوو لای مام جەلال-یش زۆر ئەو مەسەلانە باسکرابوون بەتایبەتی لەو گێرەو کێشەی کۆنگرەی سیانزەداو ئەو ئینشعابات و شتانە.

***واڵاپرێس: ئەو بۆچوونەی یەکێتیی لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو بەرامبەر بە تۆ؟***

***هیجری:*** بەڕاستی بۆ خۆشم نازانم، من لەوێدا باسمکرد وتم ئەگەر لەوماوەیەدا بەرپرسیارێتی حزبیم هەبووە، بەرپرسیارێتی سەرەکیشم هەبووە، هەمیشە پێمخۆشە ئەگەر لە کۆبونەوەیەکدا، لە دانیشتنێکدا، لە نووسینێکدا، لە بڕیارێکدا، شتێکی ئاوا هەیە پێم بڵێن، دەنا ئەوەی ئێوە دەیڵێن دوور لەڕاستییەو هیچ بنەمایەکی نییە، بێجگە لەوەی کە هەندێک کەس بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان یان هەر بابەتێکی سیاسی ئەو مەسەلەیان لەگەڵ ئێوە باسکردووەو هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە.لەوانەشە تەبلیغاتی لایەنی جیابۆوە لە حیزب لە سەروبەندی کۆنگرەی سێزدەدا ئەو بۆچوونەی لای هێندێک لە هاوڕێیانی یەکیەتی درووست کرد بێ.

***واڵاپرێس: یەعنی بەکورتی، کاک مستەفا یەکێتیی نیشتمانیی پێیوابوو دەرچوونی تۆ بە سکرتێرو دەرنەچوونەوەی ماموستا عەبدوڵا حەسەن زادە نەخشی پارتی تیایە؟***

***هیجری:*** دەکرێ ئەو خوێندنەوەی لێ بکرێ، من ئەوەشم خوێندەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی ویستی نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕێت کە ئێستا من بوومەتە سکرتێری حزب، لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی فاسیلەمان زۆر دەبێت وە بەو ئەندازەیە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی بەهێزتر دەبێت.

***واڵاپرێس: تا ئێستاش؟***

***هیجری:*** ڕەنگە تا ئێستاش ئەو بۆچوونە هەڵەیە لە لایەن ژمارەویەکی کەم لە برادەرانی یەکیەتیدا هەبێ، بەڵام

دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە هیچ لایەنێک ناتوانێت تەئسیر بکات لە کۆنگرەی ئێمەدا، چونکە کۆنگرەی ئێمە نوێنەرەکانی بەشێوەی ئازاد لە بەدەنەی حزبدا هەڵدەبژێرێن بەشێوەی دیموکراتیک دێنە سەرێ وە ئەوان بڕیاردەدەن.

***واڵاپرێس:*** ***بەڵام ڕەنگە یەکێتیی نازی ئەوەی کردبێت کە پێیوایە حزبی دیموکرات، حزبی قاسملۆ مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لەنێوان بەڕێز مام جەلال و شەهید د.قاسملۆ بەتایبەتی کە یەکێتیی نیشتمانیی لە ١٩٨٢ پشتیوانی لە خەباتی چەکداری ئێوە دەکات لە کوردستان، پێیوایە ڕەنگە گلەییەکانی لەوە بووبێت کە دەبێت حزبی دیموکرات لە یەکێتیی نیشتمانییەوە نزیکبێت بەهەر شێوەیەک، بەهەر دەلیلێک؟***

**هیجری:** لەوکاتەدا یەکێتیی نیشتمانیی یارمەتییەکی زۆر گەورەی بەحزب کرد بەتایبەت ئەوە شتێک بوو کە لەمێژووی جوڵانەوەی گەلی کورد دا شتێکی زۆر دیارە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ، ئێمەش وەک حزبی دیموکرات ئەوەمان لەبەرچاوەو قەدر زانی لەو هەڵوێستە دەکەین.

***واڵاپرێس:*** ***لە ئێستادا کە کۆنگرەی نەتەوەیی حازرە، سەرکردەکانی یەکێتیی دەڵێن فکرەی کۆنگرەی نەتەوەیی هی مام جەلال و شەهید قاسملۆیە لە هەشتاکاندا باسکراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت لە حەفتاکاندا ئیدریس بارزانی ئەوەی باسکردووە، یەکەکەش دەڵێت فکرەی ئێمەیە، تۆ پێتوایە بەتایبەتی ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی دەیڵێت کە فکرەی کۆنگرەی نەتەوەی هی مام جەلال و شەهید قاسملۆیە، ئەمە کە ئاگات لێیە لەنزیکەوە چۆنە؟***

**هیجری:** من ئاگام لێیە کە لەساڵەکانی دوای حەفتا ئەو فکرە هاتەپێشێ، لەنێوان سەرکردەکانی کورد دا کە کۆنگرەیەکی نەتەوەی پێکبێت کە کورد مەرجەعێکی هەبێت بەگشتی هەموویان وەکو یەک کە کوردستانی تورکییای تێدا بوو، مام جەلالی تێدا بوو، د.قاسملۆی تێدا بوو، باس لەوە دەکرا کە ئەو کۆنگرەیە پێکبێت، بەڵام دوای لێکدانەوەیەکی دورودرێژە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی وەزعیەتی دنیاو مەنتیقەو ئامادەی ئەوەی نییە تۆ کۆنگرەیەکی ئاوا پێکبێنیت کە بتوانێت درێژە بە کارەکانی خۆی بدات، چونکە لەهیچ کام لەبەشەکانی کوردستاندا ئەو فرسەتە نەبوو کە ئەو کۆنگرەیە پێکبێت و نەکەوێتەژێر هەڕەشە، تەنانەت باس لەوە کرا زۆرباشم لەبیرە.

**واڵاپرێس**: *ساڵی چەند؟*

**هیجری**: دەقیقەن ساڵەکەیم لە بیر نەماوە، بەڵام دوای هاتنە دەسەڵاتی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی بوو، باسی ئەوە کرا کۆنگرەکە، لە ئەوروپا پێکبێت، بەڵام لە بەرپرسیارێتییەکەی بسپێرێت بە کەسایەتییەکی ناسراوی ئەوروپی، بەڵام حزبەکانی هەموو بەشەکان بەشێوەی نهێنی یارمەتیدەرو پشتوانی بن لە باری ئابوورییەوە، تەنانەت هەندێک لە ئەندامانی حزبەکانیش ئەندام بن لە کۆنگرە، بەڵام نەک ئەندامە ناسراوەکانی و ئەوانەی لەدنیادا ناسراو بن، چونکە ئەو دەمی وەزعیەتەکە بۆ ئەو کارە گونجاو نەبوو لەو پێوەندەدا دوای بەحسێکی زۆر بە نەتیجە نەگەیشتین و مەسەلەکە تائێستا ماوە.

**واڵاپرێس**: *بەبۆچوونی تۆ لەنێوان خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی، شەهید قاسملۆ، مام جەلال جاران فکرەی سەرەکی ئەم کۆنگرەیە هی کێیە بەبۆچوونی تۆ؟*

**هیجری**: ئەوەندەی بزانم ئەوانە تێیدا بەشداربوون، بەڵام بەڕوونی ئەوە نازانم کە کامیان دەستپێشخەر بوون.

**واڵاپرێس**: *ئێران و تورکیا بانگێشتکراون وەک میوان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵام ئیبراهیمی عەلی زادە سکرتێری کۆمەڵە لە دوایین دیداریدا دەڵێت من ناچمە ئەو کۆنگرەیەوە کە نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانی تێدابێت، من دەمەوێت نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، بۆ نموونە جامیعەی وڵاتانی عەرەبی ڕۆژێک نەبووە ئیسرائیل بانگبکەنە کۆبوونەوەکانی خۆیان، ئەوە چ خێرە لێرە کۆنگرەی نەتەوەیی بڕیارتانداوە کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیاو سوریاو ئێران و عێراق بانگبکەن، کە لەکاتێکدا کۆنگرەکە مەهامەکەی ئەوەیە کە کورد نەجاتی بێت لەمانە. کورد یەکگرتوو بێت و بتوانێت بەئاشتی بژی، ئەگەر قەرار بێت کورد دەوڵەتی خۆی دروستبکات ڕزگاری بێت؟*

**هیجری**: جیاوازییەک هەیە لەنێوان جامیعەی عەرەبی لەگەڵ ئێمە، لە جامیعەی عەرەبیدا بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی تائێستا ئیسرائیلیان بەڕەسمی نەناسیوە، بۆیە شتێکی تەبیعییە کە نوێنەری ڕەسمی ئەو وڵاتە لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی مەنتیقەیدا لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی نێونەتەوە بەشداریدەکەن، ئەوان بەشداری نەکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو حکومەتێک هەیە ئێستا ئێمە قبوڵمان نییە وەک حکومەتێکی دیموکرات، وەکو حکومەتێکی گەلی لەسەر ڕەئی ئازادی خەڵک پێکهاتبێت، ئەوە راستە مەسەلەی تورکیاو سوریاو عێراقیش جیاوازن، بەڵام من

لەوباوەڕەدام هەڵومەرجەدا کە ویست و داخوازەکان یان بەرنامەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی ڕادەگەیەنرێت نوێنەری ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا بێبەشکراوە با ئەوانیش لەوێ حزوریان هەبێت، با نوێنەری کۆماری ئیسلامی حزوری هەبێت، لەوێدا هێزی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانیش قسەی خۆی بکات، وتاری خۆی بدات، من لەو پێوەندەدا ئەوەی بە خراپ نابینم بەتایبەتی ئەو واقیعەتەی کە ئەمڕۆ تێیدا هەڵکەوتووین، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، نەک هەر ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵکو کوردەکانی دیکە تائێستاش پێمان خۆشبێت، پێمان ناخۆش بێت تەئسیری حکومەتەکانی وڵاتەکانمان بەسەرەوە هەیە، هەروەک بینیمان  ئەوکاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات لەسەرەتادا کۆماری ئیسلامی ئێرانو تورکیا کەوتنە دژایەتیکردن و بەهەموو جۆرێک کۆسپیان پێکدەهێنا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخۆشییەوە بەڕوونکردنەوەی مەسەلەکان توانیان کارێکی وا بکەن کە ئەو دوژمنایەتییە تا حەددێک کەمبکەنەوە، ناڵێم ئێستا ئەوان دڵیان خۆشە بەپێکهاتنی حکومەتی هەرێم، بەڵام لەو دوژمنایەتییە ئاشکرایەی خۆیان کەمکردووەتەوە، بۆیە من لەو پێوەندەدا موشکیلەیەکی ئەوتۆ نابینم کە تەنانەت نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە کۆنگرەکەدا حزوری هەبێت.

***واڵاپرێس: ئەگەر ئاڕاستەی کۆنگرەکەو بانگێشتکردنی ئێران بەو شکڵە بڕوات کە تەکلیفی ئەوەتان لێبکرێت لە پەراوێزو کۆبوونەوەکان لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی دابنیشن، ئامادەن؟***

***هیجری:*** من بەوجۆرە دانوستانانە کە کتوپڕ بێت و لەناکاو و بێبەرنامە بێت، زۆر باوەڕم پێی نییە، چونکە ئەگەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی یان هەر حکومەتێک بیەوێت لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسیۆنی خۆی قسەبکات، پێویستی بەهەندێک زەمینەسازی و ئامادەکاری هەیە.

***واڵاپرێس: لە ئێستادا هیچ زەمینەیەک نابینیت بۆ دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؟***

***هیجری:*** لە ئێستادا هیچ زەمینەیەک نابینم، چونکە من هیچ دەلیلێک بۆ ئەوە نابینم کە کۆماری ئیسلامی گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی نەک لەسەر مافەکانی گەلی کوردو باقی نەتەوەکانی تر قسەبکات، کۆماری ئیسلامی ئێران تائێستا ئامادەنییە مافی وەفادارترین کەسایەتییەکانی کە حکومەتی کۆماری ئیسلامیان دامەزراندووە بەڕەسمی بناسی، مەهدی کەرووبی و میر حسێنی موسەوی لە زینداندان کە ڕێبەرانی جوڵانەوی سەوزن، خۆ ئەوان هیچ مافێکیان داوانەکردووە، ئەوان باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی هەیە، باوەڕیان بە قانوونی ئەساسی هەیە،

باوەڕیان بە ویلایەتی فەقیهە هەیە، تەنها داوایان ئەوە بوو کە بتوانن لە حکومەتدا بەشداربن، بەڵام ئەوانەی نەهێشت، هاشمی ڕەفسەنجانی کە لەباری سیاسیەوە بە تواناترە لە خامەنەیی و، زۆر نزیکتر بووە لە خومینی وە لەدامەزرێنەررانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، قبوڵی ناکات لە کاندیداتوری سەرۆک کۆماری وەلای دەنێت، چۆن دەبێت ئێمە چاوەڕێی ئەوە بکەین کە کۆماری ئیسلامی بیەوێت لەسەر مافی کوردو ئازادی و دیموکراسی و ئەو شتانە لەگەڵ ئێمە قسە بکات، مەگەر ئەو کاتەی بیهەوێ پیلانێکی دیکەی خۆی دژی ئێمە جێبەجی بکات.

***واڵاپرێس:*** *ئێوە لەئێستادا هیچ ڕێگەچارەیەک نابینن لە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دانوستانکردن؟*

***هیجری:*** ئێمە ئێستا هیچ ئومێدێک نابینین کە کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ئەو خەتە.

***واڵاپرێس:*** *ئەگەر ئێران داوایەکی وا بکات تۆ دابنیشی لەگەڵیاندا وەک سکرتێری حزبێک، لەکوێ حەزدەکەیت دابنیشیت ئەو دیالۆگە بەڕێوەبچێت بە ئامادەبوونی کێ، ئەمریکا، ئەوروپا، حکومەتی هەرێم؟*

***هیجری:*** ئێستا بیرم لێنەکردووەتەوە، چونکە  لەو باوەڕەدا نەبوومە کە ئێران داوایەکی ئاوا بکا.

***واڵاپرێس:*** *چوارده ساڵە بۆ یەکەمجارە پێنج سکرتێری حزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەرپێنجتان (موهتەدی، عەلی زادە، هیجری، خالیدی عەزیزی وە ئێلخانیزادە لە بارەگاکەی ئێوە لە کۆیە کۆبوونەوە، ئایا ئەمە سەرەتای هەنگاوێکی باشە بۆ ڕۆژهەڵات و بۆ ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەلات، هەستکردن بەمەترسییە یەکیخستوون، یان ئەوەی تۆ لەسەرەتاوە وتت هەستکردن بە پەرپرسیاریەتێکی تازەی شۆڕشگێڕانەو ئەخلاقی و نەتەوەییە، واتە کامیبانە، لەمبارەیەوە کەواتە کۆنگرەی نەتەوەی بۆ ئێوە هەنگاوێکی تازەیە، لانی کەم پێنج سکرتێری حزب لەماوەی چوارده ساڵی ڕابردووا یەکەمجارە پێکەوە دابنیشن؟*

***هیجری:*** بەبۆچوونی من هەردووکیەتی، هەم مەترسییە هەم هەست بە بەرپرسیارێتییە، مەترسی لەوبارەوە کە ئێمە ڕوبەرووی هەڕەشەی زۆرین لە مەنتیقەدا، تەنانەت لە عێراقیشدا بەبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ناکرێت ئێمە بێخەیاڵ بین پێمانوابێت هیچ مەترسییەک ڕوبەرووی ئێمە نابێتەوە، ئەوە بەشێکێتی، بۆیە پێویستە یەکگرتوو بین و بەرنامەو پرۆژەی هاوبەشمان هەبێت لەزۆر خاڵدا، مەسەلەی دووەم ئەوەی کە باستانکرد

مەسەلەی بەرپرسیاریەتییە، بەرپرسیارییەتی بۆ ئەوەی ئێمە ئەگەر یەکگرتوو نەبین و نەتوانین لەسەر خاڵە گشتییەکان کە زۆر مەسەلەی نەتەوایەتی دەگرێتەوە پێکەوە بەرنامەی هاوبەشمان هەبێت لەداهاتوودا لە ئاڵوگۆڕەکانی کە چاوەڕواندەکرێت لەئێراندا بێتەپێشێ نەتوانین بەوجۆرەی کە پێویستە لەخزمەت ئامانجەکانی نەتەوەکەماندا بین و ئەو بڵاوی ودەنگی جیاوازو گێرەو کێشەکان جارێکی دیکە بەخۆمانەوە مەشغوڵمان بکەن و فرسەتەکانمان لەدەستبچێت، بۆیە هەردوو لایەنی تێدا دەبینم.

***واڵاپرێس: پێتان خۆشبوو و، هەرپێنجتان شتێکی باشبوو؟***

**هیجری:** بەڵێ، من پێشتریش هەوڵمدا کە ئەوکارە بکەین، بەڵام سەرنەکەوت، بەڵام بەخۆشیەوە ئەمجارە جێبەجێ بوو.

***واڵاپرێس: کێ ڕێگربوو لەوەی کە تۆ سەرنەکەوتی؟***

**هیجری:** نامەوێ بڵێم کێ ڕێگربوو، بەڵام بۆ مەسەلەی مەشوەرەت کردن لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران و هەڵوێستی هاوبەشمان من هەوڵمدا هەمووومان لەجێیەک کۆببینەوە، لەهەر جێگایەک کە پێیان باشبێت، کۆببینەوە ئەوە هەندێک لایەن مخالف بوون، مەبەستم ئەوەیە لەمێژە لەهەوڵی ئەوەدام، بەڵام ئەمجارە بەخۆشییەوە جێبەجێ بوو، زۆر خۆشحاڵم.

***واڵاپرێس: مێژوویەکی تاڵیشتان هەیە ئەم پێنج سەرکردەیە بەیەکەوە نییە؟***

**هیجری:** *زۆر.*

***واڵاپرێس: نەتاندەتوانی پەیمانێک بنووسن لەنێوان هەرپێنجتاندا کە شەڕی ناوخۆ تەحریم کەن، هەڕەشە نەبن لەسەر یەکتر، یان لە ئایندەدا شتێکی ئاوا بەنیازنین؟***

**هیجری:** ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە کاک عەبدوڵڵا سەرۆکایەتییەکەی

دەکات هاوپەیمانییەکمان هەیە، هەندێک خاڵی هاوبەشمان ئیمزاکردووەو ڕامانگەیاندووە، دەمێنێتەوە سەرئەوەی لەسەر مەسەلەی شەڕی چەکداری لەگەڵ یەکتری یان زۆر خاڵی دیکە، گرنگ ئەوە نییە چ شتێک دەنووسین و ئیمزادەکەین، گرنگ ئەوەیە چەند باوەڕمان پێیەتی، چونکە لە مەنتیقەدا زۆر قەرارات و هاوپەیمانی ئیمزاکراوەو بلاوکراوەتەوەو ڕاگەیەنراوە، بەڵام دوای تێکچووە، وەکو لەسەرەتادا عەرزم کردیت ئەو تەجروبە تاڵانەی ڕابردوو پێم وایە ئێمەی هێنابێتە سەر ئەو باوەڕەی چوونکە هیچ کامێکمان نە وەک حزبێکی سیاسی نە وەک خەڵکەکەمان قازانجی لێناکەین، ئێمە گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتە، بۆیە پێمانوایە کە لەگەڵ هیچ هێزێکی کوردی نامانەوێت تووشی بەربەرەکانییەکی چەکداری بین.

***واڵاپرێس:** تۆ باسی ئەوەت کرد بۆ نموونە ڕێکەوتنێکتان هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی، بەڵام بەشێکی، ڕەخنەتان لەسەرە ئەم دوو هێزە خۆیان جیاکردووەتەوە بۆ نەدەکرا هەموو هێزەکان بەیەکەوە بن؟*

***هیجری:*** زەمینەی نەبوو، موشکیلەکە، موشکیلەی ئێمە نەبوو، موشکیلەی بەشەکانی دیکە بوو، ئەو هێزانەی لەنێو خۆیاندا موشکیلەیان هەبوو، دەنا ئێمە ئێستاش هەوڵدەدەین بۆ فراوانتر کردنی ئەم هاوپەیمانی‌یە.

***واڵاپرێس:** مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێوە تەنها کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بەڕەسمی وەکو کۆمەڵە ئەناسن؟*

***هیجری:*** ئەوان لەناوخۆی خۆیاندا کێشەیان هەیە، لای ئێمە هەر ڕێکخراوێک بەوناوەی کە هەیە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیەو کێشەمان نیە، زۆر ئاسوودەین لەگەڵیان لە پێوەندی‌یەکاندا.

***واڵاپرێس:** خاڵی هاوبەشتان هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان؟*

***هیجری:*** بەڵێ، هەندێ خاڵمان هەیە کە لەپەیماننامەکەدا ئیمزامان کردووەو ڕامانگەیاندووە.

***واڵاپرێس:** بەنیازن ئەوە فراوان بکەن لە داهاتوودا؟*

**هیجری**: هەوڵدەدەین ئەگەر ئەو کێشەیەی نێوان خۆیـان چارەسەربێت ئێمە لەهەوڵی ئەوەداین کە بەرفراوانتری بکەین.

***واڵاپرێس**: کۆمیتەی کوردستانی - حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ڕاگەیاندنێکی داوە دەڵێت ئێمە ئامادەنین بچینەژێر ئەم پلانگێڕییەوەو ئەوە هەوڵێکی ناسیۆنالستانەیە، بۆ سازشە لەگەڵ ئێران، تەنانەت وای ناودەبات ئێوە لەمبارەیەوە قسەیەکتان هەیە لەسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران؟*

**هیجری**: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانو ئێمە جیهانبینییەکی تەواو لێکجیاوازمان هەیە بە نسبەتی ئێران، بە نسبەتی مەنتیقە، بە نیسبەتی دنیا، بە نیسبەتی مافی نەتەوایەتی ئەو بیروباوەڕەی کە هەمانە وەکو کورد لەگەڵ ئەوان بەتەواوی لەجیاوازیدایە، ئەوان هەر لێکنزیکبوونەوەی هێزەکانی کوردی، هەر ئاڵوگۆڕێک لەو پێوەندییەدا هەمووی لەچوارچێوەی بیری کۆمۆنیزمدا دەبینن، پێیانوایە هەموو شتێک ئەمریکایە ڕێکیدەخات و بەخۆشیەوە ئەو بیروبۆچوونانە هەم لە ئێراندا هەم لە مەنتیقەدا زۆر لاوازبووە.

***واڵاپرێس**: کاک مستەفا کەسایەتییەکانی یارسان و پارتێکی یارسانەکان گلەیی دەکات کە دەڵێت کورسییەکانی ڕۆژهەڵات لەنێوان دوو حزبدا یان لەنێوان ئەو پێنج لایەنەدا دابەشکراوە، حسابیان بۆ یارسانەکان نەکردووە، کە کوردن و خۆیان پێ کوردەو، باسی ئەوە دەکات کە هیچ کەس لە کوردەکان لە ئیلام و کرماشان و خوراسان دەعوەت نەکراون، ئێوە جوابێکتان هەیە بۆ یارسانەکان؟*

**هیجری**: بەڵێ، یارسانەکان کوردن، کوردی ڕەسەنن و لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد جیاوازییەکیان نییە لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، ژمارەیەکی زۆر یارسانمان هەیە لە مەنتیقەی یارساندا حزبی دیموکرات جێپێی قایمی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر هەندێک بۆچوون لێ دروستبووە ئەوانە بەبۆچوونی من بۆ قازانجی یارسان نییە، بەڵکوو بۆ قازانج و بەرژەوەندی هێندێک لەو کەسایەتی‌یانەیە، کۆنگرەی نەتەوەیی هێشتا پێکنەهاتووە چ مەعلوم لە مەنتیقەی کرماشان و ئیسلام خەڵک دەعوەت ناکەن، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەوەش بۆ خۆی دەچێتەژێر پرسیار ئایا ئسوڵەن کەسانێک لەناوخۆی ئێران بەو فەزایە سیاسییەی لە ئێراندا حاکمە ئایا دەوێرن بێنەدەرێ، ئێران ئیجازەیان دەدات بێن لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بەشداربیکەن؟ ئەوە بۆ خۆی جێگای باسە.

## بەشی سیهەم

***واڵاپرێس: پێتانوایە حزبی ئێوە نوێنەرایەتی ئەوانیش دەکات لەهەر حاڵێکدا؟***

**هیجری:** ئێمە وەک حزبی دیموکرات خۆمان بەهەڵگری ئاڵای بەرگری لە هەموو ویستو داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەزانین بە هەموو باوەڕە ئایینییەکانیەوە لەنێو حزبی دیموکراتیشدا هەموو ئەوانە ڕەنگیانداوەتەوەو وجودیان هەیە، ناڵێم ئێمە نوێنەری هەموو کوردین لە کوردستانی ئێراندا، بەڵام ئەو بیروبۆچوونە جیاوازە ئایینی و زمانییانە لەنێو حزبی دیموکراتدا ڕەنگیان داوەتەوەو حزبی دیموکرات پێکهاتەیەکە لەهەموو ئەوانە.

***واڵاپرێس: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندنێکی داوەو پێموایە ڕاگەیاندنەکەی تا ڕادەیەکی زۆر مەنتقییە، سەبارەت بەکۆنگرەی نەتەوەیی لە یەکێک لەخاڵەکانیدا دەڵێت پێویستە سەرۆکایەتی کۆنگرە بەدەوری بێت، هیچ کەس بۆی نەبێت لە دوو دەورە زیاتر خۆی کاندید بکات و کەس نەتوانێت قۆرخکاری بکات، ئێوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەن یان ئەڵتەرناتیڤێکتان هەیە یا پێویستە سەرۆکایەتی کۆنگرە چۆن بێت کە لەئێستادا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە ڕەنگە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو کۆنگرەیە بێت، واتە ئێوە دەتانەوێت ئەو سەرۆکایەتییە چۆن بێت دەوری بێت بە هەڵبژاردن بێت ئەڵتەرناتیڤتان چییە بۆ ئەو قسانە؟***

**هیجری:** ڕاستییەکەی تائێستا لەکۆنگرەی نەتەوەییدا کاری ئامادەکاری کە دەکرێت تائێستا هیچ باسێک لەوەی کە سەرۆک کێ بێت یان سەرۆک چۆن دیاریبکرێت تائێستا باسنەکراوە، بێگومان ئەو مەسەلەیەلە کاتی پێکهاتنی کۆنگرە لەکاتی خۆیدا دێتە بەرباس و باسی لەسەر دەکرێت، دەبێت گوێبگرین لەهەموو لایەنەکان بزانین قسەکان چین، ئەوەی بە قازانجی گشتی بێت دەبێت ئەو کارە بکەین. من پێم وایە بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرە لە شێوەی سەرۆکایەتی بێ، مەبەستم ئەوەیە ئەنجوومەنێکی ڕێبەرایەتی هەبێ.

***واڵاپرێس: ئەگەر کۆنگرەیەک، سەرۆکایەتییەکەی دیموکراتی بێت باشتر نییە، دەورەیەک تۆ بی دەورەیەک بارزانی***

**بێت؟**

**هیجری:** ئەگەر ڕێبەرایەتی‌یەکە جەمعی بێ ڕەنگە زۆر گرفتی سەرۆکایەتی چارەسەر بکا.

***واڵاپرێس:*** ***مەبەستت چییە، پێتوایە کەس مخالفی ئەو بۆچوونە بێت؟***

**هیجری:** تا باسەکە نەیەتە پێشێ نازانین، ڕەنگە کەسانێک هەبن کە بۆچوونی وایان نەبێت، بەڵام دەبێت گوێ بگرین بزانین دەلیلەکانی ئەوان چییە، واتا ناکرێت لە ئێستاوە بڵێین دەبێت حەتمەن وا بێت.

***واڵاپرێس:*** ***دەکرێت کەسێک بۆ هەمیشە سەرۆکایەتی ئەو کۆنگرەیە بکات؟***

**هیجری:** بۆ هەمیشە نا، بۆ هەمیشە ئێمە باوەڕمان بەسەرۆکایەتی هیچ کەسێک نییە، لەهیچ کۆمەڵگایەکدا، لەهیچ حزبێکدا، پێمانوایە دەبێت بەشێوەیەک بێت کە گونجاو بێت لەگەڵ ئوسوڵی دیموکراتیدا.

***واڵاپرێس:*** ***ئەو گونجانە دیموکراسیە، ئەو ئسوڵە چییە لای تۆ؟***

**هیجری:** ئەو گونجانە دیموکراسییە دەتوانێت ڕێگاچارەی تەوافوقی هەبێت، هەموو پێکەوە باسبکەن، قازانج و زەرەرەکانی لێکبدەنەوە، ئەوەی کە کێ سەرۆک بێت یان کێ هەڵبژێرێت دوای ئەوە ئەگەر بە تەوافق نەگەشتن دەبێت دەنگدان بێت.

***واڵاپرێس:*** ***ئەگەر هەر شەش مانگ بەدەست یەکێک لەو نوێنەرانی ئەو پارچانەوە بێت کارێکی باشتر نییە؟***

**هیجری:** بەڕاستی زۆر بەرتەسککردنەوەی ماوەکەی لە شەش مانگدا بڕێک بە نەگونجاو دەزانم، چونکە هیچ کەس ناتوانێت لە شەش مانگدا بەرنامەیەکی هەبێت بیباتە پێشێ و شتێک بکات، بەڵام ئەوەی کە دەوری بێت پێم خراپ نییە، جا دەورەکە ساڵێک بێت، دوو ساڵ بێت ئەوە جێگای قسە لێکردنە.

***واڵاپرێس: لەسەروبەندی ئەم کۆنگرەیە هەست بە نزیکبوونەوەیەک دەکرێت تا ڕادەیەک، واتا بەشێک لەوانەی کە چاودێری بارودۆخی هەردوو حزبی دیموکرات دەکەن، پێیانوایە نزیکبوونەوەیەک هەیە هەم لەنێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران حزبی دیموکراتی کوردستان، مستەفا هیجری و هەم خالیدی عەزیزی ئەم دەرئەنجامە ڕەنگدانەوەی تازەی کۆنگرەیە یان ئەو هەوڵانەیە کە تۆ باستکرد یان دیسان باس لەوە دەکرێت کە پارتی لە هەوڵێکی میانگیری تازەیە لەنێوان ئێوە لەنێوان تۆو خالیدی عەزیزی کامیانە؟***

**هیجری: من سەرەتا عەرزم کردیت کە ئەو لێکنێزیکبوونەوەی ئێمە لەگەڵ کاک خالیدی عەزیزی هەروەها لەگەڵ کۆمەڵەکان شتێک نییە کە لەو کۆنگرە دەستپێکردبێت، زەمینەی زۆر پێشتر ئامادەکرابوو، بۆیە بەئاسانی ئێمە دەتوانین پێکەوە دابنیشین ئەگەر ئەو زەمینە ئامادەنەکرابایە پێشتر هەروا بەئاسانی نەدەکرا، بۆیە ئێمە ئەو سیاسەتە درێژەپێدەدەین و تائێستاش لەگەڵ ئەوەی هەم پارتی هەم یەکێتیو زۆر دۆستی دیکەی ئێمەی کورد لەهەموو بەشەکاندا هاوسۆزی خۆیان نیشانداوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین یەکبگرینەوەو ببینەوە یەک هێز، بەڵام ئەو نزیکبوونەوەیە لەژێر تەئسیری هیچ لایەنێکدا نییە، ئێمە بۆ خۆمان هەستمان بەوەکردووە کە کاتی ئەوە هاتووە، دەستمان پێکردووەو بەخۆشییەوە چوینەتە پێشێ و لەداهاتووشدا ئەوە هەر درێژەپێدەدەین.**

***واڵاپرێس: ئەمە دووەمجارە حزبی دیموکرات ئینشیقابی تێدەکەوێت، دەورەی پێشوو؟***

**هیجری: نەخێر سێیەمجارە، لانی کەم دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی سێیەمجارە، جاری یەکەم لەدوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی جاری دووەم بە ناوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر جیابوونەوەیک رووبدا، دوایە ئەوان لەگەڵ حیزب یەکیان گرتەوە..**

***واڵاپرێس: کێ بوون ئەوانە؟***

**هیجری: ئەوانەی لە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەحزبی دیموکرات جودابوونەوە ناویان نرا دەستەی حەوت کەسی، چونکە لە ڕێبەرایەتی حزبدا حەوت کەس بوون، دیارە جەمعێکی دیکەش لە گەنجەکانیان دواکەوتن، بەبۆچوونی من ئەو جیابوونەوەیە دەبووایە ببوایە، چونکە ئەو بۆچوونەی ئەوان هەیانبوو لەگەڵ ئێمە نەدەگونجا، بەڵام بەدوای ئەودا دوو جیابوونەوەی دیکەش بوو.**

*والاپریس: جیابوونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕو حزبی دیموکراتی کوردستان؟*

هیجری: بەڵێ.

*والاپریس: قسەکە ئەوەیە کە ئێوە مێژوویەکی تاڵتان هەیە واتا پێتانوایە ئەگەر لەحاڵەتێکدا زەمینەی دانوستان و یەکگرتنەوەش بکرێت مەترسییەک نییە جارێکی کە لەسەر ئینشیقاق تر؟*

هیجری: بەڵی ئێمە ئەو مەترسییەمان هەیە، نیگەرانین کە ئەگەر یەکبگرینەوە دوای یەکگرتنەوەکە زەمینەی جودابوونەوەیەکی دیکە نایەتەپێشەوە وەکو ئەوەی کە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر کردیان؟ بۆیە لەوبارەوە بڕێک بەحسابی وردترەوە دەچینەپێشێ بۆ ئەوەی دەمانەوێت بگەینە ئەو جێگایەی کە ئەو نیگەرانیەمان لانەمێنێت ئەو دەمی یەکبگرینەوە.

*والاپریس: باشە ئەگەر قەرار بێت یەکبگرنەوە، ناوی حزبەکەتان چی دەبێت؟*

هیجری: حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

*والاپریس: تەلەفیزیۆنەکەتان بەناوی چی دەمێنێتەوە؟*

هیجری: تیشک

*والاپریس: کێ سکرتێری ئەو حزبە دەبێت؟*

هیجری: دەبێت هەڵبژێرێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

*والاپریس: جەریدەکەشتان ناگۆڕن؟*

*هیجری:* نا مومکینە جەریدە بگۆڕین، تەنانەت ئەوەی باستکرد تلوزیونی تیشک-یش ئەوەنیە لەسەرئەوەی کێشەمان هەبێت، ڕەنگە ڕۆژێک ناوی ئەوە بگۆڕین، بەڵام بەبۆچوونی من تائێستا لەو هەلومەرجە سیاسیەدا ئێمە بە قازانج نازانین کە حزبەکەمان حزبی دیموکراتی کوردستان بێ، بەڵام ئەوەش ماوەتەوە بەبڕیاری کۆنگرەکە، کۆنگرەی حزبی دیموکرات دەتوانێ کە بڕیارێکی دیکە بدات من و هەموو خەڵکی دیکە پەیڕەوی لێدەکەین.

***واڵاپرێس:*** ***ئەگەر کۆنگرە بڕیاری دا خالید عەزیز سکرتێر بێت تۆ ئیلتیزامی پێوە دەکەیت؟***

*هیجری:* ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا؟ بەڵێ حەتمەن دەیکەم هیچ ئەولاو لای تیا نییە.

***واڵاپرێس:*** ***یان حاسڵت کردووە کە ئەم دەورەیەش هەر سکرتێر دەبیت، - دەورەی یەکگرتنەوە؟***

*هیجری:* نازانم، بەستراوەتەوە بە رەئی کۆنگرە، بەڵام پێمخۆشە ئەوەی لێرەدا بڵێم کە کێشەی من لەگەڵ ئەوان مەسەلەی سکرتێری نییە و ئەوە هەرگیز نایەتە بەرباس و نابێتە کێشە بۆ من لە هەڵوێستەکانماندا.

***واڵاپرێس:*** ***ئەی کێشەتان چی بوو پێشتر بۆچی جیابوونەوە؟***

*هیجری:* کێشەی ئێمە نەبوو، کێشەی ئەوان بوو، ئەوان جیابوونەوەئەوان لە کۆنگرەیەکدا کە بۆ خۆیان تێیدا بەشداربوون ڕەئیانداوە لە حاڵێکدا بۆ خۆیان لە ئەکسەریەتدا بوون و بۆ خۆیان بەرنامەکانی کۆنگرەیان ڕێکخستووە، بەڵام ئاکامەکەی چونکە بە دڵی ئەوان نەبوو جودابوونەوە.

***واڵاپرێس:*** ***باشە فاکتەرێکی وا گرنگ هەبوو جیاببنەوە یان ئێستا فاکتەرایەکی گرنگ هەیە یەکبگرنەوە؟***

*هیجری:* فاکتەری ئاوا گرنگ کە ئەوان جوداببنەوە من نایبینم، بەڵام باشترە لەوان پرسی بزانی ئەوان جوابیان چیە بۆ ئەو مەسەلەیە، بەو حاڵەش ئێستا ئەگەر یەکبگرینەوە بەهێزتر دەبین.

***واڵاپرێس:*** ***ئێوە لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە دانیشتنێکتان کردووە لەوبارەیەوە ئەو هەلومەرجەتان خستووەتە***

*بەرباس دوو بەدووە؟*

**هیجری:** ئێمە لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا لەو سەردانەدا کە من کردوومە بۆ لای ئەو برادەرانە لەگەڵیان دانیشتووم، لەگەڵیان قسەمان کردووە، بەڵام بۆ خۆت دەزانی ئێستا مامۆستا بە فەرمی وەکو ئەندامی ڕێبەرایەتی نەماوە، ڕاستە ڕەنگە گوێ لە قسەکانی بگرن، بەڵام بە شێوە فەرمی بڕیاردەری دیکەیان هەیە کە ڕێبەرایەتی هەڵبژێراویانە.

*والاپرێس: پێت وانییە ئێستا ئەو بڕیاردەرە؟*

**هیجری:** بێجگە لەوی بڕیاردەری دیکەشیان هەیە.

*والاپرێس: پێت وانییە کەسێکی یەکلاکەرەوە بێت؟*

**هیجری:** ناتوانم بڵێم یەکلاکەرەوەیە، بەڵام شوێندانەری زۆری هەیە.

*والاپرێس: مانای وایە کە تۆ وا هەستدەکەیت مامۆستا عەبدوڵڵا تەهیدی ئەم یەکگرتنەوەیە ناکات؟*

**هیجری:** تا ئێستا لە نووسین و هەڵوێستەکانیدا جددیم نەدیوە بۆ یەکگرتنەوە.

*والاپرێس: ئەمەش مەترسییەکە لەسەر یەکنەگرتنەوە؟*

**هیجری:** بەڵێ.

*والاپرێس: لەهەرحاڵدا ئەگەر قەرار بێت یەکبگرنەوە چەند کادرێک لە دەرەوە بمێیننەوە مانای وایە ئێوە هیچتان نەکرد ئەگەر چەن کەسێکیش بن؟*

**هیجری:** بەڵێ وایە، ڕاستە ئەگەر یەکگرتنەوە بێت دەبێت یەکگرتنەوەیەک بێت وەکو دوای ئەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە کۆنگرەی نۆدا یەکمانگرتەوە بەهەموویەوە یەکمانگرتەوە، دەنا ئەگەر لەگەڵ جەمعێک یەکبگرینەوە جەمعێکی دیکە بە هەر هۆیەک ناڕازی بمێننەوە کێشەکە چارەسەر نابێت.

***لای واڵاپرێس:** کۆمەڵەکان محاوەلەیەکی وا هەیە ئێوە چاو لەوان دەکەن یان ئەوان چاو لەئێوە دەکەن کە خۆیان کۆبکەنەوە، وە ئەم خۆکۆکردنەوەی ئێوەو ئەوانیش لەلایەنی نەتەوەییەوە هێشتا دوو هێزی سەرسەخت و منافسی یەکترن هەرکامتان دەتانەوێت خۆتان تەقویەو بەهێزبکەن لە داهاتووی ئێراندا دەورو ڕۆڵ و سیاسەتی ڕەنگرێژتری باشترتان هەبێت؟*

**هیجری:** ئەوەی کە ئێمە چاو لەوان بکەین، نا ئێمە چاو لەوان ناکەین، وەکو عەرزم کردی ئێمە بەقەناعەتەوە بەلێکدانەوەوە گەیشتووینەتە ئەو سیاسەتە کە دەبێت لەیەک نزیکبینەوە چ لەگەڵ لایەنی کە لەحزبی دیموکرات جودابوونەوە چ لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی وەکو کۆمەڵە، بەڵام ئەوەی کە منافەسە دەبێت و هەرکەسە دەیەوێت جێپێی خۆی قایمتر بکات خەڵکێکی زۆر بەدوای خۆیدا کۆبکاتەوە شتێکی زۆر تەبیعییە هەموو حزبێک مافی خۆیەتی لەڕێگەی دیموکراتیک و لەڕێگەی دروستەوە بتوانێت ئەو کارە بکات، ئەوە بە حەقی هەموو کەسێک و هەموو حزبێک دەزانم.

***واڵاپرێس:** ئەمەڵێکت هەیە لەم نزیکانە یان مدەتێکی زەمەنیم پێ دەڵێیت کە دوو حزبی دیموکرات یەکبگرنەوە؟*

**هیجری:** کاتەکەی ناتوانم دیاریبکەم، بەڵام ئێمە پرۆسەکە لەلایەن خۆمانەوە درێژەپێدەدەین تا ئەوکاتەی کە بگەین بەو قەناعەتەی کە یەکگرتنەوەکە نابێتە هۆی جودابونەوەیەکی دیکە، ئەوکات بڕیاردەدەین بۆ یەکگرتنەوە.

***واڵاپرێس:** گلەیەکتان لێدەکرێت لە ئێوە، لە کۆمەڵەکان، کە جیابونەوەکانتان زیاتر لەسەر پۆست و پلەو پارەو بەرژەوەندیە، ئێوە جیاوازییەکی فکری و ئایدۆلۆژیتان نییە؟*

**هیجری:** نا، بەبۆچوونی من لانی کەم نێوان ئێمەو کاک خالیدو ئەوان هیچ جیاوازییەکی بیروبۆچوونی فکری بەو

شکڵەی کە ببێتە هۆی جودابوونەوە نیمانە، نە ئەو دەمی بوومانە، نە ئێستا هەمانە.

**والاپرێس:** *جیاوازیەکی فکریتان نییە، گلەیی ئەوەتان لەسەرە کە زۆرتر بەرژەوەندی و دەسەڵات بوو؟*

**هیجری:** بەڵێ، ڕاستە بەرژەوەندی و دەسەڵات چونکە ئەو لایەنەی جودا دەبێتەوە ئەگەر مەسەلەی جیاوازی مەسەلەیەکی گرنگی سیاسی نەبێت بێجگە لەمەسەلەی پۆست و مەنسەب هیچی تری تێدا بەستە نیە ئەوەی ئێستا من بۆ مێژوو دەڵێم ئەگەر لەکۆنگرەی ١٣ی ئێمەدا ئاڵوگۆڕێک لە ڕێبەرایەتی حزبدا نەهاتبێتە پێشێ، ئەو لایەنە جودا نەدەبونەوە، بەڵام هەندێک لەوانە هەڵنەبژێردرانەوە، بۆیە جودا بوونەوە

**والاپرێس:** *مەبەست عەبدوڵلا حەسەن زادەیە؟*

**هیجری:** تەنیا ئەو نەبوو

**والاپرێس:** *واتا پێتوایە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە ئەوان بیانبردایەوە ئەم ئینشیقاقە ڕوینەدەدا؟*

**هیجری:** سەد لە سەدرووی نەدەدا.

**والاپرێس:** *ئەی بۆ نەتکرد بۆ خاتری ئەوەی ئینشیقاق نەبێت؟*

**هیجری:** باشە ئەوە نەتیجەی کۆنگرە بوو ئەوە سازان نەبوو، ڕەنگە من بۆ خۆشم پێشبینی ئەوەم نەکردبێت، بەڵام کۆنگرە لە نوێنەرانی ئەو حزبە لە بەدەنە هەڵدەبژێرێت پێک دێت، وەک عەرزم کردی ئەوان ئەو دەمی لە ڕێبەرایەتی حزب ئەکسەریەت بوون بەرنامەی کاری کۆنگرەو بەڕێوەبردنی کۆنگرە لەژێر چاودێری ئەوان بەڕێوەدەچوو، بۆیە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە پەسند کرا، ئەوان وەک باقی نوێنەران مەشروعیەتی کۆنگرەیان پەسند کردپێشبینی ئەوە نەدەکرا ئەوان لە ئەکسەریەت نەمێنن بێجگە لەوە لە ڕێبەرایەتی حزبدا شتێک نەبوو کە لە نێوان من و ئەوان بێت تاکوو پێکەوە لەسەری بسازێین.

**والاپریس:** کاک مستەفا ماڵپەڕێکی تورک دەڵێت هەردوو دیموکرات (٦٠٠٠) هەزار پێشمەرگەیان ناردوە بۆ پشتیوانی کوردەکانی سوریا، دەزانم ئەڵێی ئەمە ڕاست نیەو دیعایەی تورکیایە؟

**هیجری:** بەڵێ دیعایەی ئەو ماڵپەڕەیە.

**والاپریس:** بەڵام ئەگەر کوردەکانی ڕۆژئاوا پێویست بکات ئێوە ئامادەن بۆ هاوکاریەکی وا؟

**هیجری:** ئەگەر کوردی رۆژئاوا بەعام داوابکەن ئێمە چی لەدەستمان بێت لەخزمەتیانداین.

**والاپریس:** بەڵام ئەگەر پەیەدە داوا بکات نایکەن؟

**هیجری:** هیچ حزبێک، نەک پەیەدە، هیچ کامیان بە تەنیا، داوا بکەن نایکەین.

**والاپریس:** کاک مستەفا لەسەر ئەم خەبەرەی بڵاوکراوەتەوە لەسایتەکان چەند کۆمێنتێک هەیە ئەو کۆمێنتانە هیوادارم وەک دەڵێن بە ڕۆحێکی ڕیازی و پیاوێکی دیموکرات جوابی بدەیتەوە، یەکێک لەو کۆمێنتانە دەڵێت تورکەکان دوو نوقتە زیادیان داناوە لەو شەش هەزارە، واتە شەست کەستان ناردووە، وتا ئێوە خاوەنی شەش هەزار کەس نین؟

**هیجری:** لە هەلومەرجێکی ئاوادا گرنگ نیە شەست کەس یان شەش هەزار کەس یان شەست کەس بنێرین بۆ یارمەتی لایەنێکی کوردی، موهیم هەڵوێستی سیاسییە لەوکاتەدا، بۆیە من ئەو کۆمێنتە نەک پێی ناڕەحەت نیم، بەڵکو پێموایە ئەگەر شەست کەسیش بنێرین بۆ خۆی هەڵوێستێکی سیاسییە، بەڵام خەبەرەکە لە بنەڕەتدا ناراستە.

**والاپریس:** کۆمێنتێکی تریان دەڵێت دیموکراتییەکان خاوەنی ئەرکێکی وا نیشتیمانی نین تا پێیهەستن؟

**هیجری:** قسە ئازادە هەر کەس دەیکات، ئەگەر دیموکرات خاوەنی هەستی نەتەوەیی نەبێت کە ئێستا شەست و

چەن ساڵە لەو ڕێگەیەدا خەبات دەکات ئەو هەموو پێشمەرگەو سەرکردەو ئەندامەی شەهیدبووە، نازانم کێی دیکەیە کە دەتوانێ زیاتر لە حیزبی دیموکرات هەڵگری ئەو ئەرکە نیشتمانیە بێت؟.

***واڵاپرێس: کۆمێنتێکی تر دەڵێت ئەگەر حزبی دیموکرات و مستەفا هیجری ئەمەیان کردووە، ئەی ئەوەی لە چی کە لە تەلەفیزێنی ڕووداو بە پەیەدە دەڵێت دیکتاتۆرە تۆ شتێکی وات وتوە بە پەیەدە؟***

***هیجری:*** جا ئەوە چی بەسەرچیەوەیە، ئێمە ئەگەر یارمەتییەکمان نارد بۆ لایەنێک هەقمان نیە پێی بڵێین دیکتاتۆرە واتا دەبێت زمانمان ببەستین، دیارە من نەموتووە دیکتاتۆرە، بەڵام من ئەو ڕەخنەیەم هەبووە لەسەر کوردستانی خۆرئاوا کە پێکەوە ناسازێین لەحاڵێکدا کە ئێستا ئەو کوردستانە لەژێر فشاردایە، بەڵام هەموو لایەنەکان ناتوانن پێکەوە هێزەکانیان کۆبکەنەوە لەسەریەک و بچن لەوێدا دیفاع بکەن رەخنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیەدە، خۆ پەیەدە خۆشی ئەو راستیەی نەشاردوەتەوە کە ئێزن بە لایەنەکانی دیکە نادا بەشداری شەڕ بەرگری لە خاکو وڵاتەکە خۆیان بکەن.

***واڵاپرێس: کۆمێنتێکی تر دەڵێت پەکەکەو پژاک دەڵێن دیموکرات ئۆردوگانشینە، ئەگەر ئۆردوگانشینە بۆ داوای هاوکاریت لێدەکەن؟***

***هیجری:*** ئۆردوگانشینی ئەگەر دانیشتبین پاڵمان لێدابێتەوەو هیچ نەکەین ڕەنگە ئەو قسەیە برێک ڕاست بێت، بەڵام کارو تێکۆشانی حزبی ئێمە هەر بەردەوامبووەو نەوەستاوە، پژاکیش وەک عەرزم کردی ئەوە دوو ساڵە ئاگربەستی لەگەڵ کۆماری ئسلامی ئێران ئیمزاکردوەو لە قەندیل دانیشتووە، فەرقەکەی ئەوەیە ئەو لە قەندیل دانیشتووە، ئێمە لێرە دانیشتووین، ئەگەر مەسەلە دانیشتن بێت.

***مە واڵاپرێس: بەستت ئەوەیە ئیمزاکردنی تاکتیکە؟ ئێران لەگەڵ پژاک دەیکات یان ئێران دەیەوێت دەستی پژاک ئاوەڵاتر بکات؟***

***هیجری:*** نازانم چیان دەوێت، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئاگربەستیان ئیمزاکردوەو دوو ساڵە هیچیش ناکەن (بە پێکەنینەوە).

***واڵاپرێس: بەوەدا پێدەکەنی دیارە شتێک دەزانی کە لەنێوان ئێران و پژاک هەیە؟***

**هیجری:** من عەرزم کردی مەسەلەی پژاک مەسەلەی پەکەکەیە، پەکەکە پێی وتووە ئاگربەستەکە ئیمزا بکە، ئیمزای کردووە، ئەگەر سبەینێ بڵێ بیشکێنە، دەیشکێنێ.

***واڵاپرێس: کۆمێنتێکی تر دەڵێت هەردوو دیموکرات شەڕی خۆیان ڕاگەیاندووە لەگەڵ پەیەدەو پژاک و پەکەکە ئیتر هاوکاری چی واتا شەڕێکت هەیە؟***

**هیجری:** هیچ شەڕێکمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردی نیە، بەڵام لەهەمان حاڵدا خۆمان بەملکەچی هیچ لایەک نازانین و هەر لایەنێک ئەگەر ڕەخنەمان هەبێت زۆر بەڕاشکاوانە ڕەخنەی خۆمان دەڵێین و ڕەخنەگرتن بەمانای دوژمنایەتی و بەربەرەکانی نیە، پێموایە هەر هێزێکیش خۆی بە دیموکرات بزانێت دەبێت گوێی لە ڕەخنە بێت.

***واڵاپرێس: پاش دیدارەکەی تۆ لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ڕووداو لەم ڕۆژانەدا پژاک تۆی بەهاوهەڵوێستی لەگەڵ قاعیدەی تیرۆریست تۆمەتبار کردووە ڕاگەیاندنێکیان داوە کە مستەفا هیجری لەگەڵ قاعیدە هاوهەڵوێستە بەوپێیەی کە تۆ وتوتە پەیەدە دیکتاتۆرە، ئەم بۆچوونە پێتوایە کارێکی نابەجێیە؟***

**هیجری:** لەمێژە ساڵە گوێمان لەو شێوە دەربڕینانە دەبێ لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا ئێمە کە داوای سەرەتایترین مافەکانی گەلی کورد دەکەین خەباتی بۆ دەکەین پێمان دەڵێن ئەوە نۆکەری ئیسرائیلە، ئەوە نۆکەری ئەمریکایە، نازانم سەردەمێک دەیانگوت نۆکەری سۆڤیەتەو عادەتمان گرتووە بەو بەرچەسپانە پێی نارەحەت نابین، ئەوە لە بۆچوون و فکری بەرتەسکی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تەنیا خۆیان بە راستو حەق دەزانن و باقی دیکە بە ناحەقو نارەوا، بەو پێیە دەبێ هەموو کەس ملکەچیان بێ و تەنیا پێیان هەڵبێت ئێمە هەر ئەوکاتەی فتوا دراوە دژی کوردی سوریا دەفتەری سیاسی ئێمە بەیاننامەی داوە وئەوەمان مەحکووم کردووە لەوێشدا داوامانکردووە هێزەکانی کوردی سوریا بەهەماهەنگی و پێکەوە بتوانن لەبەرامبەر ئەو هێزانەدا بەربەرەکانی بکەن.

***واڵاپرێس: بۆچوونێک هەیە کە هێزەکانی ڕۆژئاوا کوردەکانی ڕۆژئاوا دابەشبوون بەسەر سلێمانی، هەولێر، قەندیل واتە مەبەستم ئەوەیە یەکێتیی و پارتی و پەکەکە دەخالەت لەئیشی ئێوە دەکەن یان هەر یەکێک لەوانە***

***وابەستەیە بەمانەوە، پێتوایە ئەمە ئەگەر ڕاستە تا چەند کاریگەری دەبێت یان زەرەر دەدات لە کوردەکانی ڕۆژئاوا؟***

**هیجری:** من پێموایە هەریەک لە پارتی و یەکێتیی کاریگەریان هەیە لەسەر هێزەکانی کوردی ڕۆژئاوا، ئەوەش زەرەری داوە لە یەکگرتوویی کورد لەو بەشەدا.

***واڵاپریس:*** ***لەکوردستانی باشوور تا کەی ئێوە لێرە ئۆردوگانشین دەبن، من هەستدەکەم نارەحەتی دەبینم بەدەموچاوی تۆوە، ڕاستە تۆ پێتوایە کوردستان موڵکی هەموو کەسێکە، بەڵام لەوانەیە جاروباریش وا بیرکەیەوە تا کەی ئێمە ئۆردوگانشین بین و لەوانەیە گلەیت لە یەکێتیی و پارتی هەبێت، لەماوەی ڕابردوودا قوربانی زۆرتان داوە ئێوە زیاتر لە ٣٠٠ کەستان تیرۆر کراوە لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا یان لەو ناوچە جوگرافییە دوو سکرتێرەت شەهیدبووە ئەرک و کاری ئەو هەموو خێزان و خانەوادەیە بەسەر شانی تۆو حزبەکەتەوەیە، بەهەمانشێوە حزبەکانی تریش تا کەی وا دەبن، ئێستا باسی یەکگرتنەوەت کرد خەباتی چەکداری ناکەن و ڕێگا نیە بچنەوەو بەرەی جەبهەتان نییە لەپشتەوە ئەمریکا ئێوەو هەموو مەنتیقەی ئێرانی لە چاوەڕوانیدا هێشتووەتەوە، دەمێک سازش دەکات، دەمێک هێرشدەکات بیر لەچی دەکەیەوە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخ و قەیرانانە؟***

**هیجری:** ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە ئێرەمان هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی کە لێی بمێنینەوە یان هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵبژاردنی خۆمان نەبوو، وەزعیەت و هەلومەرجەکە وایلێکردووە کە ئێمە لەو مەنتیقەدا جێگیربین، ئەوەش چونکە بۆ خۆمان دیاریمان نەکردووە، بۆ خۆمان هەڵنەبژاردووە، پێمان ناخۆشە مانەوە لێرە، ئێمە هەمیشە چاوەڕوانین و ئیشدەکەین بۆ ئەوەی ڕۆژێک بگەڕێینەوە ناو خەڵکی خۆمان لە کوردستانی ئێراندا، لەنێو ئەواندا ئیشی خۆمان بکەین، ئەرکی ئێمەش ئەوەیە، بەڵام ئەو وەزعیەتە شتێک نییە کە بۆ خۆمان بەتەنیا بتوانین بیگۆڕین،دەبێت هەلومەرجەکە موناسب بێت لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێمان ناخۆشە لێرە بمێنینەوە، لێرە ماندووین، خەڵکەکەش هەر ئەو چاوەڕوانییەی هەیە، بەڵام ئەوە شتێک نییە بەتەنیا بەهێزو توانای ئێمە جێبەجێ بێت، بۆیە عەرزم کردی لەپرسیارەکانی پێشوشدا ئێمە چاوەڕوانین فرسەتێکی مناسب لەو پێوەندەدا بێتەپێشێ تا بتوانین لەنێو خەڵکی خۆماندا حزورمان هەبێت.

***واڵاپرێس: شتێک لەخەیاڵتدایە کەی دەڕۆیتەوە بۆ کوردستانی ئێران؟***

**هیجری:** وەکو ڕێکەوت ناکرێت ڕێکەوتەکە دیاریبکەین، بەڵام من گەشبینم کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هەموو زوڵم و زۆرو پارەی زۆرو ئیدۆلۆژییەکی دواکەوتووانە بە سەرکوت و زەبروزەنگ توانیویەتی خەڵکی تائێستا ڕابگرێت، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی مەنتیقە ئاڵوگۆڕەکانی دنیا،نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێراندا، هەروەها وەزعیەتێکی ناموناسبی کۆماری ئیسلامی کە لە ئاستی نێونەتەوەیدا هەیەتی، بەبۆچوونی من ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دورو درێژ درێژە بەو دەسەڵاتە بدات و ئەوکاتەش دێت کە ئێمەش لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی ئێران لەناو خەڵکی خۆماندا بین.

***واڵاپرێس: لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران یەکەم شوێن کە تۆ دەچی کوێیە کە دەگەڕێیتەوە؟***

**هیجری:** هەر شارێک بۆ کارو تێکۆشان موناسبتر بێت، لە ئێستاوە دیاریکردنی زەحمەتە.

***واڵاپرێس: لە خەیاڵت نییە؟***

**هیجری:** وەک خۆم پێموایە لەداهاتوودا کرماشان ببێتە ناوەندی کوردستانی ئێران.

***واڵاپرێس: ئەچیتە کرماشان یەکەم شار ئەگەر بۆت دەست بدات؟***

**هیجری:** بەڵێ، چونکە پێموایە کرماشان گەورەترین شاری کوردە.

***واڵاپرێس: پرسیارێک بکەم ببورە ئەگەر جەنابت لە تاراوگە شەهیدبووی، هیوادارم تەمەن درێژبیت، حەز دەکەی لە کوێ بتنێژن؟***

**هیجری:** پێم خۆش نییە لە تاراوگە شەهید بم.

***واڵاپرێس: دەڵێم ئەگەر بارودۆخەکە ئاوا ڕۆیشت؟***

**هیجری: ئەگەر بارودۆخەکە ئاوا ڕۆیشت و من نەمام، حەتمەن وەسیەت دەکەم بمبەنەوە کوردستانی ئێران.**

***واڵاپرێس: ڕێگا نادات جموری ئیسلامی؟***

**هیجری: دوای جمهوری ئیسلامی.**

***واڵاپرێس: مەبەستم ئەوکات جمهوری ئیسلامی بۆ نموونە تۆ تەسەورت نەدەکرد شەهید قاسملو شەهید بێت، بەڵام تەرمەکانیان لە پاریسە تۆ دەتەوێت لە کوێ بتنێژن؟***

**هیجری: من دەمەوێت لێرە، لە کوردستان بمنێژن تا ئەو کاتەی دەکرێ تەرمەکەم بگەڕێننەوە کوردستانی خۆرهەڵات.**

***واڵاپرێس: لە کوێ لە چ شارێک هەر لە کۆیە؟***

**هیجری: بەڵێ هەر لە کۆیە.**

***واڵاپرێس: شوێنێکی ترت پێ باش نییە؟***

**هیجری: نا کۆیەم پێ باشترە، چونکە زۆرتر هەر لێرە ماوینەتەوە.**

***واڵاپرێس: ئەگەر کوردستانی ئێران ڕزگار بوو حەتمەن دەتەوێت لە شارەکەی خۆت بیت لە تەنیشت قازی و قاسملو.***

**هیجری: بەڵێ، بەس من خەڵکی مەهاباد نیم.**

**والاپرێس:** *تۆ ڕۆژانە دەخوێنیتەوە؟*

**هیجری:** بەڵێ ئەوەندەی فرسەتم بێت دەخوێنمەوە.

**والاپرێس:** *چی زۆرتر دەخوێنیتەوە؟*

**هیجری:** زۆرتر دوو شت دەخوێنمەوە، یەکەم بەیانیان کە دێمەسەر ئیش لە پێشدا ئەو هاوڕێیانەی کە لێرە کارم لەگەڵ دەکەن لە ماڵپەڕەکاندا ئەو خەبەرانەی کە گرنگن بە کوردستان و ئێران بۆم دەهێنن ئەوانە دەخوێنمەوە، بێجگە لەوەی لە ماڵەوە بێت هەرچەن ئیشم زۆرە هەرچەند فرسەتم بێت کتێب دەخوێنمەوە.

**والاپرێس:** *ئەوەی لە زەینتا بێت کتێبێک کە لە گەنجییەوە خوێندبێتەوە کاریگەری لەسەرت هەبووبێت چییە زۆر تەئسیری هەبووبێت؟*

**هیجری:** زۆر کتێبی وا هەیە کە تەئسیریان داناوە لە سەرەتاوە تائێستا.

**والاپرێس:** *ڕۆژنامەکانیش بەردەوام دەخوێنیتەوە؟*

**هیجری:** بەردەوام هەموویان نا، بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی کە خەبەرێکیان تێدایە بۆ خوێندنەوە ببێت ئەو برادەرانە بۆم دەهێنن.

**والاپرێس:** *حەزت لە چ ڕەنگێکە لە ژیانتدا، ڕەنگێکی تایبەت هەیە؟*

**هیجری:** ڕەنگی سورمەیی زۆرتر دڵم پێوەیەتی.

**والاپرێس:** *چ شتێک لای تۆ زۆر موقەدەس و پیرۆزە لە ژیانتدا؟*

**هیجری:** ئامانجەکانم کە ڕزگاری نەتەوەی کوردن، بەگشتی بۆ من زۆر موقەدەسن.

***واڵاپرێس:*** ***چەندجار تائێستا هەوڵی تیرۆرکردنت دراوە؟***

**هیجری:** ئەوەندەی بۆ خۆم دەزانم دوو جار، بەڵام بە نهێنیش زۆر بووە.

***واڵاپرێس:*** ***ئێستاش هەوڵی تریش هەیە؟***

**هیجری:** ئێستاش هەوڵ هەیە هەوڵی زۆر جدی هەیە.

***واڵاپرێس:*** ***تۆ ئەو هەموو مەسئولیات و دوژمنەکەشت گەورەیە شەوان بەئاسودەیی دەخەوی یان هەمیشە بە ترسەوە دەخەوی و هەمیشە نیگەرانی؟***

**هیجری:** ترس نا، بەڵام نیگەرانی هەیە عادەتمان گرتووە بەو نیگەرانییە دەیان ساڵە لەوحاڵەدا دەژیم لەژێر بۆمباراندا لەژێر مەترسی تیرۆردا.

***واڵاپرێس:*** ***ناترسی؟***

**هیجری:** نەوەڵڵا.

***واڵاپرێس:*** ***واتا هیوایەتێکت هەیە لە ژیاندا؟***

**هیجری:** هیواکەم ئەوەیە کوردستانی ئێران ڕزگاری بێت، منیش بگەڕێمەوە واز لە سیاسەت بهێنم و بتوانم ماوەی ژیانم بحەسێمەوە.

***واڵاپرێس:*** ***ئەو قسەیەی تۆ سەرنجم بۆ شتێک ڕادەکێشێت فیدڵ کاسترۆ کاتی خۆی وای وت کە شۆڕشی کرد لە***

***دارستانەکانداو وتی دەگەڕێمەوەو بۆ خۆم دادەنیشم، پێموایە خەڵکانی تریش وایان وت، من هەستدەکەم تۆش هەمان قسە دەکەیتەوە، پێم وانییە وازبهێنیت لە دەسەڵات چ گرەنتییەک دەدەی بە من کە سبەینێ وازدەهێنی لە دەسەڵات؟***

**هیجری:** هیچ گرەنتیەک نییە، بەس بیروبۆچوونی خۆمە، بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم پێموایە درێژەدانی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە لە سەرکردایەتیدا نە بە قازانجی ئەو کەسەیە نە بە قازانجی جوڵانەوەکەیە، ئەوەش کە تائێستا من ئەو بەرپرسیاریەتییەم قبوڵکردووە، ڕاستییەکەی لەبەرئەوە نییە پێمخۆشە، لەبەرئەوەیە زەروریەتەکە هەستپێدەکەم لەگەڵ ئەو ئیعتیمادو باوەڕەی حزبەکەم داویەتی بە من، دەنا شتێک نییە کە من پێم خۆشبێت، ئیستاش پێم خۆشە لە کۆنگرەیەکی دیکەدا یان لە کۆمیتەی ناوەندیدا یەکێکی دیکە هەبێت لە جێگای دابنیشێت. لەو باوەڕەدام ئەوانەی لە تەمەنی سەرکردایەتیدا تەمەنیان دەچێتە سەرێ جێگەی خۆیان بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی جیلی گەنج کار بکەن و پێبگەن، کەسایەتییەکان لەناو کورد دا نەبەسترێنەوە بەوەی چەند کەسێکی دیار هەمیشە لە دەسەڵاتدا بن.

***واڵاپەرێس: من هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا تۆ بەڵێنەکانی خۆت بەریتەسەر لە داهاتوی ڕزگارکردنی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کە ئەوە ئاواتی بەڕێزتانەو لە دەسەڵات بێیتە خوارەوەو جێگا چۆڵبکەیت بۆ خەڵکی تر بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نموونەیەکی جوان بیت و هیوادارم لە داهاتوویاکی نزیکدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دیدارێکی وا ڕۆژنامەوانی سازبکەین و هیوادارم لەوێش دەرگاکەت وا کراوەبێت و وا سادە بژیت لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، نەک وەک ئەوەی چەند نموونەیەکم هەیە پێشتر کە بارودۆخەکە تەواو گۆڕاوە لای کەسەکان کە دەچنە پۆست و دەسەڵات هیوادارم وا بە سادەیی بمێنیتەوە.***

**هیجری:** من پێموابێت هەروا دەمێنمەوە، چونکە پێمخۆشە ئەوەت عەرزبکەم من پێشئەوەی ببمە ئەندامی حزبی دیموکرات چاوەڕوانی ئەوەم نەبوو بێمە ڕێبەرایاتی حزب پێشمەرگەیەک بوم پێشتریش کەسایەتییەک بوم لە شاری خۆم ئیمکاناتم هەبووە، هەموو ئیمکانتێکم هەبووە لەناو خەڵکەکەی خۆمدا خۆشەویست بووم، مامۆستایەک بووم کە لەگەڵ گەنجەکان تێکەڵاویم هەبووە، ئەو دەمیش هەڵسوکەوتم لەگەڵ گەنجەکان جیاوازی هەبوو لەگەڵ مامۆستاکانی دیکە پێم وابێت هەندێک تایبەتمەندیم هەبووە کە لە داهاتووشدا ئاڵوگۆڕێک بێتەپیشێ ئەو ژیانەی خۆم ناگۆڕمەوە بە ژیانێکی دیکە.

**والاپرێس:** *ئەگەر ناوی سیانی خۆتم پێ بڵێی؟*

**هیجری:** ناوم مستەفا محەمەد ئەمین ناسراو بە مستەفا هیجری

**والاپرێس:** *لە دایکبووی؟*

**هیجری:** ٣ - ٣ - ١٩٤٥

**والاپرێس:** *لە شاری؟*

**هیجری:** نەغەدە.

**والاپرێس:** *پلەی خوێندن؟*

**هیجری:** بەکالیۆرسم لە زمان و ئەدەبی فارسیدا لە دانشگای تاران تەواوکردووە

**والاپرێس:** *خێزانداری؟*

**هیجری:** بەڵێ، چوار منداڵم هەیە، دوو کچ و دوو کوڕ.

**والاپرێس:** *هیچ کتێبێکت هەیە نووسراو؟*

**هیجری:** فرسەتم نەبووە

**والاپرێس:** *جگە لە زمانی کوردی و فارسی چ زمانێکی تر دەزانی؟*

**هیجری:** بڕیک ئینگلیزیو زمانی تورکی ئازەربایجانی.

***واڵاپرێس: پاسپۆرتی بیانیت هەیە؟***

**هیجری:** بەڵێ

***واڵاپرێس: جنسیەی وڵاتێکی ترت وەرگرتووە؟***

**هیجری:** بەڵێ

***واڵاپرێس: ساڵی چەند پەیوەندیت کردووە بەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە؟***

**هیجری:** ساڵی ١٩٨٠ دوای ڕوخانی ڕژێمی شا

***واڵاپرێس: ساڵی چەند یەکەم دەورە بووی بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟***

**هیجری:** ساڵی ١٩٨٠ کاتێک کۆنگرەی حزبی دیموکرات کۆنگرەی چوارەم لە مهاباد پێکهات لەوێ من هەڵبژێردرام وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

***واڵاپرێس: لەو دەورانەدا هەمووی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بوویت؟***

**هیجری:** بەڵێ دوای شەهیدبوونی د.سەعید من بووم بە سکرتێری حزب، بەڵام لە کۆنگرەی دوایدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بوو بە سکرتێری حزب من وەک جێگری مامەوەو کارەکانم درێژە پێدا.

***واڵاپرێس: تۆ لەکەیەوە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کۆنگرەی چەندەوە، ساڵی چەند؟***

**هیجری:** له كۆنگرەی سیانزەوه ئێستا دەبێته ده ساڵ

***واڵاپرێس: كاك مستەفا زۆر سوپاس دەبێت بمبەخشی قسەكانمان زۆر بوو بەس هیوادارم دیدارێكی باش بووبێت***

**هیجری:** زەحمەتتان كێشا زۆر سوپاس بۆ ئێوه.

"واڵاپرێس" ژماره ٦٦ - ١٧ و ٢٥ - ١٢ - ٢٠١٣

## بارزانی کوڕ، چاو لە بارزانی باوک بکات...؟!

ئەوکاتەی کۆماری مهاباد لە رۆژهەڵات پێویستی بە هاوکاری پارچەکانی تر بوو، جەنابی مەلا مستەفای بارزانی بێ دوودڵی خۆی و هێزەکەی، خۆیان گەیاندە لای پێشەوا قازی محەمەد، وەکو لە مێژووشدا باسکراوە، قازی رۆڵی بارزانی بەرز نرخاندووە.

کەچی دوای تێپەڕبوونی حەوت دەیە بەسەر ئەو مێژووەدا، بارزانی کوڕ، وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کوڕی بارزانی، هەستناکرێت ئەم میتۆدەی باوکی لە هەمبەر رۆژهەڵات وەکو پێویست پاراستبێت، ئەوە لەکاتێکدا بارزانی باوک بەئیمکانیاتی کەم، بەڵام بە ورەیەکی بەرزی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەو هەنگاوەی نا.

بارزانی بە چەک و جبەخانەی سادە، بڕیاری داکۆکی لە پێشەوا قازی دا، کەچی ئێستا بارزانی کوڕ، بە ئیمکانیات و دەسەڵاتێکی زۆرو زەوەندەوە، کە سەرۆکی هەرێمێکی دەوڵەمەندەو بودجەکەی ساڵانە نزیکەی (١٤ - ١٧) ملیار دۆلارەو خاوەنی سوپایەکی بەهێزو پۆشتەو پەرداخە، کەچی رۆژهەڵاتیەکان برسی و تینوون.

رەنگە ئەو داوایە قورس بێت بچێتە مهاباد، بەڵام لەسەر رێبازەکەی باوکی ئاسان و بێ زەحمەتە، تەنها جارێک سەردانی (کۆیە) و (زرگوێز) بکات، دەکرێت دوور لە چاوی میدیاکانیش ئەو سەردانە بکات تا گلەیی نەیەتەسەر.
بەڕێز بارزانی:

دەپرسم...

- ئایا جەنابت مەلەفێکت لا هەیە، ناوی (مەلەفی رۆژهەڵاتی کوردستان یان مەلەفی کوردەکانی ئێران و حزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵات بێت..؟)
- ئایا بەڕێزت، راوێژکاری تایبەتت هەیە، بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی کوردستان؟ وەکو چۆن دەبیستم راوێژکارت بۆ رۆژئاوا هەیە؟

- ئایا پەیوەندی بەڕێزت وەکو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیوەندییەکی سیاسی و گەرموگوڕو دۆستانەیە لەگەڵ هێزەو حزبە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات، کە لانیکەم نوێنەرایەتی زۆرینەی کوردەکانی ڕۆژهەلات دەکەن...؟

من گومانم هەیە، کە هیچ کام لەمانەت نییە، ڕەنگە هۆکاری سەرقاڵیت بێت..؟

ئەگەر ئەوانەت هەبێت، (هیوادارم من هەڵە بم)، خۆ ئەگەر نیتە، گرنگە لە زووترین کاتدا دەستیان پێبکەیت. بۆچی بەگومانم..

چونکە، هەر ئێستا نزیکەی (٥٠٠٠) کەس لە پێشمەرگەو لایەنگرو دۆستی (هەردوو حزبی "دیموکرات"ـەکان، هەر پێنج "کۆمەڵە"ـەکان، هەردوو سازمانی خەبات، هەردوو پارتی ئازادی و یەکێتی شۆڕشگێڕان و پژاک و کۆدار...) لە ئۆردوگاکانی (زڕگوێز، زڕگوێزڵە، کۆیە، قوشتەپە،....) و شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لە خراپترین حاڵ و گوزەران و بارودۆخدا ژیان دەگوزەرێنن و بەسەردەبەن، کە هەندێکیان نەک سفرەی خواردنی ڕۆژانەیان خاڵییە، بەڵکو ناتوانن شیری منداڵە ساواکانیان دابینبکەن، ئەویش بەهۆی نەدانی هاوکاری و یارمەتی حکومەت و لایەنەکان بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگە.

بەڵام خۆت باش دەزانیت لەم هەرێمە پڕ دۆلارو نەوت و سەروەت و سامانەدا، کە سەدان ملیاردێرو ملیۆنێری سێبەرو لەپرتاو ئاسای تێدا دروستبووەو ڤێلاو کۆشکە هەوربڕەکانی بەرپرسانی حزبی و حکومی سەری لە ئاسمانەو ڕۆژانە بە هەزاران تۆن خۆراک بەهۆی زیادە مەسرەفیەوە فڕێ دەدرێت.

لەم هەرێمەدا کە حزبەکەی بەڕێزت، و (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یش بە پلەی یەکەم بەرپرسن، مووچەو میزانیە دەدرێت بە گروپ و حزبی وا کە ناتوانێت کورسییەک بهێنێت یان ڕۆژێک بۆ کورد چۆڕاوگەی گوێسبانانی گوندەکانی کوردستان بە پشت ملیا نەچۆتە خوارەوە...!؟

یان بە تۆمەتی خۆپیشاندان لە هەولێر زیاتر لە دوو مانگ، چەند چالاک و هەڵسوڕاوی گەنجی کوردی خۆرهەڵات خرانە زیندان، وەزیری ناوخۆ هەڕەشەی دادگاییکردنیانی دەکرد، وەکو کەعبەیان بەردباران کردبێت،

**ئایا جەنابت ئاگاداری؟!**

ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە ڕێکخراوی کوردستان حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، داوای لە بەڕێزتـان و حکومەت کردووە بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی لە هەولێر، بەڵام بێ هۆکار وەڵامتان پێ نەداونەتەوە...؟!

یان بە هەزاران لەو کوردانە، کە بیست ساڵە لە باشوور دانیشتوون، خاوەنی ناسنامەو جنسیەو پاسپۆرت نین، لەکاتێکدا هەموو هاووڵاتیەک لە وڵاتی دووەم، بە پێنج ساڵ دەبێتە خاوەنی ناسنامە، ئیقامە، جنسیەو پاسپۆرت، ئایا جەنابت هۆکارەکەی دەزانیت؟!

من دڵنیام بەڕێزتان دەزانن کە سەرمایە، سەروەت و سامانی ئەم هەرێمە، لە هی تۆوە تا هی من، بەش و سەهمی هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵات و حزبەکانیانی پێوەیەو تێدایە، بۆیە نەنگی نییە ئەگەر داوای بکەن و بیاندرێتێ و داوای زۆریشیان نەکردووە، تەنها بۆ تێرکردنی سکی برسیان و بەردەوام بوون لەسەر بەرگری و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان و ئامادە نەبوون بە تەسلیم و کڕنوش بردن، بۆیە کە نزیکەی شەش مانگە، هاوکاری نەکراون بەبیانووی نەبوونی بوودجە!، زۆر ناعەدالەتیە ئەگەر بەراوردی باشووریەکان و ڕۆژهەڵاتییەکان لەوبارەوە بکرێت.
هەموومان باش ئاگادارین، کە لە کارەساتی هەڵەبجە، کۆڕەوی ١٩٩١ و شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و خەباتی پێشمەرگانەی بەڕێزت و پارتی و یەکێتیی، هەمیشە ڕۆژهەڵاتیەکان هاوکاری سەرەکی هەموو لایەک بوون و نانی سفرەی خۆیان و منداڵەکانیان کردووەتە توێشوی پێشمەرگەو هەموو لایەک.

بۆیە ئەرکی سیاسی، نیشتمانی، کوردایەتی، ئینسانی و حزبیشە، کە تا درەنگ نەبووە، بڕیاری دڵسۆزانە بدەن و لەگەڵیان دابنیشەو سەردانیان بکەو گوێیان لێبگرەو بچۆرە ناو ماڵە ساردوسڕو خانووە قوڕو دڵۆپەکردووەکانیان، کە چەندە سادەو ساردن، بەڵام پڕن لە حەماس و شۆڕشگێڕی و سەربەرزی و گەورەیی و چۆک دانەدان.
بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم، دڵنیم ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت گەورەیی بنوێنیت، هەموو ڕووداوەکانی ڕابردوو لەبیر بکەیت و وەکو بارزانی باوک ئەم هەنگاوە بنێیت، بۆ پشتیوانی و یارمەتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات، چونکە هێشتاش درەنگ نەبووە...؟!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٤

## لای نەقیبی رۆژنامەنووسان هێشتا خۆنیشاندان چەمکی سەردەمی بەعسی هەیە

***راقە:*** *هێشتا ئەو تێبینییە لەسەر سەندیکا هەیە کە کورتکراوەی بەرەی کوردستانییەو نوێنەری هەموو پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستانی تێدایە، واتە ئەوەندەی سەندیکایەکی حزبیە، ئەوەندە سەندیکایەکی رۆژنامەنووسی بێلایەنی پیشەیی نییە؟*

***بازگر:*** راستە نوێنەرایەتی حزبەکان ئەندامن تێیدا، بەڵام تارادەیەکی باش سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، ئەگەر خراپەیەک هەبێ هەموو سەندیکا لێی بەرپرسیار نییە، بەڵکو ئەندامانی نوێنەرە حزبییەکان بەرپرسن، بەڵام بێگومان نەیتوانیوە سەد لەسەد سەندیکایەکی پیشەیی بێت، کەدەبوو وابێت، ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە.

***راقە:*** *هێشتا ئەو تێبینییە لەسەر سەندیکا هەیە کە کورتکراوەی بەرەی کوردستانییەو نوێنەری هەموو پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستانی تێدایە، واتە ئەوەندەی سەندیکایەکی حزبیە، ئەوەندە سەندیکایەکی رۆژنامەنووسی بێلایەنی پیشەیی نییە؟*

***بازگر:*** راستە نوێنەرایەتی حزبەکان ئەندامن تێیدا، بەڵام تارادەیەکی باش سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، ئەگەر خراپەیەک هەبێ هەموو سەندیکا لێی بەرپرسیار نییە، بەڵکو ئەندامانی نوێنەرە حزبییەکان بەرپرسن، بەڵام بێگومان نەیتوانیوە سەد لەسەد سەندیکایەکی پیشەیی بێت، کەدەبوو وابێت، ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە.

***راقە:*** *تێبینی ئەوەش دەکرێت کەسیستەم و میکانیزمێک نییە بۆ ئەوەی سەندیکاو رۆژنامەنووس پێکەوە ببەستێتەوەو کارلێکو پەیوەندییان لەنێواندا هەبێت؟*

***بازگر:*** سەندیکا ویستوویەتی هەمیشە پردی پەیوەندی نێوان خۆیو رۆژنامەنووسان بێت، بەڵام بەشێکی ئەم نەکردەیە لەئەستۆی رۆژنامەنووسان دایە، کەوەک پێویست هاوکاری سەندیکایان نەکردووە، بەشێکیشی لەئەستۆی

سەندیکاو لقەکانیدایە، کەوەک پێویست نەتوانراوە لە ئاستی داخوازییەکانی ڕۆژنامەنووساندا بێت. بێگومان ناسنامە هەڵگرتن ناتوانێ ڕۆژنامەنووس بکاتە شتو سەندیکاش بەس بەمە پێش ناکەوێ.

***ڕاڤە: هێشتاکە لەکوردستان هەندێک گۆڤارو ڕۆژنامە بێ مۆڵەت دەردەچن، کەچی سەندیکا هیچ هەڵوێستی بەرامبەریان نییە؟***

**بازگر:** ڕاستە، نەقیب خۆی بەرپرسی ئەو ئیشەیەو مۆڵەتدان تەنهاو تەنها لای خۆیەتی، هەر کەس دێت بۆ مۆڵەت چەند کارێکی ڕۆتین دەکات و مۆڵەتی پێدەدرێت. کەدەبوو نەقیب ئەم مۆڵەتدانە بەموافقەتی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بدات، باوەڕ بکەن ئەوانەی تائێستا مۆڵەتیان وەرگرتووە گەر فلتەرێکی یاسایی هەبوایە، زۆربەیان مۆڵەتیان وەرنەدەگرت، بەداخەوە زۆربەی کەناڵەکان و ڕۆژنامەو گۆڤارە باشەکان مۆڵەتیان وەرنەگرتووە لەسەندیکا، چونکە پێیانوایە مۆڵەت وەرگرتن وەکو ئەندام وەرگرتنەکەی لێکراوە، کەراستدەکەن. ئێستا دوو ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) بە هەمان ناو بۆ دوو حزبی جیاواز مۆڵەتیان پێ دراوە کە دژی یاسای ڕۆژنامەگەریە؟ سەندیکاش کە هەڵوێستی نییە دەبێ بەڕێز نەقیب جوابداتەوە، چونکە ئەو لێی بەرپرسە و منیش پێموتووە هەق نیە مۆڵەت وا بدرێ بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و پێویستە فلتەر هەبێ.

***ڕاڤە: ساڵانە بەساردو سڕیو ئێهمالییەوە یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکرێتەوە، لەجیاتی ئەوەی سەندیکا خەڵاتی ڕۆژنامەنووسان بکات، کەچی لقو مەڵبەندو وەزارەتەکان ئەم کارە دەکەن؟***

**بازگر:** ئەمەش ڕاستە، چەندینجار داوامانکردوە کەسەندیکا لەم یادەدا چەندین ڕۆژنامەنووسی حزبیو ئەهلی چالاک، چەندین ڕۆژنامەنووسی کوڕو کچ خەڵات بکات، بەڵام هەمیشە چەند کەس دژی بوون، بەبیانووی ئەوەی ڕۆژنامەنووسان گلەییمان لێدەکەنو هاوڵاتیو ئاوێنە لەسەرمان دەنووسنو پارەنییە. بەڵام پارە هەیە ساڵانە ڕۆژنامەنووسی عەرەبو بیانی لەئەورووپاو وڵاتانی عەرەبییەوە دەیان هەزار دۆلاریان بۆ خەرجبکرێت.

***ڕاڤە: زۆرجار گوێبستی ئەوە دەبین کەفڵانە ڕۆژنامەنووسو فڵانە ڕۆژنامە لەئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی دەرچوونە، کەچی نەماندیوە ڕۆژێک لەڕۆژان سەندیکا ناسنامەی ڕۆژنامەنووسی، یان مۆڵەتی ڕۆژنامەوانی لەڕۆژنامەو گۆڤارێک وەربگرێتەوە؟***

**بازگر:** کردوومانەو زۆرجار شتی وابووە، وتومانە باناسنامە لەفڵانە کەس بستێنرێتەوە، بەڵام رێگری زۆربووە بەبیانووی جیاواز.

***راڤە: زۆرجار دەوترێت کەفڵانە رۆژنامە، یان رۆژنامەنووس سەر بەدەزگای هەواڵگری وڵاتانی دراوسێ، یان جیهانین، تەنانەت خۆت لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا وتت کە رۆژنامەنووسێکی کورد لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەمریکاوە داوای لێکراوە کەکاریان لەگەڵدا بکات، ئێوە تاچەند بەدواداچوونتان بۆ ئەم پرسانەکردووە؟***

**بازگر:** سەندیکا نەیتوانیوە بەفیعلی بەئیشی خۆی هەڵستێت، ئەگەرنا دەبوو ئەوانەی کەتۆ دەیڵێ بیکات، رۆژنامەنووس لەسەر ئەو شتانە گیراوە، بەڵام سەندیکا روونکردنەوەی نەداوە، یان زۆر شت روویداوە سەندیکا هەڵوێستی نەبووە.

***راڤە: ئەگەر رۆژنامەو رۆژنامەنووسێک دژی ئاسایشی نەتەوەیی‌و نیشتمانی بێت، ئێوە کاردانەوەتان چی دەبێت، یاسایەک هەیە کەلێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات؟***

**بازگر:** دەبێ حکومەت ئیجرائات بکات، بەڵام خۆ تائێستا دیار نییە چی ئاسایشی نەتەوەیی‌و نیشتمانیە؟ خۆ ئەگەر بەوردی دەستنیشانبکرێت رەنگە حزبەکان خۆشیان بچنە ژێر ئەم پرسیارەوە، چ جای سەندیکای رۆژنامەنووسان و رۆژنامەنووسان.

***راڤە: یاسای رۆژنامەنووسی هەر تایبەتە بەبواری نووسین، ئایا بیرتان لەوە نەکردووەتەوە کەیاسایەک بۆ بوارەکانی بینین‌و بیستراویش ئامادەبکەن؟***

**بازگر:** ئەم یاسایە بە حیساب بۆ هەر پێنج کەناڵەکە (رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەفزیۆن‌و سایت)ە، بەڵام دیقەت بدەی زۆرترین شتەکان بۆ رۆژنامە نووسراوە. سەندیکا نەیتوانیوە وەک پێویست بەم کارانە هەڵستێ کەدەبوو، یان ئەم کەناڵانە هەمووی لەخۆی کۆبکاتەوە، یان رێگا بدات سەندیکای تایبەت بەرادیۆو تەلەفزیۆنەکان دروستبکات، بەڵام هیچ کامیانی نەکردووە. بەڵام هیوادارم سەندیکای تری تایبەت بە رادیۆ و تەلەفیزیۆنەکان لە کوردستان دروستبێت. وەکو چۆن لە کەنەدا و یۆنان سەنیکای تایبەت بەخۆیان هەیە.

**راقە:** زۆرێک لەرۆژنامەنووسان ئەندامی سەندیکا نین، تەعامولی ئێوە لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسانە چۆنەو لەسەر چی بنەمایەکە؟

**بازگر:** ئاساییە وەکو ئەندامانی سەندیکا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، کەبەداخەوە زۆرینەی رۆژنامەنووسە چالاکەکان و کەناڵەکانی میدیای ئازاد ئەندام نین، خۆشیان راگەیاندووە کەهۆکارەکەی چیە نابن بەئەندام.

**راقە:** لەواقیعدا هێشتا رۆژنامەنووس حەسانەی نییە، ئیهانە دەکرێتو لێیدەدرێتو لەلایەن پۆلیسەوە بەبێ فەرمانی دادوەر دەگیرێت، کەچی کاری ئێوە وەکو سەندیکا هەر بووەتە بەیاننامە دەرکردن، کەی بەفیعلی هەڵوێست وەردەگرنو ئەو لایەنو دەزگاو بەرپرسانە دەدەنە دادگا؟

**بازگر:** بێگومان لەمە زیاتر ناکرێتو ئەو شتەی تۆ داوای ئەکەی موعجیزەیە کەسێک بدرێتە دادگا. بانموونەیەکت بۆ بێنمەوە، لەپاش هەڵبژاردنەکانی کوردستان کۆی گشتی ئەو پێشێلکاریانەمان بڵاوکردەوەو وێنەیەکیمان داوە بەجەنابی کاک مەسعود، بەڵام تائێستا وەڵامی نەبووە، وەزیری ناوخۆش پاش بڵاوکردنەوەی راپۆرتی چوارەمی لیژنەکە وتی لیژنە پێکدێنم، بەڵام تەنها بەڵێن بوو ئەوە سێ مانگە چاوەرێین. لەبەرئەوە نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کەسێک لەسەر رۆژنامەنووس بدرێتە دادگا.

**راقە:** یاسای رۆژنامەنووسی روونو ئاشکرا نییە، دەسنیشانی سیستمێک، ئالییەتێک ناکات کەپۆلیس و بازگەو دادگاو بەندیخانە، چۆنە تەعامول لەگەڵ رۆژنامەنووسدا بکەن؟

**بازگر:** بێگومان وایە، یاساکە تەنها بڕیارە، سزاو ئیجرائاتی لەگەڵدا نییە، کەبێگومان لەیاسادا نابێ تەنها بڕیارو ئیمتیاز هەبێ، بەڵکو دەبێ ئیجرائاتو سزاشی لەگەڵدا بێ. بەپێی ئەو یاسایە نابێ هیچ رۆژنامەنووسێک بگیرێو هیچ رۆژنامەیەکیش دابخرێت، لەکاتێکدا هەندێ رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی راگەیاندن هەن کەپێویستە دابخرێن، تا نەبنە سەرچاوەی فەوزاو تەشهیرو سوکایەتیکردن بەخەڵکی و روی رۆژنامەگەری کوردیان ناشیرینکردووە. پێمباشە کە بەهۆی ئەو هەموو گرفتانەی سەندیکا هەیەتیو بەهۆی زاڵ نەبوونی بەسەر گرفتەکانداو گوێ نەگرتن وەکو پێویست لێی، کۆنگرەی سەندیکا پێشبخرێت بەر لەوادەی خۆی کە مانگی(١٢ - ٢٠١٠) ئێستا لە ناو ئەنجومەن بۆ چونێکی واهەیە، کەکۆنگرە بخرێتە مانگی ئەیلولی (٢٠١٠)و نەقیبێکی نوێ بۆ

سەندیکاو ئەنجومەنێکی نویێ هەڵبژێدرێتو سەندیکاش رزگار ی بێت لەو قەیرانانەی کەبەدەستیەوە دەناڵێنێت بەهۆی چەند کەسێکەوە لەناو ئەنجومەن. دوابەدوای ئەمەش کاربکەن بۆ تەعدیلکردنی یاسای رۆژنامەگەری تا یاساکە لەئاستی پێویستدابێ. بەراستی سەندیکا پێویستی بە خەڵکانی رۆژنامەنووس و بەتوانا هەیە.

***راڤە: هێشتا سەندیکا نەیتوانیوە مافەکانو لایەنی ماددیو مەعنەوی بۆ رۆژنامەنووسان مسۆگەر بکات، رۆژنامەنووسان لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە دەردەکرێن، رۆژنامەنووس نەخۆش دەکەوێت، پێویستی بەنەشتەرگەریو سەفەری دەرەوە هەیە، نەدەزگاکە، نەسەندیکا، هاوکاری ماددی رۆژنامەنووسان ناکات، یان لەرێگەی حکومەتەوە کارئاسانیان بۆ ناکات؟***

***بازگر:*** نەخێر وانییە، سەندیکا هاوکاری زۆر لەرۆژنامەنووسانی کردووە لەبواری نەخۆشیو سەفەرو خوێندکار، بەڵام راستە وەکو پێویست نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵا قسەکانی تۆم، سەندیکای رۆژنامەنووسان بودجەو نەسریەی باشی لەبەردەستدایە کەدەتوانێ هاوکاری زیاترو زۆتری رۆژنامەنووسان بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی دەسەڵاتەکان لەدەست نەقیب دایە، بۆیە پێویستە ئەو پرسیارە لەو بکەن کەبەقەناعەتی من دەکرا شەش مانگ جارێک (٢٠) رۆژنامەنووس لەکەناڵە جیاجیاکانی کوردستان بنێردێنە دەرەوە بۆ خولو ۆرک شۆپو رۆژنامەنووسانی کوردستان تا شارەزا و سودمەندبن. گەر بوترێ پارەی زۆری دەوێ، بێگومان راست نییە. سەفەرێکی (٢٠) رۆژنامەنووس بۆ وڵاتێکی دەرەوە، هەر بەقەدەر پارەی ئەو خەڵکانەی تێدەچێت کە بەناوی رۆژنامەنووسی لە ئەوروپاوە بانگدەکرێن بۆ کوردستانو پارەیەکی باشیان بۆ خەرجدەکرێت، یان سەندیکا دەیتوانی بەئاسانی ڤیزا وەربگرێ بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەو خەرجیەکانیش سەندیکاو دەزگاکە بیانگرتایە ئەستۆ، بۆیە رۆژنامەنووسان زۆرجار رەخنە دەگرن کەسەفەرو خولو چوونە دەرەوە تەنها بۆ نەقیبو ئەنجومەنە، کەپێموایە هەقیانە بچنە دەرەوەو سەندیکایش ڤیزایان بۆ وەرگرێو هاوکاری مادییان بکات، سەندیکا زۆر خەرجی زیادەی هەیە، کەدەیتوانی بیانخاتە خزمەت ئەو رۆژنامەنووسانەوە. بۆنموونە سەندیکا گۆڤارێکی عەرەبی هەیە بەناوی (الیحفی) کە مانگانە هەر ژمارەیەک لانی کەم (٥،٠٠٠،٠٠٠ - ٧،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینار خەرجیەتی، بەڵام شوێنی هیچ ناگرێ و کەس نایخوێنێتەوە، باشە لەساڵێکدا (٨٤) ملیۆن دینار لەسەندیکا بەهەدەر دەچێت کەدەکاتە نزیکەی (٦٠٠٠٠) دۆلار. بێگومانم بەو پارەیە لەساڵێکدا (٥٠) رۆژنامەنووس دەتوانن پێی بچنە دەرەوە و بەشداری خولێکی باش بکەن. لە کاتێکدا چەندینجاریش داوای داخستنیمان کردووە، بەڵام گوێمان لێنەگیراوە. بۆ راستی قسەکانی من دەتوانی لە رۆژنامەنووسان بپرسی، ئاخۆ کەس ئەو گۆڤارە دەناسێ و کەس دەیخوێنێتەوە. بۆ زانیاری زیاتریش سەندیکا

جگەلەم گۆڤارە، گۆڤارێکی تریشی هەیە بەناوی (رۆژنامەنووسی) کوردی ئیتر چ پێویست دەکات گۆڤارێکی تری هەبێتو سودیشی نەبێت. هیوادارم پاش کۆنگرەی سێهەم سەندیکا بتوانێ چالاکتربێت و بەروحێکی ترەوە کاربکاتو نەقیبێکی گەنجی هەبێت کەبتوانێ لەنزیکەوە گوێ لەئازارەکانی رۆژنامەنووسان بگرێتو مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکات.

***راڤە: هێشتا ئیزدواجییەتێک هەیە لەجێبەجێکردنی یاسای رۆژنامەنووسی لەکوردستان، هەندێک دەزگای پۆلیسو دادگا هێشتا پابەندی یاساکە نین، رۆژنامەنووس هەیە لەسەر کەیسێکی بچووک ماوەی (٥) ساڵە بەدەست پۆلیسو دادگاوە هاتوچۆیەتی؟***

**بازگر:** ئەوەش راستە، بەڵام لەبیرت نەچێت، خەتای رۆژنامەنووسانیشی تێدایە، زۆرجار رۆژنامەنووسەکە لەدادگا ئامادە نابێت، بەڵام بەهەرحاڵ هێشتا دادگاکان کارەکانیان لەگەڵ کەیسی رۆژنامەنووسان وەکو پێویست نییە، بۆیە دەبێ جەنابی کاک مەسعود بارزانی کەخۆی یاساکەی ئیمزاکردووە دادگاکان راسپێرێ کە کار بەو یاسایە بکەن.

***راڤە: ماوە ماوە لەشاروشارۆچکەکان گروپی رۆژنامەنووسی سەربەخۆ رادەگەیەنرێت، ئایا ئەمە دەلالەت لەوە ناکات کەسەندیکا نەبووەتە نوێنەری راستەقینەی رۆژنامەنووسان، هێندەی کەلەدەسەڵاتەوە نزیکە هێندە لەرۆژنامەنووسانەوە نزیک نییە؟***

**بازگر:** ئەم دیاردەیە کارێکی ئاساییە، هەرچەندە هەندێکجار هەندێک لەبرادەران لەئەنجومەن بەم کارە نیگەرانن، بەڵام کە باس لەئازادی راگەیاندنو بەیان دەکرێت، نابێ رێگا لە کەس بگیرێ کەسەندیکاو رێکخراوی تر دروست بکات، بێگومان ئێمە ناکرێت دیعایەی ئەوە بکەین، کەنوێنەرایەتی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین، نەخێر، زۆر رۆژنامەنووسی چالاک هەن هێشتا بەزۆر هۆ ئەندامی ئێمە نین، کەهیوادارم لەکۆنگرەی سێهەم بێنە ناو سەندیکاوە تا بتوانن سەندیکایەکی جیاوازتر دروستبکەین و زیاتر لەخزمەت رۆژنامەنووساندا بێت، بەڵام بەرێزت دڵنیا دەکەمەوە سەندیکا وەکو ئەوەی تۆ دەیڵێیت لەدەسەڵاتەوە نزیک نییە، بەڵام دژی دەسەڵاتیش نییەو رەخنەی لەدەسەڵات هەیە، بەڵام رەنگە هەندێ شەخس هەبن لەسەندیکا ئەمەیان بۆ خۆیان ئیستغلال کردبێ، بۆ نموونە لە ناو لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی زۆرشت بەسەر مندا فەرز دەکرێت.

***ڕاڤە: ڕاپۆرتی شەش مانگیتان سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی بەرامبەر بەرۆژنامەنووسان، لەلایەن دەسەڵاتەوە بەهەند وەرناگیرێتو بەدواداچوونی بۆ ناکرێت، بۆچی نەتانتوانیوە فشار دروستبکەن؟***

***بازگر:*** **خەتای خۆمانە (ئەنجومەنی سەندیکا) ئەوەشت لەبیرنەچێت لیژنەی داکۆکی ئازادی رۆژنامەنووسو مافی رۆژنامەنووسان ئێستا لەسەندیکا چالاکترین لیژنەو کاری سەندیکایە، هەندێکجار دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایش، زۆر بەجدی بەدەنگیانەوە دێن، بۆنموونە لەسلێمانی بەڕێز حاکم قادر لەئاسایشی گشتی سلێمانی و بەڕێز وەستا حەسەن لەئاسایشی سلێمانی، وەزیری ناوخۆ زۆر باش هاوکارمانن، کاتێک لێژنەکەمان کێشەیەکی دەبێ هاوکارمانن. بەڵام دواجار بڕیارماندا ئەمجار راپۆرتەکە بنێردرێت بۆ جەنابی کاک مەسعود بۆئەوەی هەڵوێستی خۆی هەبێ بەرامبەر پێشێلکاریەکانو چاوەڕێی وەڵامی ئەوین. زۆرجاریش دەمانەوێت شێوازی تر بگرینەبەر، بەڵام نەقیبی رۆژنامەنووسان رێگربووە، بۆ نموونە باسی ئەوەمان کردووە، دەکرێت رۆژنامەنووسان بۆ مافەکانی خۆیان خۆنیشاندانی مەدەنی سازبکەن بۆ بەردەم حکومەتو پەرلەمان، بەڵام نەقیب ئەمەی بۆ نەزەریەی موئامەرە گەراندۆتەوە و دەڵێ لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە پێم راگەیاندراوە کە ئەنوەر حسێن لە رادیۆی نەوا وتویەتی پشتیوانی لە خۆنیشاندانی رۆژنامەنووسان دەکەین. ئایە ئەمە خراپە؟ ئایا دەبێ بە هەمان چەمکی موزاهەرەی بەعس لێک بدرێتەوە، بێگومان ئەمە هەڵەیە. چونکە لای ئەو هێشتا خۆنیشاندان چەمکی سەردەمی بەعسی هەیە، یان پێیوایە نابێ شتێک بکەین کەحکومەت پێی ناخۆشە، لەکاتێکدا حکومەت خۆی مافی خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی بەرۆژنامەنووسان داوە، بەڵام نەقیب ئەم مافەیان لێدەسێنێتەوە.**

**ئەم دیمانەیە لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری راڤەدا بڵاو بووەتەوە**

**فەرەیدون بێوار**

**٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٠**

## ئەنتی فەندەمێنتاڵ و داعش و ماسککراوەکانیان...؟!

***لە بارەی پرسیارێکی گرنگەوە کە دەکرێت، "ئایا یەکێتی شەڕی داعش دەکات؟"***

**ئەگەرچی بۆ تێگەیشتن لە باکگراوندی مێژووی ئەم کێشەیە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ رابردوو چ لە دوور چ لە نزیک. چونکە داعش و بزووتنەوە ئیسلامییە رادیکاڵەکان و گروپە فەندەمێنتاڵەکان چەندە لە بەرەکانی شەڕ، سەربازیانە روبەڕوویان بیتەوە، ئەوەندەش پێویستە کە لە رووی میدیایی و مەعریفییەوە مەترسییەکانی ئەم رەوت و گروپانە بخرێتە روو.**

**ئێستا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، کام هێز لە کوردستاندا لە سەرەتاوە تا راپەڕین، لەوکاتەوە تا ئێستا، لە سەردەمی کرانەوەی میدیا، بەقەدەر (ی.ن.ک) هەڵوێست و بیروبۆچوون و راگەیاندن و مەسج و پەیامەکانی روون بووە، کە هەمیشە ئەوەی بە کۆمەڵگە وتووە، کە ئەم گروپانە مایەی هەڕەشەو مەترسین، لەسەر ئازادی و دیموکراسی، لەسەر مەسەلەی ژنان و ئازادییە شەخسییەکان، مەترسین لەسەر بزووتنەوەی فێمێنیزم و هیومانیزم، لەسەر ئازادی عەقیدەو بەیان.**

**کەم هێز هەیە، لە ستراتیژیدا، لە ئەجێنداو بیرکردنەوەی سەرکردایەتییەکەیدا بە عەمەلی و بە فعلی لە میدیاو بۆچوونەکانیدا بەقەدەر یەکێتی بەجددی کاری لەسەر روونکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم گروپە تیرۆریستییانەو فەندەمێنتاڵانە کردبێت...؟!**

**کام هێز هێندەی یەکێتی لە رۆشنکردنەوەی ئەوەی کە ئەم هێزانە نەک هەر مەترسین بۆ کۆمەڵگا، بەڵکو مەترسین لەسەر ئازادییە شەخسییەکان و ئازادی راگەیاندنی عەقیدەو بەیان، بە ئاشکرا بڵێت، تیرۆرو گروپە تیرۆریستییەکان و تیرۆریزم، دەرهاویشتەی توندڕەوی و فەندەمێنتاڵیزم و گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانە.**

**خۆ رەنگە ئەگەر ئەو هەوڵانەی یەکێتی، بەشێک لە نووسەران و رووناکبیران و ئازادیخوازان و بەشێک لە**

کۆمۆنیستەکان نەبووایە، بارودۆخی کوردستان بەدەست ئەم گروپانەوە لە ئێستا خراپتر دەبوو و سیناریۆکانی نەجاتی جەزائیر، تاڵیبان لە ئەفغانستان، شەباب لە سۆماڵ، بۆکۆحەرام لە نەیجیریا، لە کوردستان دووبارە دەبوونەوە، بەوپێیەی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی ئەم بزووتنەوانە لەئارادایە، بەڵام زۆرجار هێزی پێشڕەو خەڵکی هۆشیارو دەستەیەک لە نوخبەو بژاردە دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە پاشەکشەی ئەم بزووتنەوانە، هەروەک ئەوەی لە کوردستاندا روویداوە، ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە نییە، مەترسی نەبوون لە رابردوو یان نابن لە داهاتوو، بەڵام چونکە چەند هێزی ئیسلامی رادیکاڵ هەبوو لە کوردستان کە لەسەر دەستی یەکێتی و چەند هێزی ترو نوخبەیەک پاشەکشەی گەورەیان پێکراوەو کۆمەڵگەی کوردستان لە هاوشێوە بوونی سۆماڵ و نەیجیریا رزگاری بوو، خۆ ئەگەر بە توندی بەر بەولێشاوە نەگیرایە کە ئەم گروپانە دەستیاندایە، ئێستا بارودۆخەکە لەوە خراپتر دەبوو...

بۆ باشتر تێگەیشتن لە مەترسییەکانی ئەم گروپانە، ئایا جگە لەوان، کەسێک هەیە لەپشت کوشتنی عبدالخالق معروف، فەرهاد فەرەج، یان فتواکانی کوشتن لە دژی شێرکۆ بێکەس، ناسک ئەحمەد، فەرهاد پیرباڵ و چەندینجار هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا بەختیار..؟!

بۆچیش...؟ تەنها ئەوەی کە ئەم نووسەرانە، دژی ئەو ترادسیۆنە باوانە قسەیان دەکرد، کە دەیانویست رێگەی نەجات نیشانی ئینسانەکان بدەن، کۆمەڵگەو تاکەکان هۆشیاربکەنەوە کە ئەم بیروباوەڕە دۆگماو سوننەتیانە، کارو بەرهەمی ئەم هێزو گروپە فەندەمێنتاڵ و رادیکاڵانەیە کە دەیانەوێت بەسەر کۆمەڵگەیدا بسەپێنن، بە ناوی دین و مقدسات و عەقیدەو بیروباوەڕەوە...

لەمبارەیەوە، زۆر حزب و گروپی سیاسی لە کوردستاندا هەن کە هەموو مێژوو، ئەدەبیاتیان هەڵدەیتەوە، دوو هەڵوێست و موقفی جددی نابینیت، بەرامبەر ئەم هێزە رادیکاڵانە، لە ئاستی میدیاو کۆڕو کۆبوونەوەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە رۆڵی چالاک و فەعالیان نەبووە.

کەواتا رۆشنە، کە ئێستا کێشەو قەیرانەکە بە تەنها بە شەڕ یەکلایی نابێتەوە لەگەڵ گروپێکی وەکو داعش، بەڵکو مێژوو و باکگراوندی بەگژداچوونەوەی ئەم هێزانە یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان، کە دەبوو هەموو ئەو

هێزانەی کە خۆیان بە نوێنەرو پێشەنگی کۆمەڵگە دەزانن، کاریان لەسەر بکردایە، بەڵام بەداخەوە لە رابردوودا بەشێکی زۆری ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆی یەکێتی و بەشێک لە رووناکبیران و کۆمۆنیستەکان.

دەکرێت ئەم هێزانە لە خۆیان بپرسن، فەرهاد فەرەج و عبدالخالق معروف-یان لەسەر چی تیرۆرو شەهید کرد؟، ئەگەر بۆیان بلوێت، چەند فەرهاد و مەعروفی تر لە کوردستان تیرۆر دەکەن؟

دەکرێت بزانرێت چەندینجار بۆچی هەوڵی تیرۆرکردنی شێرکۆ بێکەس، مەلا بەختیارو رێبوار ئەحمەدتان دا؟، ئەگەر رەوشەکە لەبار بێت، سەدان فتوای تری وا دەدەن...؟

بۆچی ئامادە نەبوون، ئەمانە وەکو ئینسانێک قبوڵبکەن کە خاوەنی بیروبۆچوونی خۆیانن و ئەگەر مخالفی ئێوەشن، دیالۆگ بکەن، نەک تیرۆر، بەڵام روونە کە ئەمانە تەنها زمانی کوشتن و تیرۆر تێدەگەن.

بە باوەڕی من، بەراورد بە رابردوو، دەیەی هەشتاکان و تەنانەت نەوەدەکانیش رەوتی چەپ و بزووتنەوەی ئەنتی فەندەمێنتاڵ بەهێزترو کاریگەرتر بوو تائێستا، کە بەهۆی چەندین فاکتەر، زۆر هێزو لایەن و تەنانەت هەندێک لە رووناکبیرانیش، خۆیان لەم کارە نەدا، یان پاشەکشەیان کردووە.

بێگومان کاتێک هێزە ئەنتی فەندەمێنتاڵ و رادیکاڵەکان پاشەکشە دەکەن، ئەم گروپانە باشتر خۆیان دەخرێنە کۆمەڵگەوە، لە نموونەی داعش و هاوشێوەکانیان و دەبنە مایەی نەگبەتی وماڵوێرانی بەسەر کۆمەڵگەوە، بۆیە دەبێت ئەم هێزە ئەنتی رادیکاڵانە لە رابردوو، جەسورانەتر بێنە مەیدان بۆ روبەڕوبوونەوەی مەترسی و خەفەقانێک کە دەیانەوێت بە بەر کۆمەڵگەیدا بکەن و رەنگە کاتەکەش گونجاو بێت لەسەروبەندی هاتنەکایەی رەوشێکی نائارام و نائینسانی کە داعش وەکو کۆپی ئەم گروپانە، لە موسڵ و چەند شوێنێکی تر خوڵقاندویەتی.

داعش و نزیکەکانیان، داعش و لەیەکچووەکانی داعش، داعش و هەندێک لە هێزە فەندەمێنتاڵە ماسککراوەکانی وەک داعش، ئەگەر ئێستا وەکو داعش رەفتار ناکەن ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە باوەڕیان بەو کارانە نییە، بەڵکو لەگەڵ هەنگاوێکی داعشدا بزە دەیانگرێت و بست بست باڵا دەکەن، بەڵام ئەوەی کە نایکەن بۆیان ناکرێت.

ئەگەرنا، چەندین لەم گروپانەو ڕێبەرانیان، تەفسیرو تەئویلی نامەنتیقی، نائینسانی بۆ دێڕە شیعرێک، یان نۆڤلێت و ڕۆمانێک دەکەن؟ هەزاران وشەی فەسادو بێ ئەخلاقی و بێ دینی دەخەنە پاڵ تابلۆیەک! و فتوای کوشتنی سەدان ژن دەدەن لەسەر پۆشینی جلەبەرگ و مۆدێل و ئارەزووەکانیان، هاوکات بۆیان بلوێت وەکو پێشتر، هەموو دووکانەکانی مەی فرۆشی و شوێنە گەشتوگوزارییەکانی تایبەت بە گەنجان و لاوان تەفروتونا دەکەن.

ئێستا دیارە، ئەو هێزەی کە لە ڕابردوودا بە ڕەسمی و عەلەنی، بە واقیعی یان میدیایی وەڵامیان نەدراوەتەوەو بەریان پێنەگیراوە، ئێستاش ئاسان نییە ڕووبەڕووبوونەوەیان، بۆیە ئەم هێزانە چەندە خۆیان مەترسین و ئەو هێزانەش کە لە ڕابردوودا هەڵوێستەو بۆچوونی ڕۆشنیان نەبوو، بۆیە بەگژداچوونەوەی ئەم گروپانە لە ئێستاو داهاتووش بەرپرسن، بۆیە ئەرکی هەموو هێزە مەدەنی و سیکۆیلارو چەپەکان و ڕۆشنبیرانە، کە لەمەودووا باشتر لە ڕابردوو لە مەترسی ئەم هێزانە تێبگەن و ڕووبەڕوویان ببنەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٤

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هەموو ئەو راپەڕینانە لەکاتی گونجاوی خۆیان دا دەستیان پێکردوە

***پرسیار:*** *ئەگەر قەرار بێت هەر دە ساڵێک جارێک رووداوگەلێکی سیاسی گرنگ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست روو بدات. ئایا دەتوانین رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەو رووداوگەلە حساب بکەین؟ کە دەتوانێت دەور و نەقشی جدی هەبێت لەسەر سیستمی سیاسی جیهانی و پێی بوترێت ئاڵوگۆڕ بە قازانجی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست؟*

***وەڵام:*** ئەگەر باش سەرنج بدەین دەبینین کە هەر چەند دەکرێ بڵێین هەر دەساڵ رووداوێکی گرنگ لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست رووی داوە، بەڵام زۆربەیان تەنیا لە چوارچێوەی یەک وڵات دا بەرتەسک بوونەوە و هیچ کامێکیشیان سەرانسەری ناوچەکەی نەگرتۆتەوە. بە ئاسانی دەتوانین بڵێین ئەوەی ئێستا ناوی بەهاری عەرەبی لەسەر دانراوە، لە زۆربەی رووداوەکانی پێش خۆی زۆرتری پەلوپۆ هاویشتوە و وڵاتانێکی زیاتری گرتۆتەوە.

مەسەلێک هەیە دەڵێ لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانە ئەڵقەیەک لە زنجیری کۆیلەیی و ژێردەستی بپسێ هەموو ئازادیخوازانی جیهان قازانجی لێ دەکەن. لێرەش دا ئەگەر بەومانایە سەیری رووداوەکان بکەین رەنگە بتوانین حوکمێکی وا بدەین. ئەگینا پێم وایە ئەم رووداوانە بە هیچ جۆرێک ناتوانن ئاڵوگۆڕ لە سیستمی جیهانی دا پێک بێنن، بەڵام گومانم نیە ئەگەر ئەم رەوتە هەروا بەرەوپێش بڕوات و بەئاکامی دڵخوازی خۆی بگا ئاڵوگۆڕێکی گرنگی بە قازانجی گەلانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لێ دەکەوێتەوە. چونکە بەشێک لەوگەلانە لە داوی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی رزگار دەبن و هیوا بە رزگاری لەلای ئەوانی دیکەش بەهێز دەکا.

***پرسیار:*** *زۆر لە چاودێران پێیان وایە ئەم ئاڵوگۆڕانە بە ئەجێندای ئەمریکاو خۆرئاوایی دەستیان پێکردووە و هەندێکیش پێیان وایە نەخێر خۆرسک بوون و دەرئەنجامی دیکتاتۆریەت و بێمافیەکانی خەڵک بوون، دواجار خەڵکی قسەی دڵی خۆیان کردووە؟*

**وەڵام:** بە باوەڕی من غەدرێکی گەورەیە کە ئێمەش هاودەنگ لەگەڵ حکوومەتە دیکتاتۆرەکان ئەو بزووتنەوە رەسەن و گەلی یانە بە دەسکرد و ئاکامی دنەدانی ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا دابنێین. پێموایە هەمووی ئەو راپەڕینانە لە قووڵایی کۆمەڵی ئەو وڵاتانەوە سەریان هەڵداوە و ئەگەر لایەنێک دەستی لە پەیدابوون و پەرەگرتنیان دا هەبێ تەنیا رێژیمە دیکتاتۆرەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدان کە بە زەبروزەنگی دەیان ساڵەیان خەڵکەکەیان وەزاڵە هێناوە تا سەرەنجام لێیان راپەڕیون.

شتێکی ئاشکرایە کە دەسەڵاتە مەزن و بڕیاربەدەستەکان هەموو کاتێک بە وردی بەدوای ئەوجۆرە رووداوانەدا دەچن و هەوڵ دەدەن رەوتەکە بەجۆرێک بڕواتە پێش کە زەبر لە قازانجەکانی وان نەدا. تەنانەت هێندێ جار رێ دەکەوێ جۆرێکیش لە هاوکاری لە نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازیی وڵاتێک و یەک یان چەند دەوڵەتێکی بێگانەش دا دێتە ئاراوە، وەک ئەوەی هەرئێستا لە وڵاتی لیبیادا بەچاوی خۆمان دەی بینین. بەڵام هیچکام لەمانە بەتایبەتی ئەگەر هاوکاری یەکە بەپێی بڕیار و پەسندی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێ، لە رەسەنایەتی و قەدروڕێزی بزووتنەوە رزگاریخوازی یەکە کەم ناکەنەوە.

***پرسیار:** لەناو ئەو هاوکێشە سیاسیانەی سەرەوە پرسیاری گرنگ بۆ من ئەوەیە. ئایا پێتان وایە ئەو رووداوانە لە کات و ساتی مێژوویی خۆیاندا روویان داوە؟ پێتان وایە ئاکامەکانی ئەم شۆڕشانە دەتوانێ مافی زەوتکراوی خەڵک و کەمینەو ژێردەستەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوە؟*

**وەڵام:** بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکە باوەڕم وایە کە نارەزایەتیی خەڵکی ئەو وڵاتانە لە حکوومەتە سەرەڕۆکانیان لەمێژە سەری هەڵداوە، بەڵام خەڵکەکە تا ئەم دوایی یانە زەمینەی هاتنەمەیدان و راپەڕینیان بۆ نەڕەخساوە. کاتێکیش زەمینەی بزووتنەوەیەک رەخسا هیچ رەوا نیە راپەڕینێک وەدوا بخرێ و دەرفەتێک لە کیس بدرێ. بەوپێیە باوەڕم وایە هەموو ئەو راپەڕینانە لەکاتی گونجاوی خۆیاندا دەست پێکراون.

بەشی دووەمی ئەو پرسیارە پرسیارێکی زۆر بەجێیەو لەراستی دا پرسی هەرە گرنگی هەر شۆڕش و راپەڕینێکیش هەر ئەوەیە. ئەزموونی زۆر وڵاتی دنیا دەری خستوە کە رووخاندنی دیکتاتۆری زۆر ئاسانترە لە بنیاتنانی دیموکراسی. کەوایە مەسەلەکە بەستراوەتەوە بەوە کە ئەوانەی راپەڕینێک وەڕێ دەخەن و بەسەرکەوتنی دەگەیەنن ئەوەندە وشیاری و یەکریزی یان لە نێودا هەیە کە دەسکەوتەکانیان بپارێزن، یان هەروەک راپەڕینی پڕشکۆی

ساڵی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران لەنیوەی ڕێگادا قۆڵبڕێکیان لێ پەیدا دەبێ شۆڕشەکەیان بەلاڕێ دا بەرێ و دەسکەوتەکانیان زەوت بکا.

***پرسیار: پرسیارێکی تر هەر لەم بارەیەوە ئەوەیە، ئایا دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین، پرۆسێسی دیموکراسی ببێتە ئەڵتەرناتیڤی سیستمە سیاسیە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکانی جیهانی عەرەبی؟***

*وەڵام:* ئەگەرچی لە هێندێکی ئەو وڵاتانەدا راپەڕین هەم بۆ نان بوو هەم بۆ دیموکراسی، بەڵام سروشتی زاڵ بەسەر هەموویان دا دیموکراسیخوازی بوو. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی تائێستا راپەڕینیان تێدا وەڕێ کەوتوە لە جیاتی پادشایەتیی میراتی، سەرکۆماریی میراتی حکوومەتی کردوە و راپەڕینی خەڵک بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریی دەیان ساڵەی فەرمانڕەوا سەرەڕۆیەکان بەرپا بووە. بەوحاڵە، سەرباری پەلەقاژەی دیکتاتۆرە کۆنەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان، لەبەرئەوەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زەوی یەکی بەپیتە بۆ پێگەیاندنی دیکتاتۆرەکان، مەترسیی ئەوە هەر هەیە کە دیکتاتۆری لە سیمایەکی نوێتردا سەر هەڵبداتەوە. دەگەڵ ئەوەش دا، ئەمن وابیر ناکەمەوە کە دیکتاتۆری بەشێوەی رابردوو دەرەتانی سەرهەڵدانەوەی هەبێ. چونکە لەجێدا ئەو جۆرە حکوومەتانە دەورانیان بەسەر چووە.

***پرسیار: دوو بۆچوون هەیە، سەبارەت بەوەی ئەگەری یەکەم ئەوەیە، رەنگە چارەنووسی شۆڕشەکانی خەڵک بکەوێتە دەست هێزە ئیسلامیەکان و بزووتنەوەی فەندەمێنتالیزم؟ ئەگەری دووەمیش دەڵێت، نەخێر ئیسلامیەکان یەکێک دەبن لە دەستنیشانکردنی چارەنووس و شۆڕش و رووداوەکان؟***

*وەڵام:* کەس ناتوانێ نکووڵی لەوە بکا کە ئیسلام وەک دینی زۆربەی زۆری دانیشتووانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی لە چەند مانگی رابردوودا راپەڕینیان بەخۆیانەوە دیوە، جێگە و پێگەیەکی بەهێزی هەیە. هەروەها حاشا لەوەش ناکرێ کە حیزب و رێکخراوە ئیسلامی یەکان لەو وڵاتانەدا لە بەهێزترین و رێکخراوترین هێزە سیاسی یەکانن. بەوحاڵە ئەمن وای نابینم کە ئیسلامی سیاسی پاش رووخانی دیکتاتۆری یەکان لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست. ئەزموونی میسر لەوبارەیەوە بە نموونە دێنمەوە. پێم وایە هەمووان قبووڵیانە کە لەکاتی راپەڕین بەدژی دەسەڵاتی حوسنی موبارەک دا ئیخوانولموسلیمین بەهێزترین رێکخراوی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بوون. کەچی نەک هەر هەوڵیان نەدا دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسی دا بگرن

بەڵکوو بە راشکاوی گوتیان ئێمە رێژیمی ئێران وەک ئۆلگوو تەماشا ناکەین و نامانەوێ حکوومەتێکی ئیدئۆلۆژیکی دامەزرێنین. بەباوەڕی من ئەمە لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەوان حەز نەکەن دەسەڵاتێکی ئیسلامی دامەزرێنن. بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە واقیعبینانە دەیان زانی سیستمێکی ئیسلامی بە مانا تایبەتی یەکەی ئەگەر داش بمەزرێ شانسی خۆڕاگرتنی نیە، یان بەجۆرێکی دیکەی بڵێین ڕێگەی مانەوەی پێ نادرێ.

کەوایە زیاتر ئەوە ڕێی تێ دەچێ کە لە ئایەندەی دوای رووخانی دیکتاتۆرەکان دا ئیسلام و ئیسلامی یەکان وەک فاکتەرێکی کاریگەر لەو وڵاتانەدا دەرکەون و مۆرکی خۆیان لە سیستمی دەسەڵات و قانوون و پەسندکراوەکانیان بدەن هەروەک لە عیراقی پاش رووخانی بەعس دا دیومانەو دەی بینین.

**پرسیار**: *رۆڵی چەپەکان و لیبراڵەکان لەناو ئەم شۆڕش و ئاڵوگۆڕانەدا زۆر باش نابینرێت. ئەمە مانای پاشەکشەی بزوتنەوەی چەپ و مارکسیستەکان نییە، یان پەیوەستە بە ترادیسیۆن و پەیوەنییە کۆمەڵایەتیەکانی جیهان و کلتوری عەرەب؟*

***وەڵام***: وا بزانم تا ئێرە لیبراڵەکان وەک کۆمەڵ و حیزب و رێکخراو لە هیچکام لەم وڵاتانەدا بوونێکی بەرچاویان نیە و مادام رێکخراویش نین چاوەڕوانیی شوێندانان و رۆڵگێڕانیان لێ ناکرێ. هێزە چەپەکانیش بە تایبەتی حزبە کۆمۆنیستەکان لە مێژە لە حاڵی پاشەکشەدان و وەک هێزێکی شوێن دانەر لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا حیسابیان لەسەر ناکرێ. دیارە پێوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان و کولتووری عەرەبییش کاریگەریی خۆی هەیە. بەو حاڵەش وا تێدەگەم چەپەکان، بە تایبەتی چەپی دیموکرات دیسان دەتوانن لە ئایندەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دا وەک فاکتەرێک مەترەح بن و حیسابیان لەسەر بکرێ.

**پرسیار**: *ئەم شۆڕش و راپەڕینانەی کە سەرەتاکەی وڵاتی تونسە و میسرو لیبیایە کۆتاییەکەی کوێیە؟*

***وەڵام***: پیاو هەر دەبێ غەیبزان بێ هەتا بتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. ئەگەر بە دڵخواز و ئارەزوو بێ هەموومان حەز دەکەین ئەم وشترە لەبەر دەرکی هەموو دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت هەموو جیهان بخەوێ و ئەو دنیایە ببینین کە لە مێژە خەونی پێوە دەبینین. بەڵام راستی یەکەی ئەوەیە کە ئەمە تەنیا ئارەزوویە و هیچ روون نیە هەتا کوێ و هەتا چەندە برِ دەکا. نابێ لەخۆمان بگۆڕین کە راپەڕینی دژی دیکتاتۆری

لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکانی هێشتا ڕێگایەکی دوورودرێژی لەپێشە بۆ ئەوەی بگاتە قۆناخی مەبەست.

***پرسیار: کورد وەکو یەکێک لە نەتەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. چۆن دەکرێت سوود لەم ئاڵوگۆڕانە وەربگرێ، چارەنووسی داهاتووی کورد دوای ئەم ڕووداوانە چی و چۆن دەبێت؟ و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لێدەکرێت؟***

***وەڵام:*** یەکێک لە گەورەترین کۆسپەکانی سەر ڕێگای رزگاریی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە کورد و نیشتمانەکەی لەنێو چەند وڵات دا دابەش کراون و لەئاکام دا پێمان خۆش بێ یان ناخۆش مەسەلەی کوردیش بەکردەوە دابەش بووە و بۆتە چوار مەسەلە. لەو حاڵەدا وەڵامدانەوە بەو پرسیارە کارێکی دژوارە. ئێستا ئەگەر کورد هەمووی لەیەک وڵات یان بڵێین لە یەکێک لەم وڵاتانەدا ژیابایە دەکرا لەو بارەیەوە بیروڕایەک دەربڕین. بەڵام وەک دەزانین تەنیا وڵات لەوانەی ڕاپەڕینیان تێدا بەرپا بووەو کوردیان لێ دەژی سووریەیە. بەداخەوە ڕێژەی کورد لەنێو حەشیمەتی سووریەدا بەڕادەیەک نیە کە بتوانێ شوێنێکی بەرچاو لەسەر رەوتی رووداوەکان دابنێ و وەک فاکتەرێکی چارەنووسساز حیسابی بۆ بکرێ. دەگەڵ هەمووی ئەمانەش دا باوەڕم وایە هەر ئاڵوگۆڕێک بەرەو کرانەوە و دیموکراسی لە هەر وڵاتێکی کوردنشین دا روو بدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بارودۆخی کوردیش دادەنێ. بۆیە هیوادارم حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانی یەکانی کورد لە سووریە لەم هەلومەرجەدا یەکڕیز و یەک هەڵوێست بێنە مەیدان و جێ پەنجەی خۆیان لەسەر رووداوەکان دابنێن و بە هاوکاری دەگەڵ هێزە نیشتمانی یەکانی سەرانسەری سووریە لە ڕێگای دامەزراندان و سەقامگیرکردنی سیستمێک دا هەنگاو هەڵێننەوە کە مافە ڕەواکانی هەمووان و یەک لەوان کوردەکان مسۆگەر بکا.

ئارەزوو دەکەم بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە ئێران و تورکیەش بەڕادەیەک پەرە بگرێ و پێش بکەوێ کە کوردی ئەو دوو بەشە گرنگەش بە یاری کردنی رۆڵێکی کاریگەر بتوانن بەرەو وەدیهێنانی مافە رەواکانیان هەنگاو هەڵێننەوە. بەخۆشی یەوە کورد لە عیراق بۆخۆی بەشێکە لە دەسەڵات و سەرەڕای هەموو کۆسپەکانی سەر ڕێگا بەرەو دابین کردنی هەموو ماف و ئازادی یەکانی دەچێتە پێش.

***پرسیار**: کوردستانی نوێ تاکە رۆژنامەی کوردییە. کە بە گرنگییەوە ستاف و پاشکۆیەکی بۆ ئەم شۆڕش و راپەڕینانە کردووەتەوە. پێت وایە ئەم هەوڵە چۆن دەکرێت خوێنەری کورد سوودی لێوەربگرێت؟*

**وەڵام**: ئەو کارەی کوردستانی نوێ دەستی داوەتێ کارێکی پیرۆزە و دەتوانێ خوێنەری کورد دەگەڵ زۆر بواری پێوەندیدار بە (بەهاری عەرەب) و بیروبۆچوونی خەڵکی جۆراوجۆر لەوبارەیەوە ئاشنا بکا. بەڵام بۆ ئەوەی هەوڵەکە سوودی زیاتری لێ وەرگیرێ وا بە باش دەزانم هەوڵ بدا کەسانێک بدوێنێ کە بەشێکن لە رووداوەکان یان هەرنەبێ لە نزیکەوە دەگەڵیان لە پێوەندیدان.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١١**

# هەڤاڵ مام جەلال



ئەو سەرکردە و کارێزمایەی کە سەدان موعجیزەی خوڵقاندووە و هەزاران دەستکەوتی بۆ گەلی کورد و هەر چوار پارچەی کوردستان فەراهەمکردووە.

ئەو سەرکردەیەی بێ دوو دڵی هاوپشتی خەباتی ڕۆژهەڵات، باکور و ڕۆژئاوا بووە.

ئەو یەکێک بوو لەو رابەرانەی بە هەموو ماناکانییەوە. دیموکراسی لەناو یەکێتی و کۆمەڵگای کوردستان و عێراق و ناوچەکە پراکتیزە کردوو بیرڕوای پێ بوو. کاری بۆ دەکرد.

مام جەلال، مێژوویەکی جێهێشتووە، هێشتا زۆر خاڵ و پنتی، کەس، پەی پێ نەبردووە، کە لە داهاتوودا دەردەکەوێت چیکردوە و بەنیازبووە چی بکات...؟

مێژووی مام جەلال، هێشتا زۆری بەنهێنی ماوەتەوە، کە چ خزمەتێکی بە کورد و مرۆڤایەتی کردووە، دڵنیام لە ئایندەدا. ئەم مێژووە بە وردی دەنوسرێتەوە.

باشترین خەڵاتیش بۆ مام جەلال، درێژەدانە بە ڕێگاو ڕێباز و مانفێست و بۆچوونەکانی.